ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

پێنجشەممە ١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٥ _ ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦ | ژمارە:٦٨٩ | www.kurdistanukurd.com

## حدک هەواڵی کشانەوەی هێزەکانی لەسەر سنوور ڕەت کردەوە



چەند ڕۆژ لەمەوپێش لە ڕێگەی کاناڵی کوردستان ٢٤وە هەواڵێک بڵاوکرایەوە کە هێزەکانی دێموکرات کە لەسەر سنووری باشوور و ڕۆژهەڵات جێگیر بوون، دەکشێنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ نێو بنکە و بارەگاکانی پێشوو. لەم پێوەندی‌یەدا دوابەدوای ڕەت کردنەوەی ئەم هەواڵە لە لایەن جێگری سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، قادر وریاش ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک لە وتووێژێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی کوردانە ڕایگەیاند کە هەواڵی بڵاوکراوە دەنگۆیە و هیچی ڕاست نیە و هەروەها گوتی: ئەوهەواڵە لە لایەن سەرچاوەیەکی ڕەسمی ڕانەگەیەندراوە و زیاتر دەنگۆیە و تا هەواڵیکی جێ‌باوەر. ...

ل٢

# زمان سەرمایەی ڕەمزیی مرۆڤە

## لە دەرەوەی سنوور بۆ ئەمنیەت و ئاسوودەیی ڕێژیمەکەتان مەگەڕێن

قادر وریا

دوای سالانێکی زۆر دووریی خەڵک و پێشمەرگە، حیزبی دێموکراتی کوردستان و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە، قۆناغێکی نوێ لە تێکەڵاویی خەڵک و پێشمەرگەیان هێنایە کایەوە. ئامادەبوونی پەیتاپەیتای تیمەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قووڵایی ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵات و وەدەستهاتنی پێشمەرگەکان لە کاتی ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ کەمین و هێرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، کە هێندێک جار شەهیدبوونی پێشمەرگە و کوژرانی چەکدارەکانی ئەو ڕێژیمەیان لێ دەکەوتەوە، جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان پتر دەخستە بەر سەرنجی میدیاکان و ناوەندە سیاسی‌یەکان. لە ژێر کاریگەریی ئەم ڕچەشکێنیەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دابووبێ یا هەر فاکتەرێکی دیکە، ئەمسال لایەکەی دیکەی دێموکراتیش، وەرزێکی نوێ لە چالاکیی پێشمەرگەکانی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات دا، وەڕێ خست.

بایەخدانی میدیاکان بە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بۆ نێو خەڵک و چەند تێکهەڵچوونێکی خوێناویی نێوان پێشمەرگەکان و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، هەم ئاستی هەستیاریی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر جموجۆڵی پێشمەرگەکانی دێموکراتی بردە سەر، هەم لە ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی‌یەکانی ئێران و کوردستان‌دا، هێندێک باس و پرسیاری زیاتر لە پێشوو وروژاند. کۆماری ئیسلامی لەسەر زمانی فەرماندەرانی سوپای پاسدارانەوە کەوتە هەڕەشە کردن و بەشێک لەم هەڕەشانەشی بە هۆی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان، خستە واری جێبەجێکردنەوە. ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی‌یەکانیش، سەرنجی خۆیان خستە سەر چەند پرسێکی وەک: کاریگەریی ئەو شێوە خەباتە لەسەر هەلومەرجی سیاسی و ئەمنیەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەری دەستهەبوونی دەوڵەتانی ناوچە و بەتایبەتی عەرەبستانی سەعوودی لە پشت ئەم جۆرە چالاکی‌یانە، بڕشت و کارایی ئەم شێوە خەباتە لە سەردەمی ئێستادا و، داهاتووی پێوەندی‌یەکانی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی لە درێژە و بەردەوامیی ئەو جۆرە چالاکیانە و هتد.

ل٢



«پیەر بۆردیۆ فەیلەسوفی ساختارگەرای فەرانسەیی لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسی‌یەکانی‌دا قورساییەکی زۆر بە زمان وەک سەرمایەیەکی ڕەمزی دەدا وەک پێکهێنەرێکی سەرەکیی هێز لە مەیدانە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا دەیناسێنێ، ئەو پێی وایە کە زمان تەنیا هۆکاری پەیوەندی پێکەوەکردن نیە بەڵکوو بەستێنێکی سیاسیشە بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێکانی هێز و دەسەڵات کە لەوێ‌دا تاکەکان بە دوای بەرژەوەندیی خۆیان‌دا دەگەڕێن. پرسیاری سەرەکی لێرەدا واتای ئاخاوتن و دەربڕین نیە بەڵکوو پرسیار لەسەر ئەوەیە کە ئاخاوتن و دەربڕین چ هێز و قورساییەکیان هەیە، سەرنجی خوێنەر لەسەر ڕەوانبێژی و توانای قسەکردن دەگوازێتەوە بۆ سەرنج لەسەر سەرمایەی ڕەمزی وتەبێژ، کە پێگەی ئەو لە ساختاری کۆمەڵایەتی‌دا دیاری دەکا، واتە زمان لە نێو پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا بیچم دەگرێ نەک وەک ئامرازێک بۆ پێوەندی پێکەوەکردن. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زمان سیمبول یان ڕەمزێکە کە لە ڕێگەی قسەپێکەرەکانیەوە دانی پێدا دەنرێ و لەو ڕێگەیەوە هێز و دەسەڵات بە تاک و گرووپ دەبەخشێ، واتە زمان لە نێوەندی دەسەڵات دایە، ئەوە سەرەرای ئەوەی کە مرۆڤەکان لە ڕێگەی ئەزموونە دەرەکی‌یەکانی خۆیانەوە دنیای دەرەوە هەست پێ‌دەکەن و لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دنیایە دروست دەکەن، ئەزموونە دەرەکی‌یەکان ئەو سەرمایە سیمبولیکیانەن کە هێژمونی بە دەسەڵاتی زمان دەدەن، ئەگەر گرووپێک دەرفەتی وەسەریەکنانی سەرمایەی سیمبولیکی بۆ ڕەخسابێ ئەوا لە زمانیش‌دا هێژمونی هەیە، ئەو سەرمایەیە دەکرێ پلەی بەرزی خوێندن، پێگەی سیاسی و ئابووری بێ کە زمانی قسەکەر دەباتە نێوەندی دەسەڵاتەوە.»

ل٦

## کۆماری ئیسلامی، خوڵقێنەر و هەناردەکەری قەیران

مستەفا شەڵماشی ل٣

## «خود» لە نێوان تاکجەمسەری و فرەڕەهەندی‌دا

سابیر قادری ل٤

## هەڵوێستەیەک لەسەر ناسنامە و شوناسی سیاسیی کورد

عەزیز شێخانی ل٥

## دیاردەی ئەحمەدی‌نژاد

حەسەن شێخانی ل٦

## سێ‌کوچکەیەک بۆ خەبات

ناسر باباخانی ل٧

## پایگاکانی سپای پاسداران لەسەر سنوور زیاد دەکرێن

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە بە «کوردستان و کورد» گەیشتوون بڕیارە پایگاگەلێکی نوێ لە بەرزاییەکانی «سوورێن»ی مەریوان و «تەرگەوەڕی» ورمێ ساز بکرێ.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کاروباری سپای پاسداران کە نەیدەویست ناوی ئاشکرا بێ، سەبارەت بە سازکردنی پایگا نوێیەکان دەڵێ: هەنووکە هێزەکانی تایبەت بە سپا لە حاڵی کۆکردنەوەی زانیاریی زیاتر لە سەر ناوچەکانی هاتوچووی پێشمەرگەدان و بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاری ساز کردنی پایگاگەلێکی نوێیان لە ناوچە سنووری‌یەکانی مەریوان دەرکردوە. سپای پاسداران لە شار و دێهاتەکانی کوردستان و بە تایبەتی لە ناوچە سنووری‌یەکان‌دا کۆڕ و کۆبوونەوەگەلێکی جیاوازی بەڕێوە بردووە و لەو دانیشتنانەدا مامۆستایانی مزگەوتەکانیان ڕاسپاردووە کە دەبێ خەڵک زیاتر هان بدەن بۆ ئەوەی کە یارمەتیی زۆرتری هێزە ئەمنیەتی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی لە بواری زانیاریی و هەرچەشنە هاوکاری‌یەکەوە بن. بانگەشەی خەڵک بۆ هاوکاری زیاتر لەگەڵ سپای پاسداران لە بەرچاوترین کارەکانی ئەوان لە چەند حەوتووی ڕابردوو دایە.

بە پێی ئەم ڕاپۆرتە هێزەکانی سپا لە زۆربەی گوندەکانی سەر سنوور لە حاڵی ئامادەباشی تەواودان. ئەم جموجۆڵانەی سپا بۆ شەڕوتێکهەڵچوونەکانی ئەم دواییانەی حدک و حدکا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە. لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی خەرمانان لە خانێ تێکهەڵچوونێک لە نێوان پێشمەرگەکانی حدکا و سپا ڕووی داوە کە تا ئێستا زانیاریی زیاتر لە سەر کوژراو و بریندارەکان بڵاو نەکراوەتەوە. ڕۆژی پێنجشەممە ١ی خەرمانانیش «نصیرالدین سجادی» لە سیخوڕەکانی سپای پاسداران لە ناوچەی هەورامان کوژرا. هەروەها تێکهەڵچوونەکان لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستانیش وەک بۆکان، ورمێ و خانێ درێژەی هەبووە. شایانی باسە لە تێکهەڵچوونەکانی نێوان سپای پاسداران و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی «ئازاد ئاڵی و ئەمیر نەستانی» لە ناوچەی سەردەشت شەهید کران.

### شێوەجۆ لە وێستگەیەکی دیکەی زەمەن‌دا

تاهیر قاسمی

شێوەجۆ گوندێکە بە قەدپاڵی شیو و دۆڵەکانی ناوچەی کاڵەشینی ڕەبەتەوە. گوندێکی بچوک کە...

ل٧

### ڕیزبەندی‌یە سیاسی‌یەکان و داهاتووی مەسەلەی کورد لە سوریە

خالید حەسەنپوور

بەرلە ڕوودانی کوودتاکەی مانگی ژووئیە/ پووشپەڕی ئەمساڵی تورکیە، نێوانی حکوومەتی...

ل٨

### قەیرانی سوریە لە بازنەی هاوکێشە ناوچەیی و جیهانی‌یەکان‌دا!

ڕەزا محەممەدئەمینی

شەڕ و بۆمبارانی خەڵکی ئاسایی و کاولکاری لە سوریە و بەتایبەت لە گەورەترین شاری ئەو وڵاتە...

ل٩

### یادی گوڵێکی هەڵوەریو

عەلی فەتحی

تەمەنی پتر هەڵکشا. جیا لە قادر، ئەوجار سمایلیش بوو بە دۆستی گیانی بە گیانی ئەو. ...

ل١١

درێژەی

## له دەرەوەی سنوور بۆ ئەمنیەت و ئاسوودەیی ڕێژیمەکەتان مەگەڕێن

وەستان لەسەر هەموو ئەو باس و پرسیارانەی لە سۆنگەی چالاکبوونەوەی پێشمەرگەی دێموکرات لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ کەوتوون، لەم کورتە نووسینەدا، دەست نادا. هەر بۆیە ئەم نووسینە تەنیا لە سەر ڕەهەندێکی باس و بابەتەکان دەوەستێ ئەویش، ڕوانینی لایەنە جۆراوجۆرەکان لەو چالاکیانە لە دەلاقەی ئەمنییەتیەوەیە.

بە درێژایی مێژووی بزووتنەوە نەتەوەیی و ئازادیخوازییەکانی کوردستان، ئەو دەوڵەتانەی لەگەڵ کورد لە شەڕدا بوون، هیچ کات لە تاوانبارکردنی ئەو بزووتنەوانە بە بەستراوەیی بە دەوڵەتانی بێگانە، درێغیان نەکردوە. هیچ کات نەیان ویستوە پرسی کورد، وەک پرسێکی هەڵقووڵاو لە ویستی ئەو نەتەوەیە و سەرچاوە گرتوو لە بندەستی و بێمافی‌یەکانی گەلی کورد، سەیر بکەن و بە مێتۆدی سیاسی و بە ئیرادەی ڕێزلێگرتن و چارەسەری سیاسی، ڕووبەڕووی ببنەوە. ڕێگایان نەداوە هێزە سیاسی‌یەکانی ئەو نەتەوەیە، بە ڕێگای هێمنانە و بە شێوازی قانوونی بێنە پێشەوە. بە حاشا کردن لە بوونی نەتەوەی کورد و بە خۆبواردن لە بە ڕەسمی ناسینی مافە نەتەوەییەکان و بە گرتنەبەری ڕێگای سەرکوت، بە دەستی خۆیان هاندەر و پاڵپێوەنەری هێزی سیاسی‌یەکانی کوردستان بوون بۆ چەک هەڵگرتن و بە شێوازی چەکدارانە بەرگری کردن لە خۆیان و نەتەوەکەیان. زۆر لە ناوەندە سیاسی‌یەکان و کۆڕ و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی دەرەوەی ئەو دەوڵەت و دەسەڵاتانەش، تەنیا لایەنی ئەمنیەتیی تێکۆشان و چالاکیی هێزی سیاسیی بەرهەڵستکار و ئۆپۆزیسیۆن دەبینن و لایەنەکانی دیکەی مەسەلەکە، لە ژێر کاریگەریی ئەم جۆرە ڕوانینە، پشتگوێ دەخەن. بۆ وێنە لە خۆیان ناپرسن هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تێکۆشانی سیاسی‌یان لە نێوخۆی ئێران‌دا لێ قەدەغە کراوە، یا خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان کە بواری ئەوەیان پێ نادرێ نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان بنێرنە مەجلیس و هەر لە جێدا مەجلیسی ئەو وڵاتە و دەستووری کۆماری ئیسلامی، جێگە و مەجالی باسکردن لە پرسی نەتەوەییان نیە، بە چ ڕێگایەک هەوڵی گەیشتن بە داوا و مافە ڕەواکانی خۆیان بدەن؟ تێکۆشەرێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کە ئەندامبوونی لە هەر حیزبێکی کوردی‌دا بەسە بۆ ئەوەی سزای قورس هەتا ئێعدامی بە سەردا جێبەجێ بکرێ، دەکرێ بۆ بەرگری لە خۆی چەکی پێ نەبێ و لە کاتی ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ هێرش و دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی ئەو ڕێژیمە، بەرگریی لە خۆی نەکا؟ داخوا ئەو ڕێژیمە هیچ مەجالێکی دیکەی بۆ هێنانەگۆڕی داخوازەکانی خەڵک و خەباتی هێمنانە لە پێناویان‌دا هێشتووەتەوە کە پێویست نەکا کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبە بەرهەڵستکارەکان، چالاکی و تێکۆشانیان هەبێ؟

بڕیاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەتا ئێستاش، بیر و عەقڵیان لای تاقە یەک «ڕێگاچارە» دەخولێتەوە، ئەویش سەرکوت لە نێوخۆ، میلیتاریزەکردنی هەرچی پتری سنوورەکان و هەڕەشە لە هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی لە نێو خاکی هەرێم دا. بەڵام هیچ کام لەوانە نوێ نین و هەمووشیان چەندین ساڵە تاقی دەکرێنەوە. ئەوە نیە خەڵک هەر کە هەلیان بۆ هەڵکەوتووە، لە هەڵڕشتنی ڕق و تووڕەیی خۆیان بەرامبەر دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە، دەستیان نەپاراستوە؟! خۆ زۆربەی جارانیش چاوەڕوانی ئاماژە و هاندانی حیزبە سیاسی‌یەکانیشیان نەماونەوە. ئەوە نیە سەرەڕای هەموو ئەو گوشار و هەڕەشانەی لە سەریانە، هەر کات جامی سەبریان لێوڕێژ دەبێ، هەڵدەکوتنە سەر بنکە و دامەزراوە دژی گەلی‌یەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران؟

ئەو ڕێگا و شێوازانەی هەتا ئێستا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مێشکی نەخۆش و ناتەواوی بڕیاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی‌دا هاتوون و تاقی کراونەوە، ئەمنیەت و ئاسوودەییان بۆ ئەو ڕێژیمە لێ نەکەوتووەتەوە. ئەو ئارەزوویەیان کاتێک دێتە دی کە نەک لە دەرەوەی سنوورەکان، بەڵکوو لە هەناوی کۆمەڵگە و لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە دوای چارەسەری ڕاستەقینەدا بگەڕێن کە ئەویش ملدانە بۆ ویستی لەمێژینەی گەلی کورد کە بە ڕەسمی ناسینی مافە نەتەوەییەکانیانە.

درێژەی

## حدک هەواڵی کشانەوەی هێزەکانی لەسەر سنوور ڕەت کردەوە

قادر وریا گوتی: هەر بەوچەشنە کە دەوڵەتەکان و وڵاتانی ناوچە بۆ نموونە حکوومەتی هەریم لەگەڵ وڵاتانی ئێران و تورکیە دەتوانێ پێوەندی هەبێ، نەتەوەکانی ناوچەش بەتایبەتی ئەو بەشانەی کە بەبێ ویستی خۆیان وڵاتەکەیان لەنێوان چەند وڵاتی دیکە دابەش کراوە، دەتوانن لەگەڵ یەکتر پێوەندی‌یەکی دۆستانە و باشیان هەبێ. حزووری تێکۆشەرانی کورد لە پارچەیەک یان پارچەکانی دیکەی کوردستان لە ڕابردووش‌دا سەرەڕای دژایەتی و گوشاری داگیرکەرانی کوردستان، قەت ڕانەوەستاوە و هەتا دۆزی کورد لە وڵاتانی ئێران و تورکیە و سوریە چارەسەر نەبێ و تێکۆشەرانی کورد لە خاک و زێدی خۆیان ڕاوبنرێن، بەناچار پەنا دەبەن بۆ پارچەیەکی دیکەی کوردستان.

ئەندامیی دەفتەری سیاسیی حدک لەسەر چۆنایەتیی جێگربوونی هێزی پێشمەرگە لەسەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایگەیاند کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، زیاتر لە هەبوونی هێزی دێموکرات لە باشووری کوردستان، لە حزووری هێزی پێشمەرگەی دێموکرات لەنێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیگەرانە و ئەمەش لە کاتێک دایە حکوومەتەکانی پێشووتریش لە ئێران وعیراق نەیانتوانیوە پێش لە گەڕانەوە و حزووری پێشمەرگە بگرن. لە بیرمان نەچێ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کور و کچی خەڵکی ڕۆژهەڵاتن و حزووری ئەوان لەنێو خەڵکێک کە بۆ پاراستن و بەرگریی کردن لە مافەکانی ئەوان بوونە پێشمەرگە، مافی خۆیانە.

## بەڕێوەچوونی «دیداری هزری نەتەوەیی» لە شاری سۆران

لە ڕۆژانی ٦ و ٧ی ڕەزبەر بەڕێوەبەرایەتی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ناحکوومی‌یەکان و کتێبخانەی گشتیی شاری سۆران لە بناری شاخی کۆڕەک دیدارێکی دوو ڕۆژەیان سەبارت بە هزری نەتەوەیی بە بەشداریی چالاکان و نووسەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەڕێوەبرد.

لە یەکەم دانیشتنی ئەو دیدارەدا، بەرێزان؛ دکتور «قەدری یەڵدرم» و «قادر وریا» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و «عەلی عەونی» ئەندامی مەکتەب سیاسی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و ئازاد تەوفیق کۆرگێڕی پانێلی یەکەم بوون، کە هەرکام لە گۆشە نیگایەکەوە ڕوانینی خۆیانیان سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی خستە ڕوو.

بەرێز قادر وریا لەم کۆڕەدا، بابەتێکی لە ژێر ناوی( نەتەوە وەک قوربانی ململانێی سیاسیی نێوخۆیی) پێشکەش کرد. ناوبراو سەرەتا گرینگترین فاکتەری نێوخۆیی بۆ ناکامیی نەتەوەیی تائێستا و هەروەها وێکهەڵنەکردن و ملنەدانی ڕێکخراو و ئەحزابی سیاسیی کورد بۆ هاوکاری کردنی هاوبەش بە خەساری گەورە زانی. لە دووهەم پانێلی پاش نیوەڕۆ ئەو دیدارەدا ٦ لاو سەر بە ڕێکخراوە جیاجیاکانی کوردستان باس و بابەتەی خۆیانیان خوێندوە و، لەو پانێلەدا شلێر ڕەحمانی جێگری سکرتیری یەکێەتی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان باسێکی لەسەر (ئەرک وخەباتی ژن بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی) پێشکەش کرد.

لە ڕۆژی دووهەمی ئەم دیدارەدا دۆستی لەمێژینەی گەلی کورد. دوکتور ئیسماعیل بێشکچی کۆڕێکی بەڕێوەبرد لە ژێرناوی (مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد) دوکتور بیشکچی لە باسەکەی‌دا ڕەهەندی مێژوویی و هەروەها لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەوە باسی لە لەمپەڕەکانی سەر ڕێی کورد کرد بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای چارەی خۆ نووسین.

لە دووهەم پانێلی ڕۆژی دووهەمی دیداری هزری نەتەوەیی بەشێکی تر لە نووسەران و خاوەن بیرانی کورد وەکوو؛ شێرزادحەسەن، شرۆڤەی هەلومەرجی ئێستای پرسی نەتەوەییان کرد و ڕاوبۆچوونی خۆیانیان دەربڕی و تیشکیان خستە سەر ئەمە کە پەروەردە دەوری گرینگی هەیە لە ویستی نەتەوایەتی و چارەسەری کێشەی نەبوونی وشیاریی نەتەوەیی.

لە دوایین پانێلی ئەم دانیشتنەدا ،عەلی لەیلاخ کادری ڕاگەیاندنی حدک باسیکی کورتی لە ژێرناوی(ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گوتاری نەتەوەیی) پێشکەش کرد، کە کورتە باسێک بوو لە جێگە و پێگەی نەتەوەخوازی لە نێو چین و توێژەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەم دیدارە لە ئێوارەی ٧ی ڕەزبەر بە چەند تابلۆی گورانی حەماسی لە لایەن سترانبێژ "برادەر" کۆتایی پێهات.




## چەکدانانی ژمارەیەک چەکداری کوردی سەربە ڕێژیم لە ناوچەی شنۆ

لە ڕۆژانی ڕابردوودا ژمارەیەک چەکداری کوردی خەڵکی ناوچەی شنۆ، کە نیازی چەک‌دانانیان هەبووە، لە بنکەی فەرماندەیی سوپای پاسداران لە گەڵ «یوسف عەبدی» فەرماندەری سوپای پاسداران لە ناوچەی شنۆ، دەبێتە دەمبەدەمیان. فەرماندەری سوپا سووکایەتی دەکا بە هەر چەکدارێکی کورد کە بیهەوێ چەکی کۆماری ئیسلامی دابنێ . چەکدارە کوردەکانیش دژی دەوەستنەوە و لەم سووکایەتیکردنەی وەجواب دێن و چەکەکانیان بە سەر ڕێژیم دادەنەوە. نزیکەی حەوتوویەکە کاربەدەستانی سوپا گوشاریان خستووەتە سەر ئەو چەکدارە کوردانە بۆ ئەوەی چەکەکانیان هەڵ بگرنەوە بەڵام ئەوان هەر وا لە سەر بڕیاری خۆیان سوورن و تەسلیمی ئەو داوایەی سوپای پاسداران نەبوونەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، گەڕانەوەی چەکدارەکوردەکانی سەربە ڕێژیم بۆ باوەشی گەلەکەیان و پشتکردنیان لە خەیانەت و خۆفرۆشی، بە کردەوەیەکی ئازایانە و دروست دەزانێ و هیوای وایە هەموو ئەو کەسانەی لە بەر هەر هۆیەک کەوتوونە داوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بۆ پووڵ و پارە چەکی ئەو ڕێژیمەیان هەڵگرتوە و دژایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان دەکەن، واز لەو ڕابردووە پڕشوورەییە بێنن و ئابڕووی خۆیان بکڕنەوە.



## چەند هەواڵی جیهانی

### ئێران و ڕووسیە شەریکی جینایەتی شەڕ لە سووریەن

ژان مارک ئایرۆ وەزیری بەرگریی فەرانسە ڕۆژی یەکشەممە، ٤ی ڕەزبەر گوتی شیمانەی ئەوە دەکرێ کە ئێران و ڕووسیە وەک شەریکی جینایەتی شەڕ لە سووریە بناسرێن و بە هۆکاری درێژبوونەوەی شەڕیشی زانین.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ڕۆیتێرز، ژان مەک ئایرۆ، ڕووسیە و ئێرانی بە پشتیوانانی سەرەکیی بەشار ئەسەد زانی و گوتی ئەگەر کۆماری ئیسلامی و ڕووسیە پێش بە کوشتاری خەڵکی لە لایەن هێزەکانی بەشار ئەسەد نەگرن، شەریکی ئەو ڕێژیمەن لەو جینایەتەدا.

هەروەها وەزیری دەرەوەی بریتانیاش لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە ئەگەر ئێران و ڕووسیە لەسەر ئەم ڕەوتە بەردەوام بن بە شەریکی جینایەتی جەنگی لە حەلەب ئەژمار دەکرێن.

ناوبراو ئاماژەی بە بۆردومانی شارەکانی سووریە بە تایبەت شاری حەلەب کرد کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە دەیان کەس لە خەڵکی مەدەنی کوژران.

ڕووسیە و ئێران لە پشتیوانانی سەرەکیی بەشار ئەسەدن. فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕووسیە بەشداری لە بۆردومانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی دژبەرانی دەوڵەتی ئەسەد دەکەن.

ئێستا و پاش بە بنبەست گەیشتنی ڕێکەوتنی ئەمریکا و ڕووسیە لە سەر ئاگربەس لە شاری حەلەب‌دا، ئەرتەشی دەوڵەتی سووریە دەستی بە هێرش بۆ سەر نەیارانی لە شاری حەلەب کرد کە بۆتە هۆی کوژران و بریندار بوونی سەدان کەس لە خەڵکی ئاسایی ئەو شارە.

دوای هێرشەکانی ئەم دواییانە بۆ سەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی شاری حەلەب، نزیک بە ٢٧٠ هەزارکەس لە خەڵکی ئەو شارە ئابلۆقە دراون و بە دەیان کەسی بێتاوانیش کوژراون.

### کۆنگرەی ئەمریکا گەمارۆ خستنەسەر سپای پاسدارانی ئێران تاوتوێ دەکا

کومیتەی لاوەکیی کاروباری تیرۆریزم، ڕێگری لە پەرەپێدانی چەکوچۆڵ و تیجارەتی پێوەندیدار بە کومیتەی دەرەوەی کۆنگرەی ئەمریکا، گەڵاڵەی «قانوونی گەمارۆ تیرۆریستی‌یەکانی سپای پاسداران» دەخرێتە بەرباس و دەنگی بۆ دەدرێ.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە ئەم گەڵاڵەیە کە لە لایەن١٢ نوێنەری کۆماریخوازەکانی مەجلیسی نوێنەرانەوە پێشنیار کراوە، وەزیری خەزێنەداریی ئەمریکا ئەرکدار دەکرێ کە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا ڕاپۆرتێک بۆ کۆنگرە ئامادە بکا کە ئایا سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێوەرەکانی تیرۆریزمی تێدایە یان نا؟

هەروەها دەبێ وەڵامی ئەوەش بدرێتەوە کە ئایا سپای پاسداران کە لە لایەن نوێنەران و دامەزراوەکانی ژێر کۆنترۆڵی دیکەی خۆیان ئیدارە دەکرێ، دامەزراوەیەکن لە ژێر کۆنترۆڵی کۆماری ئیسلامی دا یان نا؟

مەسەلەی سێهەم ئەوەیە کە نوێنەرانی دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە کە چ هۆکارگەلێک لە دیاری‌کردنی کۆنترۆڵ و قازانجەکانی کۆنترۆڵ‌دا کاریگەرن کە لە لایەن وەزیری خەزێنەداریی ئەمریکاوە بەکار دەهێندرێت.

پێویست بە وتنە، لەشکری قودسی سپای پاسدارانی ئێران ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ خۆی لە هەموو شەڕ و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەڵدەقوتێنێ و هێزەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیم ڕاستەوخۆ لە عێراق و سووریەن و ناڕاستەوخۆش پشتیوانی لە میلیشیای شیعەی ئەفغانستان، پاکستان، عێراق و لوبنان و تەنانەت یەمەنیش دەکەن.

### مەحکووم کردنی کۆمەڵکوژی ساڵی ٦٧ لە لایەن کومیتەی پاڕلمانی «ڕۆمانی«یەوە

پارلمانی ڕۆمانی ڕاگەیەندراوێکی لەژێر ناوی «بانگەوازی لێ‌پرسینەوە لە بەرپرسانی کوشتاری ساڵی ٦٧ لە ئێران» بڵاوکردەوە.

لەو بەیاننامەدا هاتووە بە لەبەرچاوگرتنی زیادکردنی ڕێژەی ئێعدامەکان لە چەند حەوتووی ڕابردوودا لە ئێران، هاوکات هێندێک زانیاری ورد لەسەر ڕەشکوژیی ساڵی ٦٧ بڵاوبووە کە کۆمەڵگەی ئێران وجیهانی هەژاند.

بڵاوبوونەوەی دەنگی تۆمار کراوی «مونتەزەری» لەگەڵ ٤ کەسی دیکە لە بەرپرسانی باڵای دامودەزگای قەزایی و ئیتلاعاتی لە تاران، هێندێک ڕاستی دڵهەژێنی لە گەورەترین کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسی لەدوای شەری دووهەمی جیهانی خستە ڕوو. یەک لەو چوار کەسە کە زیندانیان پێیان دەگوتن: «هەیئەتی مەرگ»، مستەفا پوورمحەممەدی وەرزێری ئێستاکەی دادگوستری دەوڵەتی روحانی‌یە.

لە ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی پاڕلمانی ڕۆمانی‌دا باس لە فتوای جیهادی خومەینی و وهەروەها جەخت کردنی لەسەر بەڕیوەچوونی کوشتاری ساڵی ٦٧ کراوە و تێیداهاتووە کە مونتەزری بە نووسینی سێ نامە بۆ خومەینی دەڵێ: کە کوشتنی هەزاران کەس لە یەک ڕۆژدا ئاکامی پێچەوانەی لێ‌دەکەوێتەوە.

کۆمیتەی پارلمانی رومانی دووپاتی کردەوە کە بێدەنگی ڕاگرتن لە بەرانبەر ئەم کۆمەڵکوژی‌یە و لێ‌نەپرسینەوە لە لایەنە پێوەندیدارەکان کە ئێستاشی لەگەڵ بێ لە بەرپرسانی باڵای دەزگای قەزایی وئەمنی وسیاسیی ئێرانن، بە کردەوە هاندەری ئەوانە بۆ درێژەدان بە کوشتار وجینایەت کردن.

# کۆماری ئیسلامی، خولقێنەر و هەناردەکەری قەیران



مستەفا شەڵماشی

هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تا بە ئەمڕۆ، چەکی هەرەگەورەی کاربەدەستانی ئەو رێژیمە خولقاندنی قەیران و ناردنە دەرەوەی قەیرانە. لەو رووەوە کە ماهییەت و جەوهەری ئەو رێژیمە دواکەوتووەش لەگەڵ ژیانی ئاسایی، یاسا و رێساکانی نێونەتەوەیی و ژیانی ئازاد و گەشە کردووی مرۆیی ناگونجێ، وڵاتی بێ قەیران، ناوچەی بێ ئاژاوە و دنیای پڕئاشتەوایی بە خەتەری مەرگ بۆخۆی دەزانێ.



هەربۆیە لە نێوخۆدا بەردەوام دوژمنی فەڕزی دەستنیشان دەکا و بچوکترین رەخنە لە کردەوە دژەمرۆییەکانی فڕێ دەداتە نێو زەرفی دژایەتی لەگەڵ نیزام و لەو رێیەدا تەنانەت کاربەدەستە باڵاکانی خۆشی ناپارێزێ. لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتیشەوە، دایم لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک لە شەڕ دایە. نەتەنیا بیرێک بۆ ئەو لەشکرە گەورەی بێکاران ناکاتەوە کە تەنانەت لەنێو خاوەن بڕوانامەی باڵاش‌دا لانیکەم ٣٥٪ی لاوانی وڵات دەگرێتەوە، بەڵکوو لە بازاڕ و لە کارە ئازادەکانیش‌دا دەخالەت دەکا و ناوەندە ئابووری‌یەکان دەخاتە ژێر دەسەڵاتی سوپای پاسداران، بەسیج و روحانییەتی سەربە دەسەڵات.

رێژیم بەوەش نەوەستاوە و لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیەدا، دەستی لە هەموو تان‌وپۆی فەرهەنگی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی گەلانی ئێران وەرداوە. ژنانی ئێرانی خزاندوەتەوە نێو پەچە و عەبا و رێگری کردووە لە هاتنەپێشیان لە جمگەکانی دەسەڵات و قانوونە دواکەوتووەکانی سەدەکانی نێوەڕاستی بەسەردا سەپاندون. لەگەڵ ئەوەی کە ژنانی ئێران بە گشتی چ لە باری خوێندەوارییەوە و چ لە باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌یەوە دەتوانن شان لە شانی ژنانی پێشکەوتووترین وڵاتانی دنیا بدەن، بەڵام لە رێژیمی ئاخوندی‌دا هیچ نەخشێکیان پێ نەدراوە.

«بە باوەڕی من رێژیم بە هیچ جۆرێک ئەو هێز و سەباتەی دەسنەکەوتووە کە بۆخۆی بانگەشەی بۆ دەکا. دەستێوەردانەکانی لە ناوچە هەرچەند مانۆڕێکیان پێوە دەدرێ، بەڵام چ لە باری مادی و چ لە باری ئینسانی‌یەوە زۆر گران لەسەر رێژیم دەکەون. لە باری مادی‌یەوە لەو هەلومەرجە خەراپەی ئابووری‌یەدا کە رێژیم لەگەڵی تەڕەفە، بە پێی هەڵسەنگاندنە جۆراوجۆرەکان ساڵی لانیکەم بیست میلیارد دۆلار لەسەر رێژیم دەکەوێ. خەساری نەفەرات و کادری وەفادار بە رێژیمیش ئێکجار زۆرە، بە جۆرێک کە رۆژ نییە لە سوریەوە، لە عێراقەوە و تەنانەت لە یەمەنەوە جەنازە نەچێتەوە بۆ ئێران»

رێژیمی دواکەوتوو و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە ژیانی رۆژانەی خەڵکیش‌دا دەخالەت دەکا، بۆیان دیاری دەکا، چ لیباسێک لەبەرکەن، چ خواردنێک نەخۆن، چ موزیکێک گوێ لێ بگرن و چ فیلمێک چاو لێ بکەن. ئینتەرنێت کۆنترۆڵ دەکا، سەتەلایت کۆ دەکاتەوە و پاڕازیت دەخاتە سەر کاناڵە تەلەفزیۆنی‌یە دەرەکی‌یەکان. لە بەرامبەردا هەرشتێک شیرازەی کۆمەڵگە تێک دا برەوی پێداوە. بە جۆرێک کە کۆمەڵگەی ئێران لە هەموو نەخۆشی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا لە سەفی پێشەوەی وڵاتان دایە. ئیعتیاد، لەشفرۆشی، دزی، بەکارهێنانی توندوتیژی، بەرتیلخۆری و گەندەڵیی ئیداری، ناوەندە دەوڵەتی‌یەکان و کۆمەڵگەی داڕزاندووە.

بە کورتی رێژیم قەیرانێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری ئەوتۆی خوڵقاندوە کە تەکتەکی دانیشتوانی ئێران زۆرتر لە بیری ئەوە دابن کە چۆن شەخسی خۆیان لەو زەلکاوە دەرباز کەن و ماڵ‌ومنداڵیان لەو هەموو بەڵایەی کە رێژیمی ئاخوندەکان بە دیاریان هێناوە بپارێزن.

ئەوەش دیارە راست ئەو ئامانجەیە کە رێژیم هەیەتی، بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە کۆمەڵ بیر نەکەنەوە، خۆیان رێک نەخەن و تاکەکان زۆرتر لە بیری رزگارکردنی خۆیان‌دا بن تا رزگار کردنی وڵاتەکەیان لە چنگی ئەو تاقمە کۆنەپەرەستە.

رێژیمی ئاخۆندی راست ئەو سیاسەتەش لەسەر نەتەوەکانی ئێران تاقی دەکاتەوە. هەوڵ دەدا ئەوانیش بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن سەهمێکی هەرچەند بچوکیش بێ، لە داهات و سەرمایەکانی ئێران بۆ ناوچەکانی ئەوان تەرخان بکرێ. رێژیم بە جۆرێک نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانی لە دواکەتوویی و بێ ئیمکاناتی‌دا هێشتوەتەوە کە کردنەوەی هەر پڕۆژەیەکی بچوکی ئابووری، هەر ئیمکانێکی بچوکی فەرهەنگی و کەمترین ئازادیی کولتووریان وەک ئاوڕدانەوە لە مەسەلە نەتەوەییەکەی ئەوان پێ بفرۆشی و ئەسڵی مافی دیاریکردنی چارەنوسیان بەرەبەرە لە بیر بەرێتەوە و لە کۆتایی‌دا پڕۆژەی تواندنەوەی نەتەوەییان لەسەر تاقی بکاتەوە.

ئەو سیاسەتانە بە تێکڕایی قەیران‌خوڵقێنن و نەتەنیا یارمەتی بە چارەسەری گرفتەکان ناکەن، بەڵکوو گرفتەکان دەگۆڕن بۆ قەیران و رەوتە ئاساییەکان بەرەو گرفت پەلکێش دەکەن. وەڵامی رێژیمیش بۆ هەموو ئەو گیروگرفتانە تەنیا و تەنیا سەرکوت و راوەدوونانە. لە دنیادا رێژیمی هێندە نابەرپرس لە بەرامبەر خەڵکی وەڵاتەکەی خۆی‌دا بوونی نییە. کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە کە چاوەڕوانی ئەو لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران چییە؟ هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەویش بەرپرسە لە ژیان و گوزەرانی خەڵک و ئەرکی دابین کردنی ئاسایش، پێداویستی‌یەکانی لەشساغی، دابین کردنی بژێوی و دابین کردنی ماف و ئازادی‌یەکانی دەکەوێتە سەرشان. رێژیم بۆ هەموو ئەو گرفتانە تەنیا یەک وەڵامی هەیە، ئەویش بێ‌دەنگ کردن لە رێگای توندوتیژی، زیندانی کردن و تەنانەت لەسێدارەدانەوە. ماوەی سی و حەوت ساڵە ئەو رێژیمە دەگرێ، زیندانی دەکا، رەشەکوژی دەکا و لەسێدارە دەدا. تائێستا تەنانەت بە قازانجی خۆشی بووبێ، لێبوردنێکی گشتی بڵاو نەکردۆتەوە، نەرمی‌یەکی لە بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆنی خۆی‌دا نیشان نەداوە و بۆ هیچ گرفتێکی نێوخۆیی رووی لە میزی وتووێژ نەکردوە و رێگای ئاشتەوایی تاقی نەکردۆتەوە. مەگەر لە چوارچێوەی پیلانی تیرۆردا، هەروەک ئەو دانیشتنەی لەگەڵ شەهیدی رێبەر دوکتور قاسملوو کردی، کە لە راستی‌دا پلانی تیرۆر بوو نەک وتووێژ.

روو بە دەرەوەی ئێرانیش ئەو رێژیمە سەرچاوەی چەندین قەیرانە. لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا چەندین پڕۆژەی دەستتێوەردان و ئاژاوەگێڕیی هەیە و هەر لە عێراقەوە هەتا یەمەن دەستی قەیران‌خوڵقێن و ئاژاوەگێڕیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئاشکرایی دیارە. کۆماری ئیسلامیی ئێران هێندە بە رووهەڵماڵاوی ئەو دەستێوەردانانە دەکا، کە تەنانەت ئەرتەشێکی تایبەتی بە ناوی سوپای قودس و لە ژێر فەرماندەیی قاسمی سولەیمانی‌دا بۆ ئەو کارە دروست کردوە. دیارە دەکرێ ئەو دەستیوەردانانەی رێژیم وەک ناردنەدەرەوەی قەیران چاو لێ بکەین، هەرچەند تەوجیهی تیۆریکی رێژیم بۆ ئەو کارانەی هەر لە دوای هاتنە

«گومان لەوەدا نییە کە قەیرانەکان بەسەر رێژیم‌دا دەشکێنەوە. لە نێوخۆدا ناڕەزایەتی‌یەکان رۆژێک دەتەقنەوە و ئەو ئاگرەی لەنێو خۆڵەمێشی ترس‌دا بۆتە ژیلەمۆ رۆژێک سەرهەڵدەدا. لە دەرەوەش سەری رێژیم بێ کوڵاو دەمێنێتەوە، چونکە زلهێزە جیهانی‌یەکان، بەرهەمی ئەو ئاژاوەیەی کۆماری ئیسلامی دەستی باڵای تێدا هەبووە، بە شێوەیەکی زۆر لێزانانە بۆخۆیان دەچننەوە»

سەرکاریەوە، ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی بووە، بەتایبەت بۆ ئەو وڵات و ناوچانەی کە دانیشتوانی، مسوڵمانی شیعەن. ئەنجامی ئەو دەستێوەردانە لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا، بەتایبەتی لە وڵاتە عەرەبی‌یەکان‌دا ئەوە بووە کە وڵات و ناوچە سوننی‌نشینەکان هەست بە مەترسیی بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی شیعە، یا لانیکەم بەهێزبونی هێژمۆنی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بکەن و ئەوانیش هەوڵ بدەن دەستە و تاقمی خۆیان لە وڵاتەکان‌دا دروست بکەن و کەڵک لە هەستی سوننەکان لە ناوچەدا وەربگرن. تەنانەت دروستبون یا لانیکەم بەهێزبونی هێزە توندڕەوە سوننەکانی وەک داعش و ئەلقاعیدەش بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتی قەیرانسازی‌یەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا.

دیارە پرسیارێک لەو نێوەدا هەمیشە خۆی زەق دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی بەو قەیرانانەی لە نێوخۆدا دروستیان دەکات و بەو قەیرانانەش کە هەناردەیان دەکا بۆ وەڵاتانی دەوروبەر، بەڕاستی بەهێز بووە و لە نێوخۆدا سەقامگیر بووە؟ هەروەک بەداخەوە هێندێک لایەن و کەسایەتی و تەنانەت وڵات وای لێک دەدەنەوە. هەروەک ئەو بۆچوونە تا رادەیەکیش کاری کردۆتە سەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی کوردیش و چەشنێک بێ‌هیوایی دروست کردووە.

بە باوەڕی من رێژیم بە هیچ جۆرێک ئەو هێز و سەباتەی دەسنەکەوتووە کە بۆخۆی بانگەشەی بۆ دەکا. دەستێوەردانەکانی لە ناوچە هەرچەند مانۆڕێکیان پێوە دەدرێ، بەڵام چ لە باری مادی و چ لە باری ئینسانی‌یەوە زۆر گران لەسەر رێژیم دەکەون. لە باری مادی‌یەوە لەو هەلومەرجە خەراپەی ئابووری‌یەدا کە رێژیم لەگەڵی تەڕەفە، بە پێی هەڵسەنگاندنە جۆراوجۆرەکان ساڵی لانیکەم بیست میلیارد دۆلار لەسەر رێژیم دەکەوێ. خەساری نەفەرات و کادری وەفادار بە رێژیمیش ئێکجار زۆرە، بە جۆرێک کە رۆژ نییە لە سوریەوە، لە عێراقەوە و تەنانەت لە یەمەنەوە جەنازە نەچێتەوە بۆ ئێران. جگە لەوە رێژیم لە باتلاقێکی دوور و درێژدا هەر لە عێراقەوە تا یەمەن گیری کردووە. درێژەدانی ئەو وەزعە تا دێ دژوارتر دەبێ و لێکشانەوەشی هەروا. تازە مەعلوم نییە بەری ئەو ئاژاوەگێڕیانە کێ دەیچنێتەوە. چونکە هەموو زلهێزەکانی دنیا و زلهێزەکانی ناوچە کە بازیگەری ئەو مەیدانەن، وەک ئەمریکا، رووسیە، فەڕانسە، بریتانیا، ئاڵمان، چین، تورکیە و عەرەبستانی سعودی و چەندین وڵاتی دیکە دروێنەکەری دوای شەڕی داعشن و دەیانهەوێ بەرهەمەکەی بەرنە سەر خەرمانی خۆیان. هیچ دیار نییە کۆماری ئیسلامی ئێران دوای ئەو هەموو هەزینەیە چی دەست دەکەوێ. بەتایبەت خەڵکی ئێران لە هەموو خەسارەت و قوربانیدانە چی بەنسیب دەبێ؟

ئەو هێز و لایەنانە و ئەو کەسایەتی‌یانەش کە تیشکی پڕوپاگەندەی رێژیم لێی داون و توشی خەمۆکی و نائومیدی کردوون، حەق وایە قوڵتر بیری لێ بکەنەوەو بە سەر ترسی خۆیان‌دا زاڵ بن. ئیمکانی نییە رێژیمێک بتوانێ بەو یاری‌یە دۆڕاوانە سەرکەوێ. گومان لەوەدا نییە کە قەیرانەکان بەسەر خۆی‌دا دەشکێنەوە. لە نێوخۆدا ناڕەزایەتی‌یەکان رۆژێک دەتەقنەوە و ئەو ئاگرەی لەنێو خۆڵەمێشی ترس‌دا بۆتە ژیلەمۆ رۆژێک سەرهەڵدەدا. لە دەرەوەش سەری رێژیم بێ کوڵاو دەمێنێتەوە، چونکە زلهێزە جیهانی‌یەکان، بەرهەمی ئەو ئاژاوەیەی کۆماری ئیسلامی دەستی باڵای تێدا هەبووە، بە شێوەیەکی زۆر لێزانانە بۆخۆیان دەچننەوە.

## چەند هەواڵی ئێران

### سەرهەڵدانی دیاردەی «خۆ لێ‌بێساحێب کردن» لە بەساڵاچووان

سەرۆکی سازمانی بێهزیستی بێ ئاماژە کردن بە ئامارێکی راست و ورد، رایگەیاند کە رێژەی بەساڵاچووانی سەرشەقام، روو لە زیاد بوونە و وتی: چەند ساڵێکە کە تەنیایی و گۆشەنشینی بەساڵاچووان، زیادی کردوە.

ئەنوشیروان موحسنی بەندپێی، رۆژی یەکشەممە، ٤ی رەزبەر لە چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی‌دا وتی: ئەگەر پێشتر لەگەڵ دیاردەی «منداڵانی بێ خاوەنی لەسەرشەقام» بەرەوڕوو بووین، ئەوڕۆ لەگەل دیاردەی بەساڵاچووانی بێ‌خاوەن لە شارە گەورەکانی ئێران رووبەڕووین. لە مانگی گوڵانی ساڵی رابردوودا، وەزیری تەعاون، کار وخۆشبژێویی کۆمەڵایەتی، خۆ بێ خاوەن کردن لە بەساڵاچووانی وەک دیاردەیەکی تازە لە نێو شارە گەورەکانی ناو برد و هەروەها وتی: ئەو دیاردەیە لە پەرەستاندن دایە و خەریکە گشتگیر دەبێ.

هەروەها لە رۆژی ٨ی خەرمان، سەرپەرشتی بێهزیستی تاران ئاماژەی بەو کێشەیە کرد و رایگەیاند نزیکەی ١٨٩٨ کەسی بێ خاوەنیش لە بنکەکانی بێهزیستی دان.

شایانی باسە ئەو ئامارە لەبەر کەمبوونی بنکەکانی بێهزیستی و گرانبوونی تێچووی مانەوەی بەساڵاچووان لەو بنکانە و هەروەها چوونەسەری رۆژانەی رێژەی بە ساڵاچووانی بێ‌خاوەن لەسەر شەقام و لە پارک و ترمینالی شارە گەورەکان، ئامارێکی ناتەواوە و نیشاندەری ئەوەیە سەبارەت بە رێژەی پەککەوتووانی سەرشەقام ئامارێکی راست لە بەردەست‌دا نیە.

### «نا» وتنی خامنەیی بە ئەحمەدی‌نژاد

رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە خۆ کاندید کردنی سەرلەنوێی ئەحمەدی‌نژاد لە کێبەرکێکانی هەڵبژاردنی سەرۆک‌کۆماری ئێران لە ساڵی داهاتوودا، ناڕەزایەتیی خۆی دەربڕی.

لەم پێوەندی‌یەدا «مەهدی فازڵی»، بەرپرسی پێشووی هەواڵنێری فارس رایگەیاند چەند حەوتوو لەمەوپێش لە چاوپێکەوتنی نێوان ئەحمەدی‌نژاد وخامنەیی، ناوبراو باس لە بڕیاری خۆی سەبارەت بە بەشداریی کردنی لە کێبەرکێکانی هەڵبژاردنی سەرۆک‌کۆماری لە ساڵی داهاتوودا دەکا، بەڵام رێبەری نیزام دژایەتیی خۆی لەم بارەوە بە ئەحمەدی‌نژاد راگەیاندووە.

### کۆبوونەوەی ئیعترازیی خوێندکارانی زانکۆ لە ئێران

لە دەسپێکی کرانەوەی زانکۆکان لە رۆژانی رابردوودا خوێندکارانی چەند زانکۆی گەورە لە ئێران بە هۆی پشێوی کەشی راهێنان و نەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست و، هەروەها بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە گەڵاڵەی «طرح سنوات» کە بە جۆرێک گوشاری ماڵی خستۆتە سەر خوێندکاران و بنەماڵەکانیانی تووشی کێشە کردوە، لە بەردەم بینای زانستگاکان کۆبوونەوە.

رۆژی دووشەممە، ٥ی رەزبەر خوێندکارانی زانستگەی سەنعەتی شەریف لە تاران هاوکات لەگەڵ چەند زانکۆی دیکە لە شارەکانی قەزوین و ئیسفەهان کۆبوونەوەی ئیعترازی‌یان رێکخست و بە هەڵگرتنی پلاکارد خوازیاری دەست لە کارکێشانەوەی جێگری راهێنان بوون، کە سەرەڕای ئەوەی کە ئاگاداریی گرفتی خوێندکارانە تاکوو ئێستا بۆ چارەسەریی ئەم کێشانە هیچ کارێکی نەکردوە. نەبوونی «خوابگا»، بەرزبوونی نرخی خوێندن لە زانکۆکان لە بەرچاوترین هۆکاری ئەم کۆبوونەوە ئیعترازیانەیە.

### ساڵانە ٢٦ هەزار کەس لە ئێران بەهۆی پیسبوونی هەوا گیان لە دەست دەدەن

پیسبوونی هەوا یەکێک لە سەرەکیترین گیروگرفتەکانی ژینگەپارێزیی ئێرانە، بەپێی ئاماری جیهانیی بێهداشت، ساڵانە زیاتر لە ٢٦ هەزار کەس بەهۆی هەڵمژینی هەوای پیس گیان لە دەست دەدەن و ئێران لەم بوارەدا لە پلەی ٢٦ی جیهان دایە.

بەپێی نوێترین راپۆرتی رێکخراوی جیهانیی بێهداشت کە بۆ ساڵی ٢٠١٢ ئامادە کرابوو، سەدی ٩٢ خەڵکی جیهان لە رێگەی هەواوە تووشی نەخۆشی دەبن، لە هەمان ساڵ ٦/٥ میلیۆن کەس بەهۆی پیسبوونی هەوا گیانیان لەدەست داوە. واتە سەدی ١١ی هۆکاری مردن لە ئاستی جیهان‌دا بۆ پیسبوونی هەوا دەگەڕێتەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەم راپۆرتەدا هاتووە کە رۆژ لەگەڵ رۆژی هەوا پیستر دەبێ و کاریگەریی خراپی لە سەر ئابووری و چۆنیەتیی ژیانی خەڵک دادەنێ.

پاش وڵاتی چین وڵاتانی وەک هیند، رووسیە و ئەندۆنیزی و... رێژەی بەرزیی مردن لە رێگەی پیسبوونی هەوایان تێدایە.

بەپێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی جیهان، هاتوچۆی ماشێن، دووکەڵی کارگە و کارخانەکان لە لایەک و لە لایەکی دیکە بوونی خۆڵ و تۆزێکی زۆر لە پارێزگاکانی رۆژئاوا و باشووری ئێران، لە هۆکارە سەرەکی‌یەکانی پیسبوونی هەوا و زیادبوونی رێژەی مردنە.

# «خود» لە نێوان تاکجەمسەری و فرەڕەهەندیدا



سابیر قادری

ڕەخنەی بابەتیانە چەمکێکە/ کولتوورێکە کە لە هەناوی کۆمەڵگەی ئازاد و دیموکرات لەدایک دەبێ، گەشە دەکات و دەبێتە دینامیزمی گەشەی کۆمەڵگە. چەمکێک کە سنوور و بەربەستەکان تێکدەشکێنی و ڕێگە والا دەکا بۆ قووڵبوونەوە و ڕۆچوون و ڕوانینی نوێ بۆ پرس و ئاریشەکان، چەمکێک کە پەیوەندی‌یەکی ئۆرگانیکی هەیە بە دیالۆگ، ڕێز، مۆراڵ، کراوەیی و لێهاتوویی. کولتوورێکە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە کە لە بەرژەوەندی گشتی‌دا بێت. ڕەخنەگر لەم پێناسەیەدا لە قالبی تاکەکەس‌دا دەرباز دەبێ و دەبێتە پێکهاتەیەکی دوو یا چەند ڕەهەندی کە حەوڵ دەدا لە ڕێگەی دیالۆگ و نیقاش ڕوانگەکانی پێشکەش بکا و باشترین یا گونجاوترین ئالترناتیڤەکان بخاتە ڕوو.

لە بەرامبەر ئەوەدا، تەکرەهەندیبوون یەکێکە لە کێشەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، تاکی تەکرەهەند، ڕوانینی تاکرەهەند، پێکهاتە و سیستمی تاکرەهەند، کولتوورێکە کە بەرهەمی نەخوێندوەی ئەودیوی ڕووداوەکانە، بەرهەمی نەخوێندنەوە، نەبینین و نەبیستنی بیروبۆچوونەکانی دیکەیە. بەرهەمی ترسێکە، ترسی لە خود و ترس لە ئەوانی دیکە، ترس لە دۆڕان و ترس لە بردنەوەی ئەوانی دیکە. لە پێکهاتەیەکی لەم چەشنەدا دیالۆگ، ئازادی، ڕێز، لێهاتوویی و کراوەیی مانایەکی ڕووکەشیان هەیە. ڕەخنە لەم حاڵەتەدا نەک لایەنی بابەتیبوونی نابێ بەڵکوو ئالیەتێکە بۆ ڕووخاندنی ئەوانی دیکە، ڕێگەیەکە بۆ شەرمەزارکردن، بۆ دەربڕینی هەستەکان و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی‌یە تاکەکەسی‌یەکان.

بۆ تێگەیشتن لەم دۆخە جیا لەوەی پێویستیمان بە خوێندنەوەی سایکۆلۆژی و ئایدیای زاڵ بەسەر تاکەکاندا هەیە، خوێندنەوە، تێگەیشتن و ڕۆچوون بە توخمە سەرەکی‌یەکانی پێکهاتەی بنەماڵە و کۆمەڵگە و دامەزراوە یاسایی و مەدەنی و کولتووری‌یەکان فاکتەرێکی سەرکی‌یە لەم بابەتەدا. لە ژێر ڕووناکایی و خوێندنەوەی ئەو پێکهاتانەدا ڕەنگە بکرێ بەشێک لەم ئالۆزی‌یە هزری‌یە بە نیسبەت چەمکی ڕەخنە و ڕەخنەگر، شیکاری بۆ بکرێ.

بنەماڵە وەک فاکتەری سەرەتایی، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بیچمگرتنی هزری تاکجەمسەری یا دوو یا چەند ڕەهەندی. لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی‌دا، بەزۆری پیاوسالاری(نێرسالاری) نەریتێکی بالادەستە. واتە لەم کۆمەڵگەیەدا ئەوە ڕەگەزی نێرە کە هزر و کرداری ئەرێ دەکرێ و دەبێتە پێوەر. واتە باوک/ کوڕ دەسەڵاتی بالایان هەیە لە چەسپاندنی تێڕوانینەکانی خۆیان لەو پرسانەی کە پەیوەندی‌یان بە بنەماڵەوە هەیە، تەنانەت لە جێگەی و پێگەی دایک/ کچ قسە دەکەن و بڕیار دەدەن. لەم دۆخەدا ڕەگەزی مێ لە دەربڕین، تێڕوانین، لێکدانەوە و هەڵبژاردن بێبەش دەکرێ. بەرهەمی ئەو دابەشکاری‌یە نالۆژیکی‌یە بریتی‌یە لە بزربوونی چەمکی دیالۆگ، ڕێز، مۆراڵ و کراوەیی.

واتە لە کاتی بڕیاردان، مۆنۆلۆگی باب/کوڕ پێگەیەک بۆ بەشداریکردنی ئازادنەی ڕەگەزی مێ ناهێڵێتەوە. ملکەچبوون و ئەرێ کردن وەک ڕێز لێکدەرێتەوە و «نا» گوتن، وەک بێ‌مۆڕاڵی وبێ‌ڕێزی‌کردن سەیر دەکرێ. لەم دۆخە نالۆژیکی‌یەدا جێگەیەک بۆ دیالۆگ(کە خۆی بەرهەمی لۆژیکە) نامێنێتەوە. سەرکەوتنی باب/کوڕ بریتی‌یە لە مسۆگەربوونی بەرژەوەندیی ئەندامانی بنەماڵە. بۆیە تاک لەم دۆخەدا پێویستی بە دەربیجەیەکە بۆ دەربڕینی ڕق و بێزاری‌یەکانی. ڕەخنەگر و ڕەخنەگرتن لە بڕیاردەر




> ‹‹ تەکرەهەندیبوون یەکێکە لە کێشەکانی کۆمەلگەی ڕۆژهەڵات، تاکی تەکرەهەند، ڕوانینی تاکرەهەند، پێکهاتە و سیستمی تاکرەهەند، کولتوورێکە کە بەرهەمی نەخوێندوەی ئەودیوی ڕووداوەکانە، بەرهەمی نەخوێندنەوە، نەبینین و نەبیستنی بیروبۆچوونەکانی دیکەیە. بەرهەمی ترسێکە، ترسی لە خود و ترس لە ئەوانی دیکە، ترس لە دۆڕان و ترس لە بردنەوەی ئەوانی دیکە ››

لەم حاڵەتەدا، دەکەوێتە ژێر سێبەری هەست و سۆز. ڕەنگە خۆسووتاندنی ژن/کچ لە دۆخی دوژواری ژیان‌دا نموونەیەکی بەرچاو بێت بۆ تێگەیشتن لەم چەمکە. باب/کور هیچ دەرفەتێک بۆ دەربڕین، بەشداریکردن و دیالۆگ بۆ کچ/ژن ناهێڵێتەوە(دۆخێکی ناعەقلانی). ڕەگەزی مێ دەکەوێتە ژێر سێبەری ئەوم دۆخە نالۆژیکی‌یە و بە سووتاندنی لەشی خۆی ئەم دۆخە ناعەقلانی‌یە درێژە پێدەدا. واتە گەرەکیەتی بە کردەوەیەکی نالۆژێکی بەر بە کردەوە و بڕیاڕی نالۆژیکی باب/کور بگرێ.

بنەماڵە بەم پێکهاتەیە، سەرەتایەکە بۆ بیچمپێدانی تاکی تاکرەهەند، تاکێک کە بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی لە سەرووی بەرژەوەندی‌یەکانی ئەوانی‌تر دادەنێ و بایەخ بۆ دەرفەتی ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ ئەوانی‌تر دانانێ. تاک لەم حاڵەتەدا نامۆ دەبێ بە دیالۆگ و «من» دەبێتە پێناسەی تاکەکانی بنەماڵە و کۆمەڵگە. «من» بە واتای نەدیتن و نەسبیتنی «ئەوانی تر». یا لە باشترین حاڵەتدا «من» واتە لە سەرووی «ئەوانی‌تر».

گشتگیربوونی ئەم جۆرە لە تێڕوانین و بیرکردنەوەیە لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە هۆی هاتنە ئارای کولتوورێک کە لەسەر بنەمای نکۆڵیکردن و پەراوێزخستنی ئەوانی‌تر و بە جەمسەرزانینی خود، شکل دەگرێ. ئەوەی کە تاک، گرووپێک یاخۆ گەلێک، کەسێکی‌تر، گرووپێکی‌تر یا گەلێکی‌تر بە «بێ‌فەرهەنگ» یا «بافەرهەنگ» نێودێر دەکات، بەر لە هەموو شتێک بریتی‌یە لە خۆ بە جەمسەرزانین یا خۆ بە کەمگرتن لە هەمبەر ئەوانی‌تر. لە وەها دۆخێکدا خودی جەمسەر گوێ لە ئەوانی‌تر ناگرێ، چونکە بەستێنێک بۆ چەمکی دیالۆگ لەنێوان کولتوورە جیاوازەکان بوونی نیی‌ە، بەڵکوو ئەوەی هەیە بەگژداچوونەوەی کولتووری بالادەستە بەسەر «وردەکولتوورەکانی»تردا، و دژکردەوەی ئەو «وردەکولتوور»انە.

ڕەخنە لە کۆمەڵگەی موتوربەکراو بە کولتوور و بیرکردنەوەی تەکرەهەند بریتی‌یە لە بەریەککەوتن و بەگژداچوونەوەی بەرژەوەندی‌یە دژبەیەکەکان، بە پێچەوانە، تێڕوانینی فرەڕەهەند، کە لەودا ڕەخنەی بابەتیانە وەک بەستێنێک بۆ بەیەکگەیشتنی بەرژەوندی‌یە گشتی‌یە هاوبەشەکان، سەیردەکرێ و پێشوازی لێ دەکرێ.

ڕەنگە ئەم پێناسەیە لە ڕەخنە لە ئایدیا و جیهانبینی تەکرەهەندی، بتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دابەشکاری‌یە نالۆژیکی‌یە کە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی‌دا دەبینرێ.

لێکهەڵوەشانەوە و دابرانی وڵاتان و ڕێکخراوەکانی جیهانی سێهەم ڕەنگە نموونەیەکی گونجاو بێت بۆ زیاتر شیکردنەوەی و تێگەیشتن لە تێڕوانینی تاکرەهەندی.

ئەگەرچی بەشێک لەم دابڕان و دارمانانە بەرهەمی سیاسەت و بەرژەوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکانە بەڵام هۆکاری بنەرەتیی ئەم دیاردەیە پەیوەندی بە فاکتەرە پێکهاتەیی نێوخۆییەکانی ئەم وڵات و ڕێکخراوانەوە هەیە. لەم کۆمەڵگە و ڕێکخراوانەدا تاکرەهەندیبوونی پێکهاتەکان/تاکەکان، دینامیزمی سەرەکیی ڕووخانن. دینامیزمێک کە لەوەدا هێزی بالادەست نکۆلی لە ئەوانی‌تر دەکات، وەک شیعە لە سووننی و بەپێچەوانە، فارس لە کورد، هێزە کوردی‌یەکان لە یەکتر.

ئەم دابڕانانە بەر لەوەی دابڕانی سیاسی/ کۆمەڵایەتی بن، بریتین لە بۆشایییەکی ئەخلاقی، بەو مانایە کە هێزی بالادەست بۆ پاراستنی بەرژەوندی‌یەکانی، پێکهاتە و ڕوانگە جیاوازەکانی دیکە سڕ و کپ دەکا. ترس لە بندەستبوون وژێردەستبوون وا لە دەسەڵات دەکا کە لە هەموو ئامێر و ئالییەتێک کەڵک وەربگرێ، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی سەقامگیر بکات. لە ڕاستی‌دا چەرخەی ناسەقامگیری و دابڕان ڕاست لەم خاڵەڕا دەست پێ‌دەکات.

توخمەکانی کراوییبوون، ڕێز، دیالۆگ و لێهاتوویی لەم وڵات و ڕێکخراوانەدا بە دەگمەن نەبێ بەدی ناکرێن. لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە، کراوەیی و ڕێز بەرامبەر دەنگە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بە واتای دۆڕان و لەدەستدانی هێژمونی لێکدەدرێتەوە. لەم کۆنتێکستەدا دیالۆگ و ڕەخنەی بابەتیانە نەتەنیا پێویست نییە بەڵکوو وەک ئاژاوەگێری و هەوڵدان بۆ تێکدانی هێمنایەتیی لێکدەدرێتەوە.

بەم شێوەیە دەرتانێکی ئەوتۆ بۆ ڕخنەی ئیجابی نامێنێتەوە. دەسەڵات لەم کۆنتێکستەدا نەتەنیا خۆی تاکجەمسەری و تەکرەهەندی‌یە، بەڵکو ئەم تەکرەهەندی‌یە بۆ هەناوی کۆمەڵگەدا دەگوازێتەوە. تاک لەم دۆخەدا «تفهیم» دەکرێ کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و بالادەستی خۆی «خود» بکاتە پێوەر. لە وەها بەستێنێکدا باسکردن لە بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان بایەخێکی ئەوتۆی نابێ.

ڕەخنەگر، دژبەر یا ڕکابەر دەخرێتە/ دەکەوێتە دۆخێک کە لە جێگەی ئەوەی پێناسە و بانگەشە بۆ ڕوانگەکانی خۆی بکات، دەکەوێتە حاڵەتێکی «تدافعی» و وزە و توانای دەخاتە گەڕ بۆ داکۆکیکردن لە خۆی و ژێر پرسیاربردنی ئەوی‌تر و بەم شێوەیە مەجالێک بۆ ئەسڵی بابەتەکە، کە «ڕخنە» و دیالۆگە، نامێنێتەوە. ڕەخنە دەبێتە ڕق و تووڕەیی و شەرمەزارکردنی دولایەنە کە جێگەی دیالۆگ دەگرێتەوە. درێژەکێشانی ئەو چەرخەیە وادەکات کە ڕەخنەگر لە ئەرک، ڕۆڵ و ویست و ئامانجی سەرەکێی خۆی دوور بکەوێتەوە و دەکەوێتە سیکلێکی نائەخلاقی/ نالۆژیکی، لە قالبی ڕخنەگر و ئەقەللیەت‌دا.

بەکورتی لەم تێڕوانینیەدا، نەک تەنیا لایەنی دەسەڵات بەڵکو لایەنی ناڕازی/ دژبەر ڕێڕەو و تێفکرینێکی تاکرەهەندی بەخۆوە دەگرن، واتە ترس لە کرانەوە و دەرفەتدان بە هاتنە ئارای ئایدیای جیاواز سەرەتای ئەو سیکلە نالۆژیکی/ ئەخلاقی‌یە کە دیالۆگ لەگەڵ ئەوانی‌تر ڕەد دەکاتەوە. لە بەستێنی لەم شێوەیەدا دەرفەتێکی ئەوتۆ بۆ هاتنە ئارای ڕەخنە بابەتی بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەکان و لێکگرێدانی بەرەژەوەندی‌یە هاوبەشەکان نامێنێتەوە. لێکەوتە و دەرئەنجامی ئەمە دەبێتە دابڕان، دارمان و لێکهەڵوەشانەوە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و یەکە سیاسی‌یەکان و هاتنە ئارای یەکە و پێکهاتەی نوێی سیاسی، کەمەلایەتی و کولتووری بە هەمان عەقلییەت و تێڕوانین.

ئەنجام:

پەیوندی‌یەکی ڕاستەوخۆ لەنێوانی دوو چەمکی تەکرەهەندیبوون و ڕەخنەی بابەتیانەدا هەیە، ئەم دوو چەمکە بەر لە هەر شتێک، تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتی/ ئەخلاقین کە پێویستی بە هەندێک فاکتەر و پێشمەرج هەیە بۆ ئەوەی شکل بگرن:

یەکەم مۆڕاڵ، واتە ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونە جیاوازەکان، دووهەم کراویی، واتە سنگفراوانی و دەرفەتدان بە هاتنە ئارای دەنگە جیاوازەکان، سێهەم ئۆبژێکتیڤبوون کە بریتی‌یە لە لێهاتوویی لە هەڵسەنگاندنی بابەتی‌یانەی ڕەخنە، چوارەم دیالۆگ کە بریتی‌یە لە توانای بیستن و دیتنی دیدی جیاواز و کەوتنە نێو دانوستان لەگەڵ ئەوانی‌تر. لە دۆخێکی لەم شێوەیە دایە کە ڕەخنەی بابەتی‌یانە دەبێتە کولتوور و تاک و پێکهاتەی فرەڕەهەند شکڵ دەگرێ.

ئەو پێشمەرجانە لە بەستێنی ئازاددا دەرفەتی هاتنە ئارایان زیاترە، بۆیە ڕەخنەی بابەتی و دیالۆگ ئاوێنەی ئەر ڕێژە لە ئازادی‌یە کە لە کۆمەڵگەدا هەیە. نەبوونی ڕێژەی پێویست لە ئازادی و نەهاتنە ئارای ئەم پێشمەرجانە بنەمای شکلگرتنی پێکهاتە و تێڕوانینی تەکرەهەندی‌یە. ئەم تەکرەهەندی‌یە لە بنەماڵەوە دەست پێدەکات و دواتر خۆی لە نێو تان‌وپۆی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکانی‌تردا، بەرهەم دێنێتەوە.

# جێبەجێ کردنی گەڵاڵەی «هیئت امنایی» قوتابخانە دەوڵەتی‌یەکان

شنۆ فەتاحی
و: ئاڵەشین

هەروەک دەزانین هەموو ئۆرگان و ئیدارە و قوتابخانەکانی وڵات تووشی گەندەڵی دارایی و دزی و بەڕێوەبەری سەقەت و خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە دارایی و ئیمکاناتی گشتی بوون و بەداخەوە پەروەردەش لەو پەتایە بێبەری نیە و گیرۆدەی بەدبەختی‌یەکی زۆری دارایی و فەرهەنگی‌یە و لەچاو دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی دیکە کەمترین بوودجەی بۆ تەرخان کراوە، کەچی باری قورسی کۆمەڵگەی لەسەر شانە و ملیۆنان کەس لە وڵات ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە کاری پەروەردە و پرسەکانی‌یەوە سەرقاڵن. سرووشتی‌یە قوتابخانە دەوڵەتی‌یەکانیش کە یەکەیەکی بچوکی پەروەردە و فەرهەنگی ئەو ڕێکخراوە پان و بەرینەن تووشی هەرەج و مەرەج و بێ‌بەرنامەیی و بەڕێوەبەرانی نالێهاتوو و ڕەنگە تەنانەت گەندەڵ و خۆفرۆش و کەڵکاژۆخوازێکی زۆر بن، هەروەها چونکی لە لایەن پلەبەرزەکانەوە دامەزرێندراون زیاتریش تووشی گەندەڵی پەروەردەیی و فەرهەنگی و دارایی دەبن و، لەم لایەشەوە چونکی بوودجەی پەروەردە کەمە و زیاتریش دەبێ خەرجی بەرنامە پرۆپاگەندەییەکانی ڕێژیم بکرێ هەتا قوتابی‌یەکی زۆر ڕاکێشی ڕێکخراوە سیخۆری‌یەکان بکرێن و ببن بە بەسیج، کەواتە ڕوون و ئاشکرایە چی بۆ چاکترکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابخانە و دابینی کەلوپەل و پێشخستنی قوتابخانان نامێنێتەوە و هەر بۆیە بەڕێوەبەران و ئەربابەکان و ئەنجومەنی قوتابخانەکان هەموو ساڵێک بە دەیان فێڵ و تەڵەکە و شێوازی هاندان و هەڕەشە و پاڕانەوە زۆربەی تێچووەکانی قوتابخانە وەک تێچووی ئاو، کارەبا، تەلەفون، گاز و کەرەسەی نووسینی وەک کاغەز و کەرەسەی ڕاکێشان و پرینت و چاککردنەوەکان لە ڕێگەی قوتابی‌یەکانەوە لە دایک و باوکانیان وەردەگرن و هەمیشە لە قوتابخانە دەوڵەتی‌یەکان مشتومڕێکی زۆر لەسەر دابینی ئەو تێچووانە لە گۆڕێ‌یە و یەکێکە لە کەڵکەڵە گەورەکانی بنەماڵە دەستکورت و هەژارەکانی کۆمەڵگە، کە بەداخەوە خۆکوژیی قوتابییانی لە شارەکانی وڵات بەدوای خۆیدا هێناوە، یا بۆتە هۆی ئەوەی قوتابی‌یەکی زۆر دەرس و خوێندن جێ بێڵن. هەر لەم پێوەندی‌یەدا ئەو دواییانە و بەتایبەت ئەمساڵ، قوتابخانەکان خەریکن پرۆسەیەکی پارەوەرگرتنی زۆرەملی بەڕێوە دەبن بە ناوی «هیئت امنایی»، ئەو پرۆسەیە بەو گوێرەیە کە قوتابخانە و ئەنجوومەنەکان تێچووی قوتابخانەکانیان لە هەموو بوارەکانەوە لێکداوەتەوە و بەسەر قوتابی‌یەکانیان‌دا دابەش کردوە و مانگی خەرمانان کاتی تۆماری ناوی قوتابی‌یەکان لە بنەماڵەکانیانی وەردەگرن، کە ئەگەر بڕە پارەی دیاریکراو نەدەن منداڵەکان ناونووس ناکەن. هەر بۆیە لە ئێستاوە خێزانێکی زۆری هەژار و دەست تەنگ کەوتوونەتە بیری دابینی چەند سەد سەزار تمەنێک بۆ ناونووسی منداڵەکانیان و بەداخەوە هەر ئەو بنەماڵانە کە زۆربەیان چەند منداڵی بەرخوێندنیان هەیە، بارێکی قورسیان دەکەوێتە سەرشان. سەرەڕای ئەوەش کڕینی کتێبی خوێندن و کەرەسەی نووسین و خوێندن و جلوبەرگیش هێندەی دیکە ئەو بنەماڵانە دەخاتە تەنگانەوە. هەرچەند لە قانوون‌دا پەروەردەی خۆڕایی مافی هەموو منداڵان و مێرمنداڵانە، بەڵام لە ئێران‌دا هیچ قانوونێک پراکتیزە ناکرێ و بە شێوەی جۆراوجۆر پێشێل دەکرێ و ئیدارەکانی پەروەردەش خۆ لە پێداویستی‌یەکانی قوتابخانەکان دەبوێرن و دەستی بەڕێوەبەران و بەرپرسانی قوتابخاەکانیان ئاوەڵە کرودە تا هەر چۆنێک بە باشی دەزانن تێچووەکانی خۆیان دابین بکەن و قوتابخانەکان بەڕێوە ببەن. هەر بۆیە لە سۆنگەی ئەو پرۆسە و گەڵاڵەیەوە کێشە و ئارێشەیەکی زۆر دەستەویەخەی بنەماڵە هەژارەکان بووە و قوتابی‌یەکی زۆرتریش لە خوێندن و خۆپێگەیاندن دەبن.

## دەسپێکی قوتابخانەکان لە ئێران و کوشتنی زمانی زگماکی

لە دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن و کرانەوەی خوێندنگاکان لە ئێران و شارەکانی کوردستان‌دا ، چاوەڕوانی خەڵک و چالاکانی فەرهەنگیی کوردستان لەسەر خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی لە قوتابخانەکان وەکوو ساڵانی پێشوو مایەوە.

ئەگەرچی دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتەکانی پێش خۆی ڕاشکاوانەتر بەڵێنی دابوو کە گەڵاڵەی خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی لە زووترین کات دەچێتە بواری جێبەجێ کردن و بۆخۆیشی ئەو گەڵاڵەیەی پەسەند کرد، بەڵام لە دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندنی ٩٥-٩٦ لە ئێران‌دا، دەرکەوت قسەکانی ڕوحانی لەسەر مافی خوێندن و نووسین لە قوتابخانەکانی نەتەوە جیاجیاکان لەو وڵاتەدا، هەر تەنیا بانگەشەی هەڵبژاردن بوو نەک پرۆژیەکی کۆنکرێت و یاسایی.

## پارێزگای ورمێ پێویستی به ٥ هەزار پۆلی وانەوتنەوە هەیە

پارێزگاری ورمێ گوتی قوتابخانەی گوندەکانی ئەم پارێزگایە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەی خێرا هەیە. قوربانعەلی سەعادەت، پارێزگاری ورمێ لە کاتی کرانەوەی چەند قوتابخانەیەک لەم پارێزگایەدا وێڕای ئاماژە بە نزمبوونی پێوەرەکانی فێرکردن گوتی: قوتابخانەکانی ئێمە پێویستیی خێرایان بە نۆژەن‌کردنەوە و قایمکردن هەیە و دەبێ ئاوڕی جیددی لێ بدرێتەوە.

ناوبراو گوتی بە پێی پێوەرە تاووتوێ‌کراوەکان کە لە لایەن پسپۆڕانی بواری فێرکردن و پەروەردە کراوە، ئەم پارێزگایە پێویستی بە زیاتر لە ٥ هەزار پۆلی وانەگوتنەوە هەیە، هەروەها ٢ هەزار پۆلی کۆنی گوندەکانیش لە بەرەبەری ڕووخان دان و پێویستیان بە نۆژەن‌کردنەوە هەیە.

شایانی باسە پارێزگای ورمێ یەکێک لە پارێزگاکانی کوردستانە کە لەگەڵ کێشەی نەبوونی قوتابخانەی پێویست و ئەمنییەتی ئەو قوتابخانانە بەرەوڕوویە. زۆربەی قوتابخانەکان بەتایبەت لە گوندەکان، لە سیستمی گەرمایی پێشکەوتوو بێ‌بەشن و ئەوەش بۆتە هۆی ڕوودانی زۆر کارەساتی دڵتەزێن.

# هەڵوێستەیەک لەسەر ناسنامە و شوناسی سیاسیی کورد

(بەشی یەکەم)




عەزیز شێخانی


تێڕوانین لە جیهان، گۆی زەوی و دابەشکاری جۆغرافیایی و سیاسی لەگەڵ زۆر ڕاستیی تاڵ و وشک ئاشنامان دەکا. لەو ژینگەیەدا لاوازان پەراوێز خراون و تەنانەت لە مافی خاوەنایەتیی خاک و چارەیخۆنووسین دابڕێندراون. ئێمەی کورد لە کۆنەوە، نەخشی شوینکەوتە و پاشکۆیەتیمان بە باڵا بڕاوە و لەدوای گەل و نەتەوەکانی دیکەی جیهان لەگەڵ چەمک و دیاردەکان ئاشنا بووین. ئێمە وەک تاک و کۆ هێشتا لە سەدەی ٢١دا ئازایەتیی خۆناسین و داواکردنی ویست و داخوازەکانمان بە شێوەیەکی کۆنکرێت و تۆکمە نییە. ئێمە لە جیهانی ناسنامەکاندا خۆمان لێگۆڕاوە و شەکەت و ماندوو، داگیرکەر و خۆمان بە سروشتی لۆژیکی شوناس بۆ جیاناکرێتەوە. هاوار و کردەوەکانمان لەسەر بنچینەی ناسنامە شێواو و پەرتەوازەکەمان، هێزی گۆڕانیان نییە و لە نیوەی ڕێگادا دەوەستن. لە ئاکامی خۆنەناسین و نەبوونی توانا بۆ خۆجیاکردنەوە لە ئەوانی دیکە، چاوەڕوانی ڕزگاریدەری ئاسمانین و لە پێناوی مانەوەدا لە ژێر چنگی داگیرکەراندا سەرکز و ماتین. لەو جیهانەدا نیزیک بە ٢٠٠ دەوڵەت لە ماوەی چەند سەت ساڵێکدا پێکهاتوون و نەخشەی جیهانیان بە تەواوەتی گۆڕیوە. ئێمە لەو بەستێنەدا زۆر لە سەرەخۆین و هێشتا بۆ گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی ڕێگا دەبڕین. مرۆڤەکان لە یەکە سیاسییە جیاوازەکاندا دەژین و لە ماڵ، کۆمەڵگە و قوتابخانەکاندا فێر دەکرێن کە سەر بە چ ئایین، ڕەگەز، نەتەوە، کولتوور و کەمەنەتەوەیەکن. ئێمەش لەسەر خاکی خۆمان ناچار دەکرێین کە مێژوو، زمان، کولتوور و چیرۆکی نەتەوە سەردەست و دەوڵەتە چەتەکان بخوێنین.

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ناسنامەی سیاسی گونجاوە چەند پرسیاریک بورووژێنین کە سنوور ناناسن و لە نێو گەل و نەتەوە جیاوازەکانی سەر تۆپی زەویدا جێکەوتوو و باون. تۆ کێی؟ ئێمە کێین و خاوەنی چ ڕابردوو و مێژوویەکین؟ کورد بوون چ مانایەکی بۆ ئێمەمانان هەیە؟ تۆ هەڵگری ناسنامەی چ وڵاتێکی و زمانی دایکت چییە؟ لە کوێ لە دایک بوویی و سەر بە چ ئایین و قوتابخانەی دینیت؟ ڕەگەز و پیشەت چییە و سەر بە چ نەتەوە و کولتووریکی؟ ئەو پرسیارانە لە جیهانی ئەمڕۆدا نامۆ نین، بەڵام لە سەردەمی کۆندا بێ بنەما و نامۆ. کاکڵەی ئەو باسە لە سەردەمە جیاوازەکاندا کەموزۆر ڕەنگ دەگۆڕێ، بەڵام هەناوی ناگۆڕێ و هەڵگری مانا و بایەخی قووڵە. ئەو پرسیارانە بە تێکڕا باس لەوە دەکەن، کە ئێمە یان ئەمن چ پێوەندییەکم لەگەڵ ئەوانی دیکە و دەوروبەردا هەیە و لەگەڵ کامانە خاوەنی ڕابردوویەکی هاوبەش، ئەمڕۆیەکی پێکەوە و دوارۆژێکی وەک یەکین.

ئایدێنتیتی وشەیەکی تێکەڵاوی زمانی لاتینە کە لە دوو بەشی ئیدێم و ئینتێتی پێکهاتووە. بەشی یەکەم «ئیدێم» بە مانای هاوشێوە، وەکوو یەک یان لێکچوو دێ و بەشی دووهەم «ئینتێتی» مانای تێکڕا و هەموو دەدات. ئەو وشەیە ئاماژە بە سەرجەم یان تێکڕا دەکات کە وەکیەک و هاوشێوە دەمێنێتەوە و لە ئاڵوگۆڕە گەوەرەکانیش‌دا هەوێنی لە دەست نادات. شوناس لە ڕوانگەی ئەندامانی کۆمەڵە مرۆڤێک، گەل و نەتەوەیەک مانا و ئاماژەیەکی هاوبەش دەدات. تێگەیشتن لە ناسنامە بەندە بەوەی، کە لە چ ڕوانگە و زانستێکەوە هەڵدەسەنگێندرێ. ناسنامە لە ئاستی تاکدا زیاتر بواری سایکۆلۆژی و ناخ و «خۆ» دەگرێتەوە، بەڵام لایەنە تێکڕاییەکەی دەرکەوتەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتییە. لە تێڕوانینی «ستوارت هاڵ» ناسنامە بە سەر سێ بازنەی زەمەنی‌دا دابەش دەکرێ. یەکەم ئەو بەشە کە مرۆڤ بە لەدایکبوون وەری دەگرێ و وەک تاکێکی تەواو و خاوەن هزر، تێگەیشتن، زانیاری و تێکۆشان هەڵگریانە. دووهەم بازنە بریتی‌یە لە بەستێنی کۆمەڵایەتی، کە وەک بازنەی یەکەم سروشتی و ئۆتۆماتیک نییە، بەڵکو لە پێوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکە و دەوروبەردا شکڵ دەگرێ. سەمبول، بایەخ و ماناکان لەو قۆناخەدا کارا و شوێندانەرن. بازنەی سێهەم، باس لە بازنەی پۆستمۆدێرن دەکات کە زۆر کۆکراوە و تۆکمە نییە، بەڵکو پەرتەوازە و لێکدابڕاوە. ئەو جۆرە لە ناسنامە لە چەند ژێرشوناس پێکهاتوە کە ڕەنگە لەگەڵ یەکتردا ناتەبا بن.




”ناسنامە لە ئاستی تاک یان کۆدا لێکگرێدراوی توخم و ژینگەی پێوەندی‌یەکانی نێوان «خۆ» و «ئەوانە». ناسنامە لەگەڵ داوبەندە کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایینی و زمانەوانی‌یەکان‌دا گرێدراوە. شوناس مانا و هەوێنی ژیانە، بۆیە بە بابەت و ماتریاڵی لاوەکی و دەرەکی جێگای پڕ ناکرێتەوە. شوناس تێکەڵێکە لە دیالۆگ لەگەڵ خۆ و دەوروبەردا “

ناسنامە ڕەوتێکە کە بەردەوام لە ئاکامی پێوەندی‌یە نێوخۆیی و دەرەکی‌یەکان، سروشتی ژینگە و تێڕوانینی ئەوانی دیکە، ڕوخسار دەگۆڕێ. شوناس لە ئانالیز و هەڵلاجی کردن‌دا بە سەر نێوەڕۆک، قەوارە و ڕەوت‌دا دابەش دەکرێ. شیکردنەوە و تاریفیکی کۆنکرێت لە ناسنامەی مرۆڤ کارێکی گرانە. ناسنامە پرسێکی سەردەمی مۆدێرنە، کە خاوەنی زۆر ڕەهەند و ڕوخساری جیاوازە. لە سەردەمە کۆنەکان‌دا مرۆڤەکان وەک ئەندامی کۆمەڵە بچووک و بنەماڵەکان لەسەر ناسنامە و شوناسیان هیچ جۆرە پرسیار و گومانیان نەبووە. لە ئاکامی گەشەکردنی کۆمەڵگە، ڕوودانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە بەستێنی ژیانی مرۆڤەکان، پەرەسەندنی ژیانی ڕێکخراوەیی و ئیداری، شوناسی مرۆڤەکان پەلی هاویشت و لق و پۆپی زیاتری لێ‌کەوتەوە. کاتێک مرۆڤەکان لەسەر بناخەی جیاواز، چوارچێوەی جۆغرافی و ئابووری‌یان بۆ خۆیان دەستنیشان کرد و مێژووی خۆیان دارشتەوە، تێڕوانیان لەسەر خۆیان و ئەوانی دیکە گۆڕا. لە درێژەی ئەو ڕەوتەدا، زمان تەنیا بۆ نووسینی کتێب و دارشتنە ئایینی‌یەکان بەکار نەهات و بوو بە ئامرازی نووسینی ڕووداو و زانیاری‌یەکان و بە سێحرێک ڕابردوو، ئەمڕۆ و داهاتووی پێکەوە بەستەوە. لە بەستێنی ژیانی مرۆڤدا باس و ماناکان بە تەواوەتی لە یەکتر جیا ناکرێنەوە. لە ژێر تیشکی ئەو خوێندنەوەیەدا ناسنامەی تاکە مرۆڤێک لە دەوروبەر جیا ناکرێتەوە. کاتێک پرسیار لە خۆم دەکەم، «کە ئەمن کێم؟» بێگومان لەگەڵ پرسیاری «ئێمە کێین؟» گرێدراوە و لە بەستێنی کۆمەڵایەتی، ئێتنیکی، کولتووری، ئایینی، زمان و ناوچەی ژیان و هتد بە یەک دەگەن.

ناسنامە لە ئاستی تاک یان کۆدا لێکگرێدراوی توخم و ژینگەی پێوەندی‌یەکانی نێوان «خۆ» و «ئەوانە». ناسنامە لەگەڵ داوبەندە کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایینی و زمانەوانی‌یەکان‌دا گرێدراوە. شوناس مانا و هەوێنی ژیانە، بۆیە بە بابەت و ماتریاڵی لاوەکی و دەرەکی جێگای پڕ ناکرێتەوە. شوناس تێکەڵێکە لە دیالۆگ لەگەڵ خۆ و دەوروبەردا. بۆ وێنە ئێمە وەک ئەندامی کۆمەڵگەی کورد یان ئەوانی دیکە وەک ئەندامی کۆمەڵگەی فارس، تورک یان عەرەب، هەوێن و ماددە سەرەکی‌یەکانی پێویست بۆ ژیان وەک زمان، مێژوو، شوێنی لەدایکبوون، کولتوور و ئایین لە کۆمەڵگە وەردەگرین. بەشێکی بنەڕەتی لە بەستێنەکانی ناسنامەی ئێمە لە پێوەندی ئێمە و کۆمەڵگەدا و بەتایبەت ئێمە و ئەوانی دیکەدا مانای خۆیان وەردەگرن. بازنەی شوناس و ناسنامە لە بەستێنی کات و سەردەم‌دا دەکەوێتە ژێر شوێنەواری ئاڵوگۆڕەکان، بەڵام خاڵی جەوهەری ناسنامەی تێکڕایی، وەرچەرخانی گەورە وەرناگرێ. مرۆڤ گیانلەبەرێکە، کە هەڵلاجی خۆی دەکات و لێکدانەوەی لەسەر خۆی هەیە. ناسنامە لە بنەڕەت‌دا چیرۆک و گێڕانەوەی خۆمان لە ڕووداو، دیاردە و خۆمانە، کە وڵامی ئەو پرسیارە تاوتوێ دەکات، کە ئێمە کێین؟

ناسنامە لە بواری سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری، ئایینی، ڕەگەز، پیشە و هتد لێکدراوەتەوە. لە پەنا چەمکی ناسنامە زۆر چەمکی دیکە وەک گەل، نەتەوە، نەتەوایەتی، هاووڵاتی و نیشتمانی زەق دەبنەوە. لە خوێندنەوەیەکی ساکاردا، ناسنامە بەرهەمی پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانە، کە بە پێوەندی کۆرپە و دایک و باقی ئەندامانی ماڵ دەست پێ‌دەکا و پەل بۆ کۆمەڵگە و گۆڕەپانێکی بەرینتر دەهاوێژێ. شوناس لەگەڵ ئەوەی لە ئاستی تاک و تێکڕایی ئاماژە بەوە دەکات کە ئێمە یان ئەمن کێم، لە هەمانکات‌دا دەریدەخات کە ئێمە یان ئەمن کێ نین. بە واتایەکی دیکە خاڵی بەرامبەر بە ئێمە یا ئەمن، ئەوان یا ئەوە، کە لە بەراوردکردن لەگەڵ خۆمان‌دا جیاوازە و هاوشێوەی ئێمە نییە. ئەو جیاوازی‌یە لە شکڵ و شێوەی جیاوازدا دەردەکەوێ کە لە کۆن‌دا لە زمان و ئاخاوتن‌دا زیاتر ڕەنگی داوەتەوە.

ناسنامەی تێکڕایی و سیاسی بە زەقی لە شوناسی سایکۆلۆژی و تایبەت بە تاک جیا دەبێتەوە و سنووری پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان دەبڕێ. شوناسی سیاسی، بە لوتکەی جیاکەرەوەی نێوان ئێمە و ئەوان یان دۆست و دوژمن بە ئەژمار دێ. ئەو پێوەندی‌یە پاسیف نییە و لە کردەوەدا ئەکتیڤ و کارایە. ناسنامەی سیاسی و تێکڕایی لە بەستێنی کات و مێژوودا شکڵ دەگرێ. ئەو جۆرە لە شوناسە لەگەڵ هەوداکانی ڕۆژگار و ڕووداوەکان تێکەڵە و چیرۆک، سەمبول و ڕەمزە نەتەوەییەکان یان تێکڕاییەکان لەخۆدەگرێ. بە واتایەکی دیکە سەمبول، ڕەمز و کۆدە گشتی‌یەکان لە شکڵگرتنی شوناس‌دا ڕۆڵی گەورە دەگێڕن. لەسەر بناخەی شوناسی سیاسی، ئەوانی دیکە لە خۆ جیا دەکرێنەوە. گەلان و نەتەوە خاوەن‌دەوڵەتەکان بە شێوازی جیاواز و لە سەردەمی کۆنەوە بەردەوام بە دوای وێنەی خۆیان‌دا گەڕاون و بۆ باشترکردنی وێنەکەیان پەنایان بۆ ئەفسانە و چیرۆک بردووە. مرۆڤەکان لە ڕێگای دۆزینەوە و گەشەپێدانی شوناسی هاوبەش خوازیارن کە لاقیان لە سەر ئەرزی بوونی ئەم جیهانە قایم و پتەو بکەن. لە ژێر تیشکی تیۆری ناسنامەی سیاسی بنج و بناوانی زۆر قەیران و کێشەی ئەمڕۆی جیهان دەناسرێن و چارەسەر بۆ بەشێکیان دەستنیشان دەکرێ.

چەمکی شوناس، دۆست و ئەوانی دیکە لە فۆڕمی نێوتراڵ، نەرێنی و دوژمن لە ئاستی لۆکاڵی، ناوچەیی و جیهانی‌دا دەردەکەون و ڕۆڵ و نەخشی کارا لە پێوەندی نێوان دەوڵەتان، گەلان، ئاشتی و شەڕدا دەگێڕن. بۆ وێنە لە سەردەمی دوو جەمسەری‌دا هەر دووک لایەن و تەنانەت دەوڵەتانی هاوپەیمان بە چاوێکی دوژمنکارانە لە کردەوە و سیاسەتی لایەنی بەرامبەریان دەڕوانی. شایانی ئاماژەپێکردنە کە ژمارەیەک شارەزا و خاوەن‌بیروڕا گرینگیی زۆر بە شوناس لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان نادەن. بە وتەی کەسێکی شارەزا، نیزامی سەرمایەداری پێویستی بە بازاڕە نەک دوژمن. لە بەرامبەردا بە گوێرەی تێڕوانینی زۆر خاوەن‌بیروڕا، مرۆڤ و مرۆڤەکان بۆ درێژەدانی ژیان بێجگە لە نان پێویستیان بە شوناس و زۆر بابەتی دیکە هەیە. شوناسی سیاسی، دەوڵەت بە تەنیادەزگای تاریفکردنی و دیاریکردنی ناسنامە نازانێ. لەو ڕوانگەوە گەل و نەتەوەکان و تەنانەت کەمەنەتەوە و ئایینەکان بەشێکی کارا و دیاری وێنەکەن و ناکرێ پەراوێز بخرێن. ناسنامە لە بەستێنی هەڵخڕاندن و دامرکاندنەوەی قەیرانەکان‌دا شوێندانەرە و بە فاکتەرێکی دیار دەناسرێ.

بە گوێرەی لێکدانەوە و خوێندنەوەی «ویلهۆ هارلی» شارەزا لە پرسی ناسنامە و پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان، لەپاش کۆتایی شەڕی سارد لێکۆڵینەوە لەسەر شوناس و ئەوانی دیکە زیاتر بوون و بە جۆریک کەوتۆتە چەقی زانستە مرۆڤی‌یەکان. کۆتاییەکانی شەڕی سارد بۆ مرۆڤایەتی بە مانای هەڵخڕانی زیاتری هەست و ئۆگری بۆ ناسنامە و شوناسی سیاسی، کولتووری و مافەکان بە ئەژمار دێت. بە واتایەکی دیکە لە دۆخی تازەدا بە فۆڕم و شێوازێکی دیکە جیاوازی‌یەکانی نێوان ئێمە و ئەوان خوێندرانەوە. بۆ زەقبوونەوەی جیاوازیی شوناس و ناسنامە، ئێمە پێویستمان بە بوون و تێگەیشتن لە ئەوانی دیکەیە کە بەستێنی خۆناسینی کۆمەڵایەتی و لە درێژخایەن‌دا سیاسیی کۆمەڵە خەڵکێک ئامادە دەکات. ئەوانی دیکە لە تاریفێکی گشتی‌دا بۆ ناسین لە بازنەی کرداری‌دا پێویستیان بە وردبوونەوەیە. دەکرێ ئەو یان ئەوان لە خانەی نێوتراڵ، نەرێنی و لە کۆتایی‌دا دوژمن‌دا جێ بگرن. لەسەر بناخەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان، لە بیر و زەینی زۆرایەتی یان کەمایەتیی کۆمەڵگەدا وێنەیەک لە دوژمنی ڕاستەقینە یان مەزەندەکراو و نادیار دەخوڵقێ، کە بۆ پرسی ئاسایشی نیشتمانی و وڵاتان سوودی لێ‌وەردەگیرێ. لە ڕێگای ناساندن و دیاریکردنی ڕوخساری دوژمن قەیران و ڕووداوەکان باشتر مانا دەکرێنەوە و پرسی بەرەنگاربوونەوە و ئامادەکاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوە زیاتر زەق دەبێتەوە. لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی‌دا پێوەندی نێوان ئێمەی باش و خاوەن‌ماف لەگەڵ ئەوانی نوێنەری خەراپە و شەڕ، لەسەر بنەمای ڕەوایەتی چەق دەبەستێ. لە ژێر تیشکی ئەو دیاردەیەدا زۆربەی دەوڵەت و گەلانی بێ‌دەوڵەت و تەنانەت هێزە ڕزگاریدەرەکان لایەنی بەرامبەریان بە نوێنەری خەراپە و وێرانی دەناسێنن و مافی بەرگریی و پەلاماردان بۆ خۆیان بە ڕەوا دەزانن.

کوردەکان لە سەردەمی گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی و پەرەسەندنی هەستی نیشتمانی و تەنانەت بەکارهێنانی زمانی دایک و خۆناسین‌دا لە دوای زۆربەی گەلانی ناوچەکە بوون. ناسنامەی سیاسیی کوردان پەرتەوازە و ناکۆنکرێتە. کوردەکان خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نین و نەبوون. ئەوان لە ماوەی زیاتر لە ٥٠٠ ساڵی ڕابردوودا تووشی چارەنووسی تاڵ و دابەشبوونی زیاتر بوون و هێشتا لانیکەمی مافەکانیان دەستەبەر نەبووە. چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر و دەسەڵاتی مادەکان کاریگەریان لەسەر ئەمڕۆی کورد نییە و لە پرسی خەباتی ڕزگاریخوازی‌دا مانایەکی کۆنکرێت نابەخشن. هەڵکەوتی جۆغرافیایی و ژێئۆپۆلیتیکی کوردستان، لەسەر جۆر و چۆنایەتی شکڵگرتنی ناسنامە و شوناسی سیاسیی کوردان بە ڕێژەیەکی بەرچاو شوێندانەر بووە. مێژووی شەڕە کۆنەکان، ڕێژەی پەلامارە دەرەکی‌یەکان بۆ سەر خاکی کوردان، زاڵبوونی نەتەوە و دەسەڵاتی ئەوانی دیکە لە کوردستان تەگەرە و کۆسپی لە بەردەم گەشەکردنی سروشتی ناسنامەی تێکڕایی کوردانی خولقاندوە. ژیان لە ژێر دەسەڵاتی چەوسێنەر و تەنانەت چەوسانەوە بە ناوی خوا و ئایین لە ماوەی سەدان ساڵ و دابەشبوون لە نێوان دوو دەسەڵاتی عوسمانی و پێرسیا(ئێرانی کۆن) و دواتر تورکیە، ئێران، عێراق و سوریەدا پرسی شوناسی کوردیان ئاڵۆز کردوە. لە ژێر پاڵەپەستۆی زۆرداران و پەرتەوازەبوونی نێوخۆیی‌دا، کوردەکان بە شێوەیەکی کۆنکرێت و تۆکمە بەرپەرچی ئەوانی دیکەیان نەداوەتەوە.

ناوچەی کوردان لە سەردەمی گەشەکردن و ڕووناکبیری و دامەزرانی دەسەڵاتی مۆدێرن، لە زۆر بابەت و دیاردە دوور بووە. ئەوان لەپاش زۆربەی گەلان و خەڵکی دیکەی ناوچە ئاگادار و شارەزای جۆر و چۆنایەتی سیستمی ئیدارە، پەروەردەی مۆدێرن، مێدیا و سیاسەت بوون. لە ژێر کارتێکەری دین و بیری نەتەوە باڵادەستەکان زیاتر شوێنکەوتووی خەلیفە و پاشای ئەم و ئەو بوون. لە سەردەمی مۆدێرنیش‌دا توێژی خوێندەوار لە ژێر ناوی سۆسیالیزم، کۆمۆنیزم، سەرمایەداری و تەنانەت ڕەوتی گلۆبالیزم بە ئاسانی لە لایەن ئەوانی دیکە دەستەمۆ کراون. عەرەبەکان، فارسەکان، تورکەکان بە تێکڕا لە دین و ئایدۆلۆژی‌یەکانی دیکە کەڵکیان وەرگرتووە و بەرهەڵێخیان بۆ دیواری لەرزۆکی ناسنامەی خۆیان هەڵچنیوە. ئەوان بە ناوی دین، ڕەگەز، سنووری دەستکرد و زۆر چەمکی ڕەنگاوڕەنگ تەنانەت کورد و زۆر نەتەوە و خەڵکی دیکەیان کۆنتڕۆڵ و دەستەمۆ کردوە. کوردەکان لەو نێوەدا لە دین و دەسەڵاتە دینی‌یەکان و هەروەها دەسەڵاتی دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوە سەردەستەکان تەنیا کەلەپچە و ژێرچەپۆکیان پێ‌بەخشەرا. ئەگەرچی کەسانی وەک خانی لە نووسین و شێعرەکانیان‌دا ئاماژە بە دەردی کوردان دەکەن، بەڵام تێکڕای کورد شارەزای شوناسی خۆی نەبووە و ئاگاداری لەسەر زمان، مێژوو، کولتور، خاک و هتد وەک پێویست نەبووە.

درێژەی هەیە...

ئەو وتارانەی لە «بیروڕای ئازاد«دا بڵاو دەبنەوە، تەنیا سسدەربڕی بیروڕای نووسەرەکانیانە.

# زمانی زگماکی وەک هێز



سۆران عەلیپوور

زمان یەکێک لە ئاڵۆزترین داهێنانەکانی مرۆڤە، هاوکات ڕازێکی سەرنجراکێش و گرێیەکی سەختی بواری لێکۆڵینەوە و تێڕامانیشە، چۆن زمان پەیدا بووە؟ بۆچی زمان بووە بە هۆکاری پەیوەندی دروست کردن و چۆن پرۆسەی لێکگرێدانی دەنگ و واتا، ڕستەسازی و وشەسازی دەستی پێکردووە و تائێستاش بەردەوامە؟ لەو پرسیارە سەرەتایی و بنەڕەتی‌یانەن کە زمانناسانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، هاوهەنگاو لەگەڵ گەشە و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی‌دا زمان تەنیا لە چوارچێوەی هۆکارەکانی پەیوەندی پێکەوەکردن‌دا نەماوەتەوە و لە کۆنتێکستی جیاوازدا ڕۆڵ و ماهیەتی خۆی گۆڕیوە و کارەکتەری جۆراوجۆری تاقی کردۆتەوە، بۆ نموونە زمان لە تێڕوانینی یەکەم‌دا ڕۆڵێکی مەدەنیانە دەگێڕێ و پانتایی پێکگەیشتن، لێکتێگەیشتن و پەیوەندی دروست کردنی نێوان مرۆڤەکانە. لەگەڵ گۆڕانکاری‌یە مێژوویی و سیاسی‌یەکان، لە دنیای مۆدێرن‌دا زمان بەرگێکی سیاسی‌یانە دەپۆشێ و دەبێتە مەیدانی جیاکردنەوەی سنوورەکانی دەوڵەت ـ نەتەوە و بەشداری و پشکداری لە کایە سیاسی‌یەکان و ڕەوایەتی دەبەخشێ بە هاووڵاتی‌بوون لە فۆرمێکی ئیداری و سیاسی‌دا، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەو کارکردە ئایدۆلۆژیکی‌یەی زمان لە تورکیە و ئێران‌دا بکەین. زمان لە کارەکتەرە شوناسخوازی‌یەکەی‌دا کە مەبەستی سەرەکیی ئەو وتارەشە، پانتایی ئەزموون کردنی ناسنامەیە، ئامرازێکی کارا و بەهێزی پێناسەکردنەوە و دانپێدانانە لە سنوورەکانی نەتەوە ـ دەوڵەت‌دا و نزیک بوونەوە لە نێوەندی دەسەڵات. ئەو کارەکتەرەی زمان لەنێو کەمینە ئاینی و ئێتنیستیەکان‌دا، یا لەنێو نەتەوە پەراوێزخراوەکان‌دا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێ. بۆ کوردەکان زمان هەم دیوێکی بەرگریخوازانەی هەیە کە بەشێکە لە ناسنامەیەک و دەبێ لە ئاست هێژمونی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان‌دا وەک میراتێک و گەوهەرێکی بەبایەخ بپارێزرێ، هەم دیوێکی هێرشبەرانەشی هەیە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و دروست کردنی قەوارەیەکی سیاسی.

ئێستا لە دنیادا لە نێوان ٣٠٠٠ تا ٨٠٠٠ زمان بوونی هەیە، هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی کە ناکرێ ئامارێکی ورد لەو بارەوە بڵاو بکرێتەوە ئەوەیە کە سنوورەکانی نێوان زمان و دیالێکت لە زۆر شوێن‌دا بە تەواوی ڕوون نین، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، ئەو ڕاستی‌یە لە جێگەی خۆیەتی کە زمان لە پرۆسەیەکی مێژوویی‌دا بووە بە بەشێک لە سروشتی مرۆڤ و تەنانەت دیارترین هێڵی جیاکردنەوەی لە زیندەوەرەکانی دیکەش. کەواتە بە دەربڕینێک دەتوانین بڵێین کە زمانی زگماکی لە سروشتیترین داهێنراوەکانی مرۆڤە، لەوانەیە هیچ دەستکردێکی دیکە مرۆڤ هێندەی زمان لە سروشتی مرۆڤەوە نزیک نەبێ.

پیەر بۆردیۆ فەیلەسوفی ساختارگەرای فەرانسەیی لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسی‌یەکانی‌دا قورساییەکی زۆر بە زمان وەک سەرمایەیەکی ڕەمزی دەدا وەک پێکهێنەرێکی سەرەکیی هێز لە مەیدانە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا دەیناسێنێ، ئەو پێی وایە کە زمان تەنیا هۆکاری پەیوەندی پێکەوەکردن نیە بەڵکوو بەستێنێکی سیاسیشە بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێکانی هێز و دەسەڵات کە لەوێ‌دا تاکەکان بە دوای بەرژەوەندیی خۆیان‌دا دەگەڕێن. پرسیاری سەرەکی لێرەدا واتای ئاخاوتن و دەربڕین نیە بەڵکوو پرسیار لەسەر ئەوەیە کە ئاخاوتن و دەربڕین چ هێز و قورساییەکیان هەیە، سەرنجی خوێنەر لەسەر ڕەوانبێژی و توانای قسەکردن دەگوازێتەوە بۆ سەرنج لەسەر سەرمایەی ڕەمزی وتەبێژ، کە پێگەی ئەو لە ساختاری کۆمەڵایەتی‌دا دیاری دەکا، واتە زمان لە نێو پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا بیچم دەگرێ نەک وەک ئامرازێک بۆ پێوەندی پێکەوەکردن. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زمان سیمبول یان ڕەمزێکە کە لە ڕێگەی قسەپێکەرەکانیەوە دانی پێدا دەنرێ و لەو ڕێگەیەوە هێز و دەسەڵات بە تاک و گرووپ دەبەخشێ، واتە زمان لە نێوەندی دەسەڵات دایە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤەکان لە ڕێگەی ئەزموونە دەرەکی‌یەکانی خۆیانەوە دنیای دەرەوە هەست پێ‌دەکەن و لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دنیایە دروست دەکەن، ئەزموونە دەرەکی‌یەکان ئەو سەرمایە سیمبولیکیانەن کە هێژمونی بە دەسەڵاتی زمان دەدەن، ئەگەر گرووپێک دەرفەتی وەسەریەکنانی سەرمایەی سیمبولیکی بۆ ڕەخسابێ ئەوا لە زمانیش‌دا هێژمونی هەیە، ئەو سەرمایەیە دەکرێ پلەی بەرزی خوێندن، پێگەی سیاسی و ئابووری بێ کە زمانی قسەکەر دەباتە نێوەندی دەسەڵاتەوە.

تیۆری‌یەکەی بۆردیۆ بەرچاوڕوونی‌یەکی باشمان دەداتێ تا بتوانین لە لایەکەوە لە گرینگیی خوێندن بە زمانی دایک تێبگەین و لە لایەکی دیکەشەوە لە پیلانەکانی سیستمێک ئاگادار بین کە دەرفەتی خوێندن بە زمانی دایک لە نێوەندەکانی خوێندن‌دا نادا، بۆ نموونە لە ئێران‌دا سەرەڕای هەبوونی بەندێکی ناتەواو و تا ڕادەیەکیش ڕیاکارانە لە یاسای بنەڕەتی‌دا کە ڕێگە بە خوێندنی زمانی دایک لە قوتابخانەکان‌دا دەدا، بەڵام لە پراکتیک‌دا نەک هەر ئەو دەرفەتە نەڕەخساوە بەڵکوو قسەکردن بە زمانی نەتەوەیی زۆرجار تەنبێکردن و سزادانیشی بە دواوە بووە. هەبوونی بەندی پازدە و مانەوەی لە یاسای بنەڕەتی‌دا بۆ ئەوەیە کە هەر کاتێک باس لە زمانی زگماگ هاتە گۆڕێ وەک سپەرێک لە ئاست نەتەوە و کەمینەکان‌دا بەکار بهێنرێ و وەک پرۆژەیەک کە هیچکات جێبەجێ نەکراوە بە منەتەوە بە چاویان‌دا بدرێتەوە، ئەگەر بە پشتیوانی لە ڕوانگەی بۆردیۆشەوە لە هۆکارەکانی پراکتیزە نەکردنی بەندێکی ئاوا یان لە بنەڕەتەوە هەقی خوێندن بە زمانی دایک بکۆڵینەوە ئەوا دەبێ بڵێین کە هۆکاری یەکەم ئاگادار بوونی ڕێژیم لەو سەرمایە ڕەمزییەیە(زمان) کە هێژمونی و پێگەی گرووپێک دەباتە سەرێ و هێز و دەسەڵاتی پێ دەبەخشێ و لە کێشمەکێش و ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا پارسەنگەکە بە لای خۆی‌دا دەکێشێتەوە، لە ڕوانگەی تارانەوە یەک زمانی لە خوێندن‌دا یەکگرتوویی و ئاسایشی میللی دەپارێزێ و دەوڵەت بە بەهێزی دەهێڵێتەوە، واتە سنووردارکردنی زمان لە نووسین و ئاخاوتن‌دا دەبێتە سنووردارکردنی بەکاربەرەکانی ئەو زمانەش لە پشکدار بوونیان لە کایە سیاسی و مەدەنی و ئابووری‌یەکان‌دا.

هۆکاری دووهەم ئەوەیە کە بە گشتی لەنێو نەتەوەکانی ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان‌دا ڕێژیم لە کارەکتەری شوناسخوازی زمان دەسڵەمێتەوە و لەو پاشخانە ناسیۆنالیستی‌یە دەترسێ کە لە پشت کارەکتەری زمانەوە هەیە، ئەو ئاوێتەبوونەی لەنێو زمان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی‌دا هەیە و پیرۆزی‌یەک کە لە ناسیۆنالیزم‌دا بە زمان دەدرێ، ڕێژیم لە ڕێگەدان بە خوێندنی زمانی کوردی دەپرینگێنێتەوە، چونکە خوێندن بە زمانی زگماکی یەکگرتوویی و هاوپەیوەندی لە نێوان ئەندامەکانی نەتەوەیەک‌دا بەهێزتر دەکا و ئەو جەبرە مێژووییەی کە کوردەکانی بەسەر چەند وڵاتێک‌دا دابەش کردووە لاوازتر دەکا.

دوایین هۆکار ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ڕۆڵێکی دوولایەنە دەداتە سیستمی پەروەردە و فێرکردن لە ئێران‌دا، بە لایەک‌دا خەڵکانێک کە دەنکەجۆیەکی ماڵی پاشایان خواردووە وەک سەرکەوتوو و نوخبە لە سیستمی پەروەردەیی خۆی دێنێتە دەرێ و تایتڵی دوکتور و کارناس و فەیلەسوف و ئەندازیار و... پێ دەبەخشێ و لە لایەکی دیکەشەوە مۆری دواکەوتوویی و نەزانی و هیچ لەباران‌دانەبوو بە خەڵکانێک دەدا کە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی بەها و پێوەرەکانی. منداڵێک کە یەکەم ڕۆژەکانی خۆی لە مەدرەسە دەست پێ‌دەکا و تا ئەوکات لە ڕێگەی زمانی دایک دنیای دەرەوەی خۆی ئەزموون کردووە و ناسیوەتی، لە پڕێک‌دا بە سەر ساختارێک‌دا دەکەوێ کە زمان دەکاتە بەربەستێک بۆ هاتنە نێو سیستمی پەروەردەوە، دەبێ تووشی چ ڕاچڵەکینێک بێ و چەندە توانا و کاتی خۆی هەر بۆ ئەوە تەرخان بکا کە جارێکی دیکە بتوانێ لە ڕێگەی زمانێکی دیکەوە دنیای دەرەوەی خۆی ئەزموون بکاتەوە. ئەوە بێجگە لە هەموو ئەو بەربەستە سیاسی و ئابووری‌یانەی لە درێژەی خوێندن‌دا دێنە پێش خوێندکارێکی کورد. بۆردیۆ بە ڕوونی باس لەو ڕۆڵە پارۆدۆکسیکاڵەی سیستمی پەروەردە دەکا کە چۆن دەرفەت بە کۆمەڵێک دەدات سەرمایەی فەرهەنگی خۆیان ببەنە سەرێ و کۆمەڵێکیش بێبەری بکرێن و بخرێنە پەراوێزەوە.

کەوایە زمان ڕۆڵێکی گرینگ و نێوەندگەرا لە یەکلایی کردنەوەی پرسەکان‌دا دەگێڕێ و هێز لە زمان‌دا بە مانای هێز لە مەیدانەکانی سیاسەت و دەسەڵات دایە، هەر لەو سۆنگەیەوە زمانی زگماکی لە گوتاری شوناسخوازی کوردی ڕۆژهەلات‌دا قورسایی خۆی هەیە. سەرەڕای هەموو بەربەست و سپەرانەی لە ئاست خوێندنی زمانی زگماکی‌دا هەیە، چالاکوانان، ڕۆشنبیران و ئەدیبانی کورد لە ڕێگەی کردنەوەی کۆمەڵێک نێوەند هەم لە شارەکان و هەم بە شێوەی ئۆنلاین هەوڵی فێرکردنی زمانی زگماکی‌یان بە نەوەی نوێ داوە، بەڵام بێبەری کردنی خوێندکاران لە خوێندن بە زمانی دایک بە شێوەیەکی دامەزراوەیی و لە ڕێگەی سیستمی پەروەردەوە، بێبەش کردنیانە لە وەسەریەکنانی سەرمایەی فەرهەنگی و هاوکات بەرینتر بوونی ئەو کەلێنەی کە لە نێوان ژیانی ڕۆژانەی خوێندکارێک و خوێندنگاکەی‌دا هەیە. زۆرن ئەوانەی کە لەگەڵ یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی خوێندن‌دا لە گەڵ دنیایەکی نەناسراو بەئەزموون و زمانی خۆیان ڕووبەڕوو دەبنەوە، بۆ زۆرێک لەوانە یەکەم جارە کە لەگەڵ دامەزراوەیەکی حکوومی بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەکەونە پەیوەندی‌یەوە و دەست و پەنجە لەگەڵ دنیایەکی نەناسراو و بێگانەدا نەرم دەکەن، پەیوەندی‌یەک کە هەر لە یەکەم وەبەریەککەوتن‌دا ئاماژە بە ناتەبایی، هەڵاواردن و چەوساندنەوە دەکا.

> „ زمان لە کارەکتەرە شوناسخوازی‌یەکەی‌دا کە مەبەستی سەرەکیی ئەو وتارەشە، پانتایی ئەزموون کردنی ناسنامەیە، ئامرازێکی کارا و بەهێزی پێناسەکردنەوە و دانپێدانانە لە سنوورەکانی نەتەوە ـ دەوڵەت‌دا و نزیک بوونەوە لە نێوەندی دەسەڵات. ئەو کارەکتەرەی زمان لەنێو کەمینە ئاینی و ئێتنیستیەکان‌دا، یا لەنێو نەتەوە پەراوێزخراوەکان‌دا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێ. بۆ کوردەکان زمان هەم دیوێکی بەرگریخوازانەی هەیە کە بەشێکە لە ناسنامەیەک و دەبێ لە ئاست هێژمونی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان‌دا وەک میراتێک و گەوهەرێکی بەبایەخ بپارێزرێ، هەم دیوێکی هێرشبەرانەشی هەیە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و دروست کردنی قەوارەیەکی سیاسی „

## ڕۆژەڤی ئێران

# دیاردەی ئەحمەدی‌نژاد



حەسەن شێخانی

سالی ١٣٨٤ ڕوخسارێکی نەناسراو یان کەمتر ناسراو، بە ناوی مەحموود ئەحمەدی‌نژاد، بە دووجەمسەری کردنی فەزای سیاسی و بە پشتیوانی بنیاتەکانی هێز و سەرمایە، بوو بە سەرکۆماری ئێران. کەسێک کە لە ماوەی ٨ ساڵ سەرکۆماری‌دا، زیانێکی گەورەی لە هەموو بوارەکان و بەتایبەت لە ئابووریی ئێران دا. بە قسەی زۆرێک لە کارناسانی پێوەندیدار، دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد زۆر زیاتر لە شەڕی ٨ ساڵەی ئێران–عێراق زیانی بە ئابووریی ئێران گەیاندووە. لێرەدا گونجاو لەگەڵ باسەکەدا، باسی هەندێک لە تایبەتمەندی‌یەکانی دەوڵەتداریی ئەحمەدی‌نژاد دەکەین:

١)ئەحمەدی‌نژاد کە بوو بە سەرکۆمار، ئەزموونێکی ئەوتۆی لە بەڕێوەبەریی و کاری سیاست‌دا نەبوو؛ باوەڕی بە کاری کارناسانە لە بەڕێوەبەریی وڵات‌دا نەبوو و لە دەرەوەی عورفە باوەکان و ڕێوشوێنە مۆدێرنەکان، ئیدارەی وڵاتی دەکرد. لەگەڵ ئەوەش‌دا سیاسەتی وەک بوارێکی بۆ کێشمەکێش سازکردن و دژبەری کردن، چاو لێ‌دەکرد و بەکاری دێنا، نەک بوارێک بۆ لێکتێگەیشتن و تەعامول و سازان لەگەڵ ئەوی دیکە. بە واتایەکی دیکە زۆر تاکڕەهەندانە لە سیاسەتی دەڕوانی و بێجگە لەوەش بۆ گەوجاندنی خەڵک تێمێکی مێتافیزیکیشی پێدەدا و زۆر جار ئیدیعای دەکرد کە لە غەیبەوە ئیلهامی بۆ دێ و لە ژێر ڕێنوێنی ئیلهامەکانی دنیای غەیب‌دا وڵات بەڕێوە دەبا. بەم شیکردنەوانە مەعلوومە کە کەسێک بەم تایبەتمەندی و وەهمانەوە، ئەگەر گرینگترین پۆستی ئیجرایی وڵات وەئەستۆ بگرێ، وڵات تووشی چ کارەساتگەلێک دەکا.

٢)داهاتی نەوتی ئێران لە ٨ ساڵەی دەوڵەتەکانی ئەحمەدی‌نژاددا ٧٠٠ میلیارد دۆلار بوو. داهاتێکی ئەفسانەیی کە دەکرا بە ئەندیشە و پلان و مودیریەتێکی دروست، وڵاتێکی پێ بنیات بنرێ و ئابووری‌یەکی پێ ببوژێتەوە و خەڵکیش لە خێروبێراتی بەهرەمەند بن. بەڵام بەپێچەوانە، ئەحمەدی‌نژاد بە فکر و مودیریەتێک، کە لە دەرەوەی هەموو عورف و ڕێوشوێنە ئەمڕۆییەکانی حکوومەتداری‌دا جێ‌دەگرێ، هەموو ئەو داهاتەی بە فیڕۆ دا و بەشێکی گەورەشی بێ‌جێ کرد. کاتێک ئەحمەدی‌نژاد دەسەڵاتی جێبەجێ‌کردنی ڕادەستی حەسەن ڕوحانی کرد ڕێژەی هەڵاوسانی ئابووری، زیاتر لە ٤٠ لەسەد و ڕێژەی گەشەی ئابووریی ئێران مەنفی ٦ لەسەد بوو. بە کورتی ئابووری‌یەکی تێکتەپیو و قەیراناوی ڕادەستی دەوڵەتی دوای خۆی کرد. ڕادەی وێرانی‌یەکانی دەورانی ئەحمەدی‌نژاد ئەوەندە زۆرن کە هەوڵ و تێچویەکی زۆری دەوێ کە ئێران لە ژێر باریان دەربێ و پشت ڕاست بکاتەوە.

٣)ئەحمەدی‌نژاد لە ژێر تیشکی ئەو پێناسەیەی بۆ سیاسەتی هەبوو، کەلێنێکی قووڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئێران‌دا دروست کرد. کەلێنێک کە هەوڵێکی زۆری دەوێ کە تا ڕادەیەک پڕ بکرێتەوە. بەم هۆیەیە کە بەشێک لە ئەکتەرانی سیاسەتی ئێران باس لە «ئاشتەوایی نیشتمانی» دەکەن. لە بواری سیاسەتی دەرەکی و لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا گوتارێکی هێرشبەرانە و کێشەخوڵقێنی هەبوو و ئەمەش وایکرد کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە هەمبەر ئێران یەکگرتوو بکا و لە ئەنجام‌دا گەمارۆیەکی زۆر بە سەر ئێران‌دا سەپان و ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا تەریک کەوتەوە.

بێجگە لە هەمووی ئەوانەش، ئێستا پەروەندەگەلێکی زۆر لە دەزگای قەزایی ئێران لە دژی ئەحمەدی‌نژاد لە ئارا دان کە ئەگەر بە جیدی لێپرسینەوەی لێ‌بکرێ، هیچ دوور نییە کە ئەحمەدی‌نژاد ساڵانێکی زۆر بکەوێتە زیندان. پرسیار ئەوەیە کە بەو شیکرنەوانەی سەرەوە و، بەو کارنامە شکستخواردوو و زیانبارەوە، چۆن ئەحمەدی‌نژاد تا ئێستاش ئەکتەرێکی سیاسەتی ئێرانە و بە قسەی زۆرێک لە ئوسوولگەراکانیش شانسی دەنگ‌هێنانەوەی لە باقی بەربژێرەکانی ئوسوولگەرا زیاترە؟ تەنانەت چالاکانێکی ڕیفۆرمخواز، ڕادەی دەنگی ئەحمەدی‌نژاد لە حاڵەتی ڕێگری نەکردنی لە لایەن خامنەییەوە، بە ١٥ میلیۆن دەنگ دەخەمڵێنن!

لە وڵاتانێک کە خاوەنی سیستمێکی تەندروستی دەسەڵاتدارین، یەکەم: کەسانی وەک ئەحمەدی‌نژاد نایەنە سەرکار. دووهەم: ئەگەر سوکانی دەسەڵاتیش بەدەستەوە بگرن مەجالیان پێ‌نادرێ کە ئەوەندە قانوون‌شکێنی بکەن؛ چونکە دەزگاگەلێکی بەهێزی چاوەدێری هەن و دەسەڵاتداران بە بەردەوامی کۆنتڕۆڵ دەکرێن. سێهەم: ئەگەر کەسێک لە پێگەی دەسەڵات‌دا لە قانوون لا بدا ئەوا ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەکرێ و سزا دەدرێ. بەڵام لە ئێران‌دا سەرەڕای ئەو هەموو زیانە گەورانەی لە هەموو بوراەکانی ژیانی مرۆڤی لە ئێران داوە، هێشتاش ئەکتەرێکی کاریگەرە و زۆر ڕووهەڵماڵاوانە بۆ جاری سێهەم چاوی لە کورسی سەرکۆماری‌یە! پرسیارەکە ئەوەیە کە چۆنە بەو حاڵەوە هێشتا چەند میلیۆن دەنگی لە کۆمەڵگەدا هەیە؟!

گرینگترین هۆکاری ئەو دیاردەیە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئێران، کۆمەڵگەیەکی پەرەنەسەندووی سیاسی‌یە. پەرەنەسەندوویی سیاسی و ئەوەی کە لە ئێران‌دا حیزبی بەهێز بوونیان نییە و سیاسەتی ئێران بە شێوەیەکی مۆدێڕن بەدامەزراوەیی نەبووە، وایکردووە کە کەسانێکی پۆپۆلیستی وەک ئەحمەدی‌نژاد خەڵک چەواشە بکەن و سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. دیارە لێرەدا ناکرێ فاکتەری لەخوارەوە بوونی ئاستی تێگەیشتنی خەڵکیش نادیدە بگیرێ.

ئەحمەدی‌نژاد لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ٨٤دا ٤ میلیۆن دەنگی هێنا، بەڵام لە خولی دووهەم‌دا بە زۆر هۆکار و یەک لە گرینگترینیان، پشتیوانی و ڕانتی بنیاتەکانی هێز و سەرمایە، بوو بە سەرکۆمار. لە ساڵی ٨٨یش‌دا بە هەڵبژاردنێکی ساختە کرایەوە سەرکۆمار. لە ساڵی ٩٢دا سەعیدی جەلیلی کە زیاتر لە هەموو کاندیداکانی دیکە لە هێڵی فکری و سیاسیی ئەحمەدی‌نژاد نزیک بوو، ٤ میلیۆن دەنگی هێناوە. ئەمە نیشان دەدا کە ئەگەر ئەحمەدی‌نژادەکان لە ڕانتی هێز و سەرمایەی ناوکی سەختی حاکمییەت بەهرەمەند نەبن، ئەوا ڕادەی کاریگەری و مانۆڕدانیان لە کۆمەڵگە دادەبەزێ.

ئێستا کە خامنەیی ناچار بوو لە پشت تریبوون بە ئەحمەدی‌نژاد بڵێ کە خۆت کاندید مەکە، ئەحمەدی‌نژاد لە بەشێکی زۆری ئەو ڕانتە داماڵدراوە و وەک خاتەمی و ڕەفسەنجانی، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز و گونجاو لەگەڵ تایبەتمەندیی سەرکێشی ئەحمەدی‌نژاد، پێی گوترا کە خەونی دانیشتن لەسەر کورسی سەرکۆماریی بۆ جاری سێهەم، لە مێشکی خۆی بەرێتە دەر.





## سێ‌کوچکەیەک بۆ خەبات



ناسر باباخانی

دەکرێ ئێلێمانە سەرەکی‌یەکانی خەبات لە فۆرمی سێ‌کوچکەیەکدا کە بریتین لە: حیزب و هێزە سیاسی‌یەکان، خەڵکی نێوخۆی ڕۆژهەڵات و کوردی دیاسپۆرا کۆ بکەینەوە. خوێندنەوەی ئەزموونەکانی ڕابردوو پێمان دەڵێن کە ئەم سێ بەشە دەتوانن بە هەموو وردە جیاوازی‌یە فکری‌یەکانیان (بە هۆی ژینگەی سیاسی‌یانەوە) لەسەر هاوکێشە سیاسی‌یەکانی نێوخۆ شوێندانەر بن. هەرکاتێ ئەم سێ‌کوچکەیە هاوئاهەنگ بوون، شوێندانەریی ئەم یەکڕیزی‌یەمان بەکردەوە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات بینیوە و ناهاوئاهەنگی پاژەکانی ئەم سێ‌کوچکەیە لەگەڵ یەکتر، بۆتە هۆکاری تەریککەوتنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بۆیە پێویستە بە خەسارناسی‌یەکی زانستی و واقعبینانە و بەدوور لە کەشوهەوایەکی ئیحساسی، هۆکار و بەربەستەکانی ئەم تەریککەوتن و ناهاوئاهەنگی‌یە -هەرچەند زۆر زۆر بە کورتی – کە دواجار دەبنە بەربەستی خەباتێکی هەمەلایەنە، دەسنیشان بکەین:

**- بوونی کەلێنەکان:**

ئەوەی ڕاستی بێ لە نێو ئەم سێ‌کوچکەیەدا هەندێ جار بۆ هەندێ بابەت، کەلێنێکی مەعریفەیی و ئانتۆلۆژیک بەدی دەکرێ. «شێوەڕوانین»یان جیاوازە (دەڵێم جیاواز نەک دژبەیەک) و ڕەنگە ئەمە مەترسی‌یەکی گەورە بێ بۆ سەر دۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی. کەوابوو بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوخۆ و دەرەوە پێویستە ڕەخنەیەکی نێوگوتاری ساز بێ، خەسارناسی بکرێ، خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان دەسنیشان بکرێن و دواجار لە دۆخی هاوتەریبی بێنەدەر و لە پنتێکڕا یەکبگرنەوە و ئەم پنتە ببێتە سەرەتای خاڵگۆڕانێک بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان.

**- نەقۆستنەوەی هەلەکان:**

لە مێژووی خەباتی گەلانی دنیادا لەباری زەمانی‌یەوە، شتێک هەیە کە وەک پنتی خاڵگۆڕانی نەتەوەکان سەیر دەکرێ. واتە لە کاتێکی تایبەتدا بە هۆی ڕووداوێکی تایبەت گۆڕان و تەنانەت وەرچەرخانێک ساز دەبێ کە دواجار پاش هەموو ململانی‌یەک دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕەوڕەوەی خەبات بکەوێتەوە سەر ڕەوتی خۆی و بە شێوەیەکی دینامیکی درێژە بە چالاکی‌یەکانی بدا، ئەمە واتە کەوتنەسەر ڕێلی ڕاستەڕێی خەبات، تەنانەت ئەگەر لە کورت‌ماوەشدا سەرجەم ویست و داخوازی‌یەکانی خەبات دەستەبەر نەبێ، هەر ئەوەندە کە شۆکەکە وە بەژنی جووڵانەوە کەوتووە دەسکەوتێکی گرینگە! بەڵام گرینگ ئەوەیە یاریکەرەکانی بزووتنەوە واتە سێ‌کوچکەی خەبات هەلەکە بقۆزنەوە. لە کۆمەڵناسی سیاسی‌دا هەندێ جار پێشهاتە و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی‌یەکانن کە بارودۆخی سیاسی وڵاتێک دەگۆڕن. بۆ بەدیهاتنی ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی‌یە چەشنێ کاتالیزۆر پێویستە کە ببێتە هۆی هەڵایسانی ئاڵوگۆڕەکە، دەکرێ جەولە و جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە لەنێوخۆ یان بۆنە جۆربەجۆرەکان یەکێک بن لەم کاتالیزۆرانە.

**- نەبوونی گوتارێکی هاوبەش**

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات هەر لە نێوەڕاستی حەفتاکانەوە کە قرمەی چەکی هێزی پێشمەرگە وەستاوە، تووشی چەشنێک ناچالاکی بووە. کە دەڵێم وەستانی قرمەی چەک مەبەستم تەنیا خەباتی چەکداری نییە، بەڵکوو ئاماژەم بە نەبوونی گوتارێکە کە لە کۆتایی پەنجاکان تا نێوەڕاستی حەفتاکان گوتاری زاڵ بوو بەسەر کۆمەڵگەدا، گوتارێک کە تەنانەت تەواوی ڕەهەندەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیشی تەنیبۆوە. گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی، گوتارێک کە گرێدراوی «حزوور» بوو! حزوور بە واتای «بوون» بە مانای بوونی پێشمەرگەی کوردستان! واتە «حزوور»ی پێشمەرگەی کوردستان لە پانتایی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتدا پاڵپشتی ئەم گوتارە بوو و پێشمەرگەش هێمای فیزیکی بوونی نەتەوە بوو. ماوەی نیزیک بە بیست ساڵە کە پێشمەرگەی کوردستان تەقەی لە چەکی نەهاتووە[هێرشی نەکردۆتە سەر بنکە و مۆڵگەکانی ڕێژیم]، بە زۆر هۆکار کە باس لە هۆکارەکانی مەجالی تایبەت بە خۆی دەوێ، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانش سەرەکیترین ئیستراتێژی بۆ بەرگری لە خەباتی گەلی کورد ئەوە بووە کە بەردەوام کەلێنێک، دابڕانێک لە نێوان شار(خەڵک) و شاخ(پێشمەرگە) ساز بکا بە هەر شێوەیەک و لەسەر بنەمای ئەم ئیستراتێژییەش تاکتیکی جۆراوجۆریشی ڕەچاو کردووە و دواجار ئەم دابڕانە بۆتە هۆی ئەوە کە بوون و حزووری شاخ لە نێو شاردا بگاتە نزمترین ئاستی خۆی، بۆیە لە هەر شوێنێ هەر کاتێک هەست بەمە بکا کە ئەوا خەریکە چەکەرەی حزوورێک سەرهەڵدەدا بێ‌سێ‌ودوو دەیقرتێنێ.

بیرواڕای ئازاد

ئەم سێ فەزایە بەگشتی لێکتر جیاوازە، ڕەنگە گەورەترین جیاوازییەکەش ئەوە بێ کە بزووتنەوەی مەدەنی لە نێوخۆ بێ‌سەرە و ڕەهەندە ڕێکخراوەییەکانی لاوازە، بۆ وێنە ئەو جووڵانەی لە نێوخۆ ساز دەبن بەردەوامیان پێوە دیار نییە و لەسەر یەک کەڵەکە نابن، ئەم ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یانەی نێوخۆ وەک کارگ هەڵدەتۆقن بۆ ماوەیەکی کورت و سەرلەنوێ دادەمرکێنەوە بۆ ماوەیەکی درێژ، لە لایەکی دیکە فەزای دەرەوە تا ڕادەیەک لە باری بوونی پلانێکی ئیستراتێژیک و ڕەهەندی فکری لاوازن. بەڵام وەک خاڵی ئیجابی دەرەوە خاوەنی سیستمێکی ڕێکخراوەیی بەئەزموونە و نێوخۆش پتانسییەلێکی باشی لەباری ڕەهەندی فکری‌یەوە هەیە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئەم دوو لایەنە بە هۆی دۆخی دیکتاتۆری لە ئێران پێک نایە، هەر بۆیە فەزای سێهەم واتە فەزای مەجازی و سۆشیال مێدیا کە نوێنەرانی هەردوو لای تێدایە دەتوانێ ببێتە ئاڵقەیەکی بەهێزی پەیوەندی نێوانیان، شوێنێک کە هەموو لایەک لێکتر گرێ دەدا، هەر بۆیە ئەرکی بژاردەکانی کۆمەڵگە ئەوەیە کە لە ڕێی ئەم فەزایە حەولی پڕکردنەوەی کەلێنەکان بدا.




کۆبوونەوەی ئیعترازیی مامۆستایانی سەقز لە ٢٠١٥دا

«دەکرێ ئێلێمانە سەرەکی‌یەکانی خەبات لە فۆرمی سێ‌کوچکەیەکدا کە بریتین لە: حیزب و هێزە سیاسی‌یەکان، خەڵکی نێوخۆی ڕۆژهەڵات و کوردی دیاسپۆرا کۆ بکەینەوە. خوێندنەوەی ئەزموونەکانی ڕابردوو پێمان دەڵێن کە ئەم سێ بەشە دەتوانن بە هەموو وردە جیاوازی‌یە فکری‌یەکانیان (بە هۆی ژینگەی سیاسی‌یانەوە) لەسەر هاوکێشە سیاسی‌یەکانی نێوخۆ شوێندانەر بن. هەرکاتێ ئەم سێ‌کوچکەیە هاوئاهەنگ بوون، شوێندانەریی ئەم یەکڕیزی‌یەمان بەکردەوە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات بینیوە و ناهاوئاهەنگی پاژەکانی ئەم سێ‌کوچکەیە لەگەڵ یەکتر، بۆتە هۆکاری تەریککەوتنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان»

گوتاری هاوبەش مانای ئەوە نییە کە ئەم هێز و لایەنانەی تووشی لەتبوون هاتوون یەکبگرنەوە، مانای ئەوە نییە ڕەخنەیان سەبارەت بە سیاسەتەکانی یەکدی نەبێ، لە هەمبەر یەکدی نەوی بکێشن یان لەگەڵ نێوخۆ هیچ جیاوازی‌یەکیان نەبێ...نا... لە ڕاستی‌دا ئاراستەی ئەم گوتارە هاوبەشە دەبێ بگۆڕدرێ و ڕووی قسەی لە «ئەویتر» بێ... ڕووی لە دەسەڵات بێ... ئەم گوتارە دەبێ لە سەر چەمکگەلی هاوبەشی سێ‌کوچکە خۆی ساغکاتەوە و بتوانێ قورسایی و بارستایی ئەم بزووتنەوەیە بەرز کاتەوە.

**- بەدەستەوەنەگرتنی فەزای سۆشیال مێدیا**

کۆنترۆڵی ڕەوانی ئەم فەزایە، وەک چوارچێوەیەکی ئازاد زۆر گرینگ و کاریگەرە. لە ڕاستی‌دا دەکرێ قایل بە سێ فەزای تایبەت بین: فەزای نێوخۆی ڕۆژهەڵات، فەزای دەرەوەی وڵات(حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردستان و کوردانی تاراوگەنشین) و فەزای مەجازی. دۆخی

**- کەلکوەرگرتن لە وزەی میدیاکانی جیهانی**

یەکێک لە بەهێزترین و کاریگەرترین میکانیزمەکان بۆ بە ئامانج گەیشتنی دۆزی کورد، بەجیهانی‌کردنی ئەم پرسەیە. ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو لە باشوور و ڕۆژئاوا و باکوور نیشانیان داوە کە کورد بۆ ئەوەی بگاتە مەبەست پێویستە بەردەوام پرسەکەی لە نێو ڕێکخراوە جیددی و نێونەتەوەییەکان، هەروەها میدیاکانی جیهان‌دا لە برەودا بێ تا بتوانێ بۆ هەنووکە و دوارۆژ پاڵپشت و پشتیوان بۆخۆی مسۆگەر بکا.

دیارە بوونی میدیای جیددی خۆجێیی، دارشتنی پلان و ستراتیژی بە بەراوردی دەسکەوت و دەرکەوت، لۆجێستیک و پشتیوانی ماددی و... ئەمانەش بۆ خەبات پێوستن، بەڵام تا ئەم خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکردن وەک لایەنی نەرمئامێری ڕەچاو نەکرێن و ئەم سێ‌کوچکەیە نەبێتە ئەمری واقیع و هەمووان لە ژێر کەپرێکی هاوبەشدا نەبن، دۆخی خەبات لە ڕۆژهەڵات ناتوانێ لەم قەتیسماوی‌یە دەربازبێ!

## دوو حەوتووانەی ڕۆژهەڵات

### شیوەجۆ لە وێستگەیەکی دیکەی زەمەن‌دا



تاهیر قاسمی

شیوەجۆ گوندێکە بە قەدپاڵی شیو و دۆڵەکانی ناوچەی کاڵەشینی ڕەبەتەوە. گوندێکی بچوک کە بە چیا و دەوەن و لێڕەواری ئەو ناوچەیە پەرژین کراوە. بەڵام لە مێژووی هاوچەرخدا ناوی ئەو گوندە خنجیلانەیە پەرژینی لێڕەوار و چیاکانی بڕیوە و سێ جار ناوبانگی لە کوردستان‌دا دەنگی داوەتەوە.

یەکەم وێستگەی دەرچوونی ناوبانگی شیوەجۆ بۆ ٣٦ ساڵ لەوە پێش دەگەڕێتەوە. ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی و لە گەرمەی هێرشی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگە و خەڵک، حیزبی دێموکراتی کوردستان بنکەی دەفتەری سیاسیی خۆی لە پەنا گوندی شیوەجۆ دامەزراند. لە شوێنێک بە ناوی دۆڵی ڕەزگەیان کە دواتر ناوبانگی «دۆڵی دێموکرات»ی وەرگرت. ڕێبەریی حیزب لەوێوە فەرماندەیی بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگەی کوردستانی دەکرد. خانەخوێی و میوانداریی ئەو گوندە بە سامان هەژار بەڵام بە دڵ دەوڵەمەندە لە دەفتەری سیاسیی حیزب، بۆ ماوەی ٣ ساڵ شیوەجۆی لای خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازان کرد بە ڕووگەی ئازادی. ڕۆژانە لە سەرانسەری کوردستان و ئێرانەوە پێشمەرگە، خەڵکی ئاسایی، کەسایەتیی جۆراوجۆر، ڕێبەرانی سیاسی و بە گشتی چین و توێژی جیاواز ڕوویان لە شیوەجۆ و لە دۆڵی دێموکرات دەکرد. لەوێ لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سەرووی هەموانەوە دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو دیداریان نوێ دەکردەوە، باسیان لە چۆنیەتی کردنەوەی گرێ کوێرەکانی ژیان و خەبات دەکرد و لەسەر داهاتووی خەبات و چارەنووسی گەلی کورد پرسیار و ڕاوێژیان دەکرد. خانەخوێی شیوەجۆ بۆ کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، زیاتر لە پێشوو ناوی ئەو گوندەی خستە نێو لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب زیاتر لە سێ ساڵ لە شیوەجۆ نەمایەوە. سپای داگیرکەر بە هەموو شێوەیەک هێرشی خۆی بۆ سەر کوردستان درێژە دەدا. بوردومان و تۆپبارانی کوردستان ڕۆژانە ملک و ماڵی خەڵکی دەسووتاند. حیزب ناچار بوو بنکەی سەرکردایەتیی خۆی لە بەرەکانی شەڕ دوور بخاتەوە. بەڵام ئەم ماوەیە بەس بوو بۆ ئەوەی ناوی شیوەجۆ لە کوردستان‌دا ببێ بە ناوێکی ناسراو و ناوبانگی شیوەجۆ سنوور و کەوشەن تێپەڕێنێ.

هەشت ساڵ لەوەپێش جارێکی دیکە ناوی شیوەجۆ کەوتەوە سەر زاران. ماوەیەکی زۆر بوو شیوەجۆ و شیوەجۆیەکانی کوردستان پێی پێشمەرگەیان لێ بڕابوو. ساڵانێک بوو کە خەڵکی نیشتمانپەروەر و پێشمەرگەخۆشەویستی ئەو دەڤەرە و باقی ناوچەکانی کوردستان بە تاسەی نوی‌کردنەوەی دیدار لەگەڵ ڕۆڵەکانیان بوون. تا ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی حیزبی دێموکراتی کوردستان قۆناخێکی نوێی خەباتی دەست پێ کردەوە. پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە لەو ساڵەوە تا ئێستا پۆل پۆل سەردانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەکەن و لە ئامێزی خەڵک و نیشتمانی خۆیان دان. لە دووهەم ساڵی دەستپێکردنەوەی ئەم قۆناخەی خەبات‌دا بوو کە شەهید هەمزە سارتکەیی، فەرماندەی بە وەجی دێموکرات بە پێشەنگایەتیی پۆلێک پێشمەرگە سەردانی شیوەجۆی کردەوە. لە دۆڵی دێموکراتەوە، لەو شوێنەی کە سەردەمانێک جێگای حەسانەوەی دوکتور قاسملووی ڕێبەر بوو، بۆ کامێرای کوردکاناڵ دوا. لە پەیامێک‌دا بۆ هاوسەنگەرە لاوەکانی، موژدەی دەستەملان بوونەوەی پێشمەرگە و خەڵکی دا و وەفاداریی خۆی بە ڕێبازی ڕێبەرە مەزنە شەهیدەکەی، دووپات کردەوە. بڵاوبوونەوەی ئەو پەیامە لە شیوەجۆوە و لە ڕێی کوردکاناڵەوە، جارێکی دیکە تینی لە دڵی ڕزگاریخوازان و خەڵکی کوردستان گەڕاندەوە.

چەند ڕۆژ لەوە پێش، لەگەڵ هاتنی وەرزی پاییز، جارێکی دیکە ناوی شیوەجۆ سنوور و کەوشەنی تێپەڕ کردەوە. لێ ئەمجارە ئەگەرچی هۆکار بوونی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب وەک قیبلەی ئازادی یان پەیامی دەسپێکردنەوەی قۆناخێکی نوێ لە لایەن فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە دۆڵی دیموکراتەوە نەبوو بەڵام نیشانە و هێما بۆ جۆرێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی و هاوتەریب لەگەڵ شێوەکانی دیکەی خەبات بوو. تێکۆشانێک کە دەکرێ وەک یەکێک لە جۆرەکانی خەباتی مەدەنی و نەتەوەیی پێناسە بکرێ. ئەویش کرانەوەی قوتابخانەیەک بۆ منالانی ئەو گوندە لە لایەن پۆلێک لە خێرخوازانی نیشتمانپەروەر بوو.

منالانی شیوەجۆ سەرەڕای ئەم ناوبانگەی گوندەکەیان و ڕەنگە هەر لەبەر ئەو ناوبانگەش، هەتا چەند حەوتو لەوەپێش، لە بوونی قوتابخانەیەکی ڕێکوپێک بۆ خویندن، بێبەش بوون. تەنانەت ئەو ساڵۆن و بنکە و شوێنانەش کە حیزب لە دەوری ئاوایی و بۆ دانیشتوانی گوندەکەی بە جێ هێشتبوو، لە لایەن سپای داگیرکەرەوە ڕووخێندران. قوتابیانی شیوەجۆ وەک منالانی زۆرێک لە گوندە دوورەدەستەکانی کوردستان، ناچار بوون پۆلەکانی سەرەتایی خوێندن لە هۆدەیەکی کۆنی شێداردا تێپەڕ بکەن. بەڵام دواجار بە هیممەتی پۆلێک لە پزیشکانی شاری مەهاباد و بە هاوکاریی خەڵکی گوندەکە، قوتابخانەیەکی سێ ژووره بۆ قوتابیان و هۆدەیەکیش بۆ حەسانەوەی مامۆستای قوتابخانە کرایەوە.

خزمەتگوزاریی خێرخوازانە دەمێکە لە کوردستان هەیە بەڵام تا چەند ساڵ لەوە پێشیش خێرخوازان خێری خۆیان زیاتر لە سازکردن یان نۆژەن‌کردنەوەی بنکە و شوێنە ئایینی‌یەکان تەرخان دەکرد. لێ ساڵانێکە لەگەڵ پەرەگرتنی بیری نەتەوەیی، نیشتمانپەروەری و مرۆڤدۆستی لە لایەک و دیتنی ئەو هەموو ناعەداڵەتی و دواخستنەی بە سەر کوردستان‌دا سەپاوە، خێرخوازی سنووری ئایینی تێپەڕاندوە. خێرخوازان بە سازکردنی قوتابخانە، دەرمانگا و دیکەی شوێنە خزمەتگوزاریە گشتی‌یەکان، ڕواڵەتێکی نوێیان بە کاری خێرخوازی لە کوردستان داوە. لە ڕاستی‌دا خێرخوازی ئاوێتەی نیشتمانپەروەری و مرۆڤدۆستی کراوە. ئەگەرچی هەوڵی خێرومەندانەی ئەوان بارتەقای ئەو هەموو بێ‌ئیمکاناتی‌یە لە کوردستان نییە بەڵام بێگومان جێ‌پەنجەیان بە سەر ئاوەدانیی نیشتمان‌دا دیار و بەرچاوە.

شیوەجۆ هەرچەند گوندێکی لاپەڕە، بەڵام تاکە گوندی کوردستان و ناوچەکەش نییە کە لە خزمەتگوزاری‌یە سەرەتاییەکان بێبەش کراوە. دەسەڵاتی داگیرکەری تاران بەردەوام هەوڵ دەدا کەمترین ئیمکانات بۆ کوردستان دابین بکا و کەمترین یارمەتی بە پێشکەوتن لە کوردستان بدا. لە بەرامبەر ئەوەدا نیشتمانپەروەرانی کورد، ئەوانەی دەستیان دەگاتە دەمیان، هەوڵیان داوە لەم بارەوە دارێک لەسەر پەردووی لاوازی بانی نیشتمان دابنێن. ئەوان هەر لە کردنەوەی بنکەی تەندروستی‌یەوە تا قوتابخانە و تا یارمەتی کۆکردنەوە بۆ خەڵکی هەژار و لێقەوماوی کورد لە ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان، بە خەمی خەڵکەوە چوون. شیوەجۆ بە هەر هۆیەک بۆ هەڵبژاردنی ئەم کارە خێرخوازی و خزمەتگوزاریە هەڵبژێردرابێ، هێمایەکی دیکەیە بۆ پەرە گرتنی ئاستی خەمخۆریی نەتەوەیی خێرخوازانی نیشتمانپەوەری کورد و نیشانەیەکە بۆ پەرەگرتنی شێوەیەک لە خەباتی نەتەوەیی کە ئامانج و سەرکەوتنی خۆی لە پێشکەوتنی کوردستان، بنەبڕکردنی نەخوێندەواری و تەیارکردنی مێشکی منالی کورد بە زانست و فێربوون، دەبینێتەوە. ئامانجێک کە بیرهێنەرەوەی ئەو بەشە لە وەسیەتنامەی پێشەوای مەزنمانە کە ڕوو بە نەتەوەکەی دەفەرموێ: «لێ‌گەڕێن منداڵەکانتان بخوێنن، چونکە ڕەمزی پێگەیشتوویی و سەرکەوتن لە خوێندەواری دایە. با لە گەلانی دیکە دوا نەکەون».

ناوچەیی



# ڕیزبەندی‌یە سیاسی‌یەکان و داهاتووی مەسەلەی کورد لە سوریە

خالید حەسەنپوور

بەرلە ڕوودانی کوودتاکەی مانگی ژووئیە/ پووشپەڕی ئەمسالّی تورکیە، نێوانی حکوومەتی ئاکەپە لە لایەک دەگەڵ ئەمریکا بە هۆکاری سەرەڕۆیی و سەربزێویە سیاسی‌یەکانی ئەردۆغان لە ناوچەدا و هەم دەگەڵ ئورووپا بە هۆی هەناردنی سێلاوی پەنابەران بۆ ئەو قارەیە بەرەو ساردیەکی زۆر چووبوو. کەمێک پێش ڕوودانی کوودتاکە پارلمانی ئالّمان لە هەڵوێستێکی مێژوویی‌دا قەتلوعامی ١٩١٤ی ئەرمەنی‌یەکانی وەک ژێنوساید لەقەڵەم دا. ئەوەش پێوەندی ئالّمان وەک دڵی ئورووپای دەگەڵ تورکیە گەیاندە جێگایێک کە کاتێک هەیئەتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئالّمان ویستی سەردانی پێرسۆنێلی وڵاتەکەی لە ئینجرلیک بکا، لە لایەن تورکیەوە ڕێگای پێ نەدرا.

> ❝ دەگەڵ ئەوەی خەباتی کوردی ڕۆژئاوا لەدژی داعش و باقی هێزە توندئاژۆ ئیسلامی‌یەکان، پێگەیەکی باشی سیاسی پێ‌داون، بەڵام دژایەتی سێ دەوڵەتی تورکیە، ئێران و سوریە کە هەرسێکیشیان بە دوو جەمسەری ئەسڵی بڕیاربەدەست واتا ڕووسیە و ئەمریکاوە وەسڵن _ ئەگەر دژایەتی ئۆپۆزیسیۆنی سوریەشی بخەینە سەر – دەگەینە ئەو ئاکامە کە داهاتوو و چارەنووسی ڕۆژئاوا لەژێر تەمومژ دایە ❞

کاتێک کوودتاکە ڕووی دا ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی یەکدابەدوو نەهاتنە سەرخەت بەو جورەی تورکیە دەیهەویست، لێی‌گەڕان کە کێشەکە بە لایەکدا بکەوێ و پاشان هەڵوێستی خۆیان دەربڕی. ئەوەش بە ڕوونی نیشانی دا کە ئەگەر ڕۆژئاوا بۆخۆی لە پشتی کوودتاکە نەبووبێ لانیکەم لەدژی نەبووە. کێشە و ناکۆکی‌یەکانی پێشوو دەگەڵ ڕۆژئاوا و شێوازی هەڵوێست گرتنیان لەسەر کوودتاکە بوو بە هۆی ئەوەی‌کە داشی سیاسیی تورکیە بەرامبەر بە ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی سواربێ. ئەوە بوو کە ئەردۆغان لە وەرچەرخانێک‌دا دەراوی خۆی و حکوومەتەکەی بەرامبەر بە ڕووسیە پاکردەوە و، بە ئەمریکای نیشان دا کە ئامادەگی مامەڵەی دەگەڵ ڕووسەکان لەسەر کەیسی سوریە هەیە.

ئەو وەزعە ئەمریکای ناچار کرد بۆ ئەوەی تورکیە لە باوەشی ڕووسیە نەکەوێ و پارسەنگی هێز لە سوریەدا ئەوەندەی دیکە بە سوودی ڕووسیە و ئەسەد نەشکێتەوە، مل بۆ داواکاری چەند ساڵی ڕابردووی تورکیە سەبارەت بە لەشکرکێشی بۆ نێو خاکی سوریە و گرتنی جرابلۆس ڕاکێشێ. تورکیە بەو کارەی دوو ئامانجی سەرەکی پێکا، یەکەم بە حزووری خۆی لەسەر سنوورەکانی کوردستان، ڕێگای لکاندنی کانتۆنی عەفرین بە کۆبانی ئاستەنگ دەکات و لەو ڕێگایەوە پێش بە سازبوونی یەکەیەکی جۆغرافیی کورد لە ڕۆژئاوا دەگرێ. دووهەم ئامانجی ئەویە کە ڕۆڵ و دەوری یەپەگە لە هەوڵبەندی نیزامیی ئەمریکادا لاواز بکا و ئەگەر بکرێ پێگەی هەتا ئێستای لێ وەرگرێتەوە و خۆی ببێتە بەدیلی نیزامی و ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە.

دیاریکردنی جەمسەربەندی‌یەکان لە سوریەدا لە لایەک بەو هەمووە ئەکتەرە ناوچەیی و جیهانی‌یەوە دژوارە و لە لایەکی دیکەوە دژوارتر لەوەش ئەویە کە جەمسەری باڵادەست بە سەرنجدان بە بەربڵاویی ڕووبەری شەڕ دەستنیشان بکرێ. ئەگەر هەموو لایەنەکانی ورد و درشتی شەڕ لە خواری‌ڕا هەتا سەرێ، لە ئیسلامیی توندئاژۆڕا هەتا ئیسلامی میانەڕەو و هێزە عیلمانی‌یەکان، کە هەرکامەیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ بە جۆرێک بێ ئەوەی بیانهەوێ لە هەوڵبەندی‌یەک دان، کۆکەینەوە و هەڵیاننەوێرین، دەکرێ لە دوو جەمسەری گەورەتری ڕووسیە و ئەمریکادا کۆیان بکەینەوە. بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی‌کە قەیرانی سوریە بە چ ئاقارێکی دیکەدا لە داهاتوودا تێ‌دەپەڕێ، لە حاڵی حازردا ئەوەی شقڵ لە ڕەوتی ڕووداوەکانی سوریە دەدا، سێ‌کوچکەی ڕووسیە، ئێران و ڕێژیمی ئەس ەدن.

ئەو سێ‌کوچکەیە هەم لە ڕووی ئامانجە درێژخایەنەکانەوە و هەم لە ڕووی تاکتیکی سەربازی‌یەوە یەکانگیر و یەکپارچەن و لە مەیدانی کردەوەدا وەک یەک دەجووڵێنەوە. میحوەری ئەمریکا کە لە کوردەکان، تورکیە و هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی سوریە پێکدێ، هەم لە ڕووی ئامانجە سیاسی و ئەجێنداکانەوە لێک دوورن و هەم لە ڕووی ئامانجە سەربازی‌یەکانەوە ناتەبان. ئەمریکا نە دەتوانێ بە تەواوی لەسەر کوردەکان و نە لەسەر تورکیە و نە لەسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن – بەسەرنجدان بە تێوەگلانی ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە بناژۆیی ئیسلامی – حیسابێکی دوور و درێژ بکاتەوە. تورکیە و ڕۆژئاوا هەرچەند بەرواڵەت لە جەمسەری ئەمریکا دان بەڵام لە ڕووی بەرژەوەندی و ئەجێنداوە نەک هەر لێک دوورن تەنانەت دژی یەکتریشن. هێزە ئامالّدێموکراتیکەکانی سوریەش بە هۆی پشتیوانی نەکردنیانەوە لە ڕابرووودا لە لایەن ئەمریکاوە و سەرکوتی توندی ڕێژیمی ئەسەد، ڕیزەکانیان تووشی گۆڕانکاریی ئیدئۆلۆژیکی بە سوودی بناژۆی ئیسلامی بوون، بە جورێک کە نە دەتوانن بەسەر ڕیزەکانی خۆیان‌دا زاڵ بن و نە بۆیان دەکرێ ڕیزی خۆیان لە باقی لایەنە توندڕەوەکانی ئیسلامی جیابکەنەوە. ڕووسەکان هەر لەو کاتەدا کە لەسەر مێزی وتووێژ بۆ کۆتایی پێهێنان بە شەڕ دەگەڵ ئەمریکا دادەنیشن، ئەفسەران و سەربازانی ڕێژیمی ئەسەد قاوغی تفەنگ و تۆپ و تەیارەکانیان پڕ دەکەن لە تەقەمەنی و نەخشەی شوێنی داهاتووی شەڕ دەڕێژن. فێلێک کە ڕووسەکان لە ڕەوتی قەیرانی ئۆکراینیش‌دا بەردەوام کەڵکیان لێ وەرگرتوە. ئەوانە هەمووی بۆتە هۆی ئەوی‌کە لە مەیدانی کردەوەدا سێ‌کوچکەی ڕووس، کۆماری ئیسلامی و ئەسەد ئینیتیکاری سەربازی و سیاسی لە سوریەدا بەدەستەوە بگرن.

تێوەگلانی ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سوریە لە بناژۆیی ئیسلامی و نیزیکی ئەو هێزانە دەگەڵ بەرەی نوسرە و ئەلّقاعیدە، لەسەر مێزی وتووێژی ڕووسیە و ئەمریکاش‌دا گرفتی جیدی پێکهێناوە. لە حالێک‌دا ئەمریکا داوا لە ڕووسیە دەکات کە ڕێژیمی ئەسەد لەژێر گوشار بنێ کە ئۆپۆزیسیۆنی ئامالّدێموکراتیکی سوریە بۆمباران نەکات، ڕووسیەش مەرجی بۆ ئەمریکا ئەوەیە کە دەبێ ئەو هێزانە سەفی خۆیان لە باقی هێزە توندئاژۆکان جیا کەنەوە. داوایەک کە لە لایەک لە لایەن ئەمریکاوە بەدیهاتنی دژوارە و هەم بۆتە بەهانەیەک بەدەست ڕووسیە و ئەسەدەوە کە شەڕەکە دژی دژبەران بەبێ جیاوازی درێژە پێ‌بدەن.

پێشبینی ئەوەکە قەیرانی سوریە چەند ساڵی دیکە دەکێشێ و بە چ ئاقارێکی دیکەدا تێ‌دەپەڕێ کارێکی دژوارە و لەوەش دژوارتر ئەوەیە کە بزانین مەسەلەی کوردی ڕۆژئاوا کە ئێستا ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەری هەیە، لەو دوو جەمسەربەندی‌یە بنەڕەتی‌یەدا چ حیسابێکی بۆ دەکرێ؟ دەگەڵ ئەوەی خەباتی کوردی ڕۆژئاوا لەدژی داعش و باقی هێزە توندئاژۆ ئیسلامی‌یەکان، پێگەیەکی باشی سیاسی پێ‌داون، بەڵام دژایەتی سێ دەوڵەتی تورکیە، ئێران و سوریە کە هەرسێکیشیان بە دوو جەمسەری ئەسڵی بڕیاربەدەست واتا ڕووسیە و ئەمریکاوە وەسڵن _ ئەگەر دژایەتی ئۆپۆزیسیۆنی سوریەشی بخەینە سەر – دەگەینە ئەو ئاکامە کە داهاتوو و چارەنووسی ڕۆژئاوا لەژێر تەمومژ دایە.

سیناریۆی یەکەم ئەویە کە بەرەی ڕووسیە لە داهاتووی سوریەدا باڵادەست بێ. لە حالەتێکی ئەوتۆدا ڕووسیە ناچارە کە بەرژەوەندیی دوو شەریکە ئەسڵی‌یەکەی واتا ئێران و ڕێژیمی ئەسەد سەبارەت بە مەسەلەی کورد لەو وڵاتە وەبەرچاو بگرێ. سیناریۆی دووهەم ئەویە کە بەرەی ئەمریکا باڵادەست بێ، هەم دیسان ناتوانێ بەرژەوەندیی تورکیە و ئۆپۆزیسیۆنی سوریە سەبارەت بە مافەکانی کورد لە سوریە نادیدە بگرێ. سیناریۆی سێهەم ئەویە کە دوو جەمسەرە ئەسڵی‌یەکەی شەڕ واتا ئەمریکا و ڕووس لەسەر داهاتووی سوریە ڕێکبکەون، کە لە حاڵەتێکی ئەوتۆش‌دا سەبارەت بە مافەکانی کورد شتێک ناگۆڕێ بەڵکوو لەوانەیە دوورەدیمەنەکە خەراپتریش بێ. بەو مانایە لای تەرازووی دژەکورد و مافەکانی بە کەوتنەسەریەکی دژبەرانی کورد قورستر دەبێ. تەنیا دەمێنێتەوە سیناریۆی درێژەی شەڕی نێوخۆیی و نەبوونی ئیستقرار. لە حالەتێکی ئەوتۆدا بە هۆی ئەوی‌کە کوردەکان لەسەر ئەرزی واقیح هێزێکی تۆکمە و کاریگەرن، پێویستە خۆیان بە جۆرێک ڕێک بخەن کە لە ڕووی سیستمی پلۆرالیستی‌یەوە بۆ ئیدارەی خۆیان وێنەیەکی باش پێشانی جیهانیان بدەن و بەجۆرێک دیکۆراسیۆنی سیاسی‌یەکەیان دەستکاری بکەن کە خۆیان لە بازنەی ئەمنییەتی ناوچەیی دەربهێنن و دەرگاکانی دیپلۆماسی جیهانی بەسەر خۆیان‌دا بکەنەوە.

ئیسلامی سیاسی
[و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]



# ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و ڕێکخراوە گرینگەکانی لە ئێران‌دا(بەشی هەشتەم)

حەسەن حاتەمی

**دوکتور عەلیی شەریعەتی[1]**

عەلیی مەزینانی یا شەریعەتی بیرمەندێکی ئیسلامی شۆڕشگێڕ بوو کە بە قسەکردن، کتێب‌نووسین و وتارەکانی، کاریگەریی زۆری لە تیئۆریزەکردنی ئیسلامی سیاسی لەنێو ڕووناکبیران و خوێندەواران و زانستگاییەکان و توێژی مامناوەندیی‌دا هەبوو. لە بارەی شەریعەتی‌دا، بەو جۆرە نووسراوە: نووسەر، کۆمەڵناس، مێژووناس و لێکۆڵەری دینی خەڵکی ئێران. لە تێکۆشەران و چالاکانی مەزهەبی و سیاسی لە داڕێژەرانی بیری شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران بوو. شەریعەتی لە ئەدەبیاتی هاوچەرخ(ی ئێران)دا، بە مامۆستا(معلم)ی شەهید ناوی دەبرێ.

– ویکی پێدیا–

عەلیی شەریعەتی لە گوندی «کاهەک» سەربە شاری سەبزەواری خوراسان لە ساڵی ١٣١٢(١٩٣٣) لەدایک بوو. لای باوکی محەممەد تەقی شەریعەتی وانە ئیسلامی‌یەکان فێربوو. باوکی کە ڕوحانی بوو، بە قەولی عەبدولعلی بازرگان: مزگەوتی هەڵنەبژارد و لە ڕێگای خومس و زەکات ژیانی نەکرد. ئەو لە ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان دامەزرا و مامۆستای قوتابخانە بوو. لە مەشهەد شوێنێکی بەناوی کانوونی حەقایقی ئیسلامی دامەزراند. ئەو کەسێکی دیکەی بەناوی مامۆستا تاهیری ئەحمەدزادە، لەو ناوەندە لەگەڵ بوو.

عەلیی شەریعەتی کە تاقانە بوو، لەسەر ئیسلامی سیاسی لە ئێران کاری کرد و کاریگەری دانا. مەسعوود و مەجیدی ئەحمەدزادە کوڕەکانی تاهیر لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان و پەرویزی پوویانیش، هەموویان پەروەردەی کانوونی حەقایق بوون. شەریعەتی کە ٤٤ ساڵی تەمەن کرد، پتر لە ١٠٠ کتێب و نووسراوەی هەبوو. ئەو حوسێنییەی ئیرشادی کردە گەورەترین پێگەی خۆی و لاوەکانی تێدا سازمان دا. گرووپی جۆراوجۆری پێک هێنا، بەتایبەتی جەختی لەسەر کاری شانۆیی دەکرد. میر حوسێنی مووسوی و محەممەد عەلی نەجەفی دەرهێنەری سریالی سەربەداران، لە قوتابی‌یەکانی شەریعەتی بوون. ئەو سێ هەزار خوێندکاری لەو حوسێنییەدا، ناونووس کردبوو.

– عبدالعلی بازرگان، مصاحبە با تلویزیون پرتو نور–

شەریعەتی لە کاتی خوێندن و لە ڕدەکانی قوتابی و خوێندکاری‌دا، زۆر زیرەک بوو. بۆیە دوای تەواو کردنی لیسانسی ئەدەبیات لە زانستگای مەشهەد، لە زانستگای سۆربۆنی فەڕانسە لە ١٩٥٩ - بورسی پێدرا و لە ١٩٦٤ دوکتورای وەرگرتوە. هەرچەند سەبارەت بە ڕەشتەی بڕوانامەکەی قسەی جۆراوجۆر هەیە؛ عینوانی فەرمی بڕوانامەکەی «مێژووی ئیسلامی لە سەدەی نێوەڕاست» ە. بەڵام باڵیوێزخانەی ئێران لە پاریس، بڕوانامەکەی وەک دوکتورا لە ئەدەبیات بە فەرمی ناسیوە.

– ویکی پێدیا–

شەریعەتی یەکێک لە پشتیوانەکانی بزووتنەوەی خۆماڵی کردنی نەوت کردبوو و لە ڕێکخراوی نیهزەتی خوداپەرستانی سوسیالیست‌دا ئەندام بوو. لەگەڵ بەرهەمەکانی فرانتیس فانوون و سارتر ئاشنا بوو. پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئەلجەزایر کرد و تێیدا زۆر چالاک بوو. لە چالاکی‌یەکانی ئەلجەزایری‌یەکان لە فەڕانسە بەشدار بوو. ئەو لە زانستگای سۆربۆن هاوپۆلی هەواری بومدین بوو؛ کە بوو بە دووهەمین سەرکۆماری ئەلجەزایر. ئەو چەند کتێبی فرانتیس فانوون و ژان پۆل سارتری تەرجەمە کردووە. ئەندامی کۆنفیدراسیونی خوێندکاران لە دەرەوەی وڵات و یەکێک لە دامەزرێنەرانی نێهزەتی ئازادیی ئێران لەوێ بوو. نووسین و قسە نوێیەکانی لەسەر ئیسلامی شیعەی عەلەوی کە مەسەلەکانی ڕۆژ و کێشەکانی هەژاری و بێدەرتانی خەڵکی باس دەکرد و ڕێگاچارەی خەبات بە دژی سەرەڕۆیی باس دەکرد، هەوڵی دا و بیرێکی نوێی بەرهەم هێنا. لەگەڵ شیعەی سەفەوی-کە لە حەوزەکانی عیلمیەدا، برەوی هەبوو-، بە سوونەتی دەزانی و موخالیفی بوو. ژیان و تێکۆشانی شەریعەتی لە لایەن موافیقان و موخالیفانی بە کەسێکی چەند ڕەهەندی دەناسرێ.

عەبدولعەلیی بازرگان دەڵێ: هەموو پێیان وایە شەریعەتی کەسایەتی‌یەکی سیاسی، یا دژی ڕێژیمی شا بوو. بەڵام پتر لە سەرەڕۆیی حکوومەتی، دژی سەرەڕۆیی دینی، دژی سەرەڕۆیی حەوزەیی و دژی دواکەوتوویی بوو. قسەیەکی بەناوبانگی شەریعەتی ئەوەیە کە: ژمارەیەک لەو ئاغایانە، دەستێکیان بۆ وەرگرتن و دەستێکیان بۆ ماچ کردن هەیە. ئەو تەبلیغی ئیسلامی بێ‌ڕوحانییەتیشی دەکرد. و بە دوکانێکی دەزانی بۆ ئەوان. بۆیە دژایەتیی توندیان دەکرد. میسباحی یەزدی، شێخ مورتەزای جەزایری، سەید قاسمی ئیسلامی لە دژبەرە توندەکانی شەریعەتی بوون. ئەوان و هاوبیرانیان هەوڵیان دا لە مەرجەعەکانی شیعە دژی شەریعەتی فتوا وەرگرن. شەریعەتیان بە سونی، وەهابی و... دەشوبهاند. ئەوان ناوی ناحەزیان بۆ حوسێنییەی ئیرشاد بە کار دێنا. ساواکیش بە غەنیمەتی دەزانی کە شەریعەتی لە لایەن ڕوحانی‌یەکانەوە تەکفیر دەکرێ.

حەسەنی یووسفی ئیشکەوەری- کە پێشتر ڕوحانی بوو-، دەڵێ: شەریعەتی یەکێک لە بیرمەندانی جیهانی ئیسلام بوو. ئەو لەپێش‌دا، بڕوای بە شۆڕشی فەرهەنگی هەبوو. کتێبەکانی ئەو تیراژی میلیۆنیان هەبوو.

– ڕسانەی سبز ایران–

دوکتور عەباسی میلانی-مامۆستای زانستگای ستەنفۆردی ئەمریکا-، سەبارەت بە شەریعەتی دەڵێ: بێشک ڕوحانییەت لە ساڵی ١٩٦٢دا دەیزانی ئەگەر نەتوانێ چینی مامناوەندی و خوێندوار بۆ لای جۆرێک لە بیروڕای مەزهەبی ڕاکێشێ، یارییە سیاسی‌یەکەی دۆڕاندوە. شەریعەتی ئەو کارەی بۆ کردن. بەڵام هەر دیتیان هێرش بۆ ڕوحانی‌یەکان دەکا، خەریکی پیلانگێڕی بەدژی بوون. ساواکیش هەر ئەو کارەی کرد. هەتا جێگایەکی تەحەموولی کرد و بە دژی چەپەکان کەڵکی لێ وەرگرت. بەڵام دوایی بەکردەوە بۆی دەرکەوت کە موجاهدینی خەڵق پەروەردە دەکا، زیندانی کرد. د. میلانی پێی وایە: ئەکبری گەنجی نووسراوەیەکی زۆر گرینگی ڕەخنەیی لەسەر شەریعەتی نووسیوە. میلانی، شەریعەتی بە بنیاتنەری «فرهنگ شهادت» دەزانێ، کە بەداخەوە ئێستاش بوونی هەیە.

– صدای آمریکا، برنامەی افق، علی شریعتی، اسلام سیاسی و اسلام بدون روحانیت.–

شەریعەتی کە لە ساڵی ١٣٤٣دا، هاتەوە ئێران، لە سنووری تورکیە و ئێران گیرا و ماوەی چوار مانگ لە «قزل قلعە» زیندانی کرا. پاشان هەرچەند بڕوانامەی باڵای خوێندنی هەبوو، بۆ مامۆستای چوارەمی سەرەتایی لە گوندێکی دەرووبەری مەشهەد دامەزرا. چونکە دامودەزگای دەوڵەتی بەتایبەتی ساواک سەرەتا هەوڵیان دەدا عەلیی شەریعەتی زۆر لە پەراوێزدا بێ. بەڵام دواتر لە زانستگای مەشهەد بوو بە مامۆستا.

شەریعەتی لە ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی چووە حوسێنییەی ئیرشادی تاران و لە سوخەنرانی و شیکردنەوە و نووسینەکانی لەسەر ئیسلامی عەلەوی و تێکەڵاوکردنی لەگەڵ بەشی ئابووریی سوسیالیستی، سەرنجی توێژی خوێندەواری ڕادەکێشا.

دوکتور عەلیی شەریعەتی لەگەڵ خانمێکی هاوپۆلی بە ناوی پووڕانی شەریعەت ڕەزەوی ژیانی هاوبەشی پێک هێنابوو. برایەکی پووران بە ناوی مێهدی شەریعەت ڕەزەوی ناسراو بە ئازەر لە خولّقاندنی ڕۆژی خوێندکاردا، گیانی لێ ئەستێندرا. پووران یارمەتیدەرێکی باشی شەریعەتی لە تێکۆشانەکانی‌دا بوو. شەریعەتی سەبارەت بە ئازەری شەریعەت وتبووی: ئەگەر ناچارییەک بۆ زیندوومانەوەم نەبوایە، خۆم لە بەرانبەر زانستگا ئاور تێبەر دەدا، ئەو جێگایەی کە ٢٢ ساڵ پێشتر ئازەری ئێمە لە ئاوری بیدادی‌دا، سوتا و ئەویان لەپێش پێی نیکسۆن[ جێگری سەرکۆماری ئەوکاتی (١٣٣٢، ١٩٥٣)ئەمریکا]دا، قوربانی کرد.

– ویکی پێدیا، مجموع آثار شمارە ١– با مخاطب های آشنا (وصیت نامە)–

د. عەلیی شەریعەتی ئیسلاحگەرێکی دینی بوو کە ویستی وانەکانی مەزهەبی شیعە بەڕۆژ بکا و لەگەڵ شێوەیەک مۆدێرنیتەی ڕەخنەیی تێکەڵاوی کا. ئەو ویستی عەزا و ماتەمین و لەخۆدان بۆ ڕووداوی کەربلا و فەرهەنگی نەوحەخوانی بۆ شیکردنەوەی مێژووی بەرگری لە بەرانبەر زۆرداری و سەرەڕۆیی بەرێ. ئەوە بۆچوون و کردەوی باوکیشی بوو.

# قەیرانی سوریە لە بازنەی هاوکێشە ناوچەیی و جیهانی‌یەکان‌دا!

**ڕەزا محەممەدئەمینی**

شەڕ و بۆمبارانی خەڵکی ئاسایی و کاولکاری لە سوریە و بەتایبەت لە گەورەترین شاری ئەو وڵاتە، شاری حەڵەب بەردەوامە و تەنیا لە ماوەی ١٠ ڕۆژی ڕابردوودا بەهۆی بۆمبارانی فڕۆکە جەنگی‌یەکانی ڕووسیە و تۆپ و مووشەک بارانی هێزەکانی سوریە، زیاتر لە ٥٠٠ کەس کوژراو و ١٧٠٠ کەسیش بریندار بوون. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی زۆر بە توندی ڕەخنەیان لە هێرشەکانی سەر ڕۆژهەڵاتی ئەو شارە گرتوە و ڕووسیە و سوریەیان بە کۆمەڵکوژی و جینایەتی دژ بە مرۆڤایەتی تاوانبار کردوە. لەو بەینەدا تەنیا نەخۆشخانەی گەورەی ئەو بەشە لە شار کە هەتا چەند ڕۆژ لەمەوبەر چالاک بوو، لە هێرشی بۆمبە بۆشکەیی و هێشووی‌یەکانی فڕۆکەکانی «ئەسەد- پۆتین» لە ئەماندا نەماو بۆردومان کرا و پەکی کەوت. بەپێی هەموو کۆنوانسیۆن و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتی‌یەکان، نەخوشخانەکان دەبێ لە هێرش و پەلاماری جەنگی پارێزراو بن؛ بەڵام وادیارە لە شەڕی سوریەدا هیچ شوێن و جێگایەک، تەنانەت نەخۆشخانە و پەناگەی ژن و منداڵەکانیشلە هێرشی فڕۆکەکان پارێزراو نین.

پێنج ساڵ پاش سەرهەڵدانی شەڕی خوێناوی سوریە ، ئەو قەیرانە ئێستا وەک کەلافێکی ئاڵۆز وگرێ‌کوێرەیەکی لێهاتووە کە چارەسەری‌یەکەی هەتا دێ ئەستەمتر دەبێ. ڕەنگە ئەگەر لە پاش «بەهاری عەرەبی» بەشار ئەسەد کە سەر بە کەمینەی عەلەوی‌یەکانە لەگەڵ حیزبەکەی وازیان لە دەسەڵات هێنابایە، یان بە شێوەیەکی هێمنانە لەگەڵ نارازی‌یەکان هەڵسووکەوتیان کردبایە، نەک هەر ئەو وڵاتە تووشی ئەو شەڕ و کوشتار و کاولکاری‌یە نەدەبوو، بەلکوو ئەگەری ئەوەش هەبوو خەڵک چاوپۆشیان لە کردەوە قیزەونەکانی بەشار و حافز ئەسەدی بابی لە ماوەی دەسەڵاتدارییان‌دا کردبایە و سوریە بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشتبا.

تەنانەت لە ساڵی ٢٠١٣ش کە هێزەکانی بەشار ئەسەد زۆر بێ‌بەزەیانە شارۆچکەی «غووتە»یان لە نیزیک دەمێشق بۆمبارانی شیمیایی کرد و بە هەزاران کەسیان لە خەڵکی بێ‌تاوانیان کوشت، باشترین هەل بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕەخسا، بە کەمترین تێچووی سیاسیی و نیزامی‌یەوە، بەشار لەسەر کار لادەن و ڕێژیمێک بێننە سەر کار کە نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی‌یەکانی کردبا. ئەو کات، واتە سێ ساڵ لەمەوبەر، لە لایەک داعش و دەستە و تاقمە تێرۆریستی‌یە ئیسلامی‌یە تەکفیری‌یەکان جێگە و پێگەیەکی ئەوتۆیان لە سوریەدا نەبوو و لە لایەکی دیکەش ڕووسەکان بەکردەوە نەهاتبوونە نێو قەیرانەکە و لەڕاستی‌دا ڕێژیمی بەشار ئەسەد تەنیا لە لایەن کۆماری ئیسلامی و تاقمی حیزبوڵڵای لوبنانەوە پشتیوانی بەکردەوەی لێ‌دەکرا. بەڵام ئیستراتێژی ناڕوون وهەڵوێستی پاسیڤی ئەوکاتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە بەرانبەر ئەو قەیرانەدا، ئەو هەلەی بۆ ئەسەد ڕەخساند هەتا بە هاوکاری هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی و دواتر ڕووسەکان جێ پێی خۆی پتەوتر بکات.

جگە لە کوژران و بریندار بوونی سەدان هەزار کەس لە خەڵکی ئەو وڵاتە و ماڵوێرانی و ئاوارە بوونی میلیۆنان کەسی دیکە کە بۆتە قەیرانێکی مرۆیی و دراوسێکانی سوریە و وڵاتانی ئوروووپایی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، ئەو وڵاتە ئێستا بۆتە مەیدانی تەراتێنی زلهێزە ناوچەیی و جیهانی‌یەکان. لە ئاستی ناوچەیی‌دا کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی تورکیە، دوو یاریکەری سەرەکین کە حزووری بەکردەوەیان لەو شەڕ و قەیرانەدا هەیە و هەرکام لەو دوو حکوومەتە، سیاسەت و ئیستراتێژی و ئامانجی تایبەت بە خۆیان جێبەجێ بکەن.

کۆماری ئیسلامی خوازیاری مانەوەی بەشار ئەسەد لەسەر دەسەڵاتە و لەو پێناوەش‌دا جگە لە هاوکاریی ماددی و ناردنی چەک و چۆڵی پێشکەوتوو، بە هەزاران بسیج و پاسدار سپا و شیعەی پاکستانی و ئەفغانی ڕەوانەی ئەو وڵاتە کردوە و شانبەشانی هێزەکانی بەشار ئەسەد لە بەرەکانی شەڕدان. بەرپرسە نیزامی‌یەکانی ڕێژیم بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندوە کە «پەرێزی ئەمنییەتی» کۆماری ئیسلامی لە لوبنان و سوریەرا دەسپێدەکات و بە هەموو هێزەوە پشتیوانی لە مانەوەی بەشارئەسەد لە دەسەڵات‌دا دەکەن.

دەوڵەتی تورکیەش کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سوریەوە، بەدژی بەشار ئەسەد هەڵوێستی گرتوە، وێرای هاوکاری و پشتیوانی لە نەیارانی ئەو ڕێژیمە و پڕ چەککردنی بەناو ئەرتەشی ئازادی سوریە و دەستە و تاقمە ئیسلامی‌یەکان، بەتەمایە پشتێنەیەکی ئەمنییەتی لە خاکی سوریەدا دامەزرێنێ. وادیارە تورکیە بەنیازە هەتا کێشەی سوریە بە لایەکدا نەکەوێ، پاشەکشە بە هێزەکانی لەو وڵاتەدا نەکات. دیارە بوونی ئەو هێزانە لە سوریە هەرچەند تێچووی ئابووری و نیزامی زۆری بۆ تورکیە بەدواوە دەبێ، بەڵام گرینگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئیستراتێژی سیاسی ئەو وڵاتە لە سوریە و بەگشتی لە ناوچەکەدا.

ڕاستە تورکیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کێشە و شەڕی سوریەدا لە دوو بەرەی جیاوازدان و هەر یەک لەوان سیاسەت و ئیستراتێژی خۆیان هەیە، بەڵام هەر دوو ڕژیم لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان و دژایەتی و بەربەرەکانی لەگەڵ هەر چەشنە قەوارەیەکی کوردی لە هەر کام لە شێوەکانی(ئۆتۆنۆمی، فێدێراڵی و سەربەخۆیی) هاودەنگ و هاوڕان و ئامادەن لەسەر ئەو خاڵە هاوبەشە، تەنازول بۆ یەکتر لە سەرهەموو ناکۆکی‌یەکانیان بکەن.

لە پێوەندی لەگەڵ زلهێزە جیهانی‌یەکانیش‌دا جێی ئاماژەیە یەک ساڵ پاش دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ڕووسەکان لە شەڕی سوریەدا و لێدان و بۆردومانی نەیارانی ئەسەد و ئەو ڕۆڵە سەرەکی‌یە لە گۆڕینی هاوسەنگی هاوکێشەکەدا هەیانبووە، زیاتر لە هەموو کاتێک ڕووخانی ئەو ڕێژیمەی بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەستەم و دژوار کردۆتەوە. هەر لەو ماوەیەدا شەڕە قسە و گرژیی و ئاڵۆزی‌یەکی بێ‌وێنە لە نێوان ئەمریکا هاوپەیمانەکانی لەگەڵ ڕووسیە لە پێوەندی لەگەڵ هێرش و بۆمبارانی سەر شاری حەڵەب هاتۆتە ئاراوە، بە چەشنێک لە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسەکان، ماری‌یا ساخارۆڤا ڕایگەیاند، هێرشی لەمچەشنە(هێرشی ئامریکاو هاوپەیمانەکانی) ڕەنگە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی مەترسی‌دار، نەک هەر لە سوریە بەڵکوو لە تەواوی ناوچەکەدا پێک بێنێ. لەو پێوەندی‌یەدا ڕووسەکان ڕێککەوتنی دابەزاندن و کەم کردنەوەی پلۆتۆنییۆمی زەخیرەکراویان کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا لەگەڵ ئەمریکا مۆر کردبوو، هەڵپەسێراو ڕاگەیاند. هەڵپەساردنی ئەو ڕێککەوتنە ئیستراتێژیکە، دەتوانی گرێکی دیکەی کی‌بەرکێی ناوەکی لێبکەوێتەوە.

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی باش لەو ڕاستی‌یە گەیشتوون، بە هاتنە کایەی بەهێزی ڕووسەکان لەژێر ناوی شەڕ لەگەڵ داعەش و تێرۆڕیزم و لە ڕاستی‌دا شەر بۆ پاراستنی ڕێژیمی بەشارئەسەد وەک دواپێگەی ئەو زلهێزە لە دەریای ناوەڕاست‌دا، ئیدی ئەوان ئەو دەرفەت و دەرەتانەیان نەماوە کە بە زەبری هێز، ڕاستەوخۆ بۆخۆیان ڕێژیمی سەرەڕۆی بەشار لەسەرکار لادەن. چونکە دەزانن لە ئەگەری بەکردەوە کردنی وەها سناریۆیەک و لێکەوتنەوەی هەر چەشنە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی سەربازی‌دا، بڵێسەی ئاگری شەڕی سوریە دەتوانی بە هەموو لایەکدا تەشەنە بستێنێ و «شەڕە قسە» بکاتە «شەڕی گەرم» و ئەمنی‌یەت و ئاشتی و ئاسایشی جیهان تووشی مەترسی‌یەکی قەرەبوونەکراوە بکات.

بەوحاڵەش هەروەک پێشتر باس‌کرا و دیارە، ڕەوتی شەڕ و ڕووداوەکان وهاوسەنگی هێزەکان لە دوای دەستێوەردانی ڕووسەکان لە قەیرانی سوریەدا بەلای بەرەی ڕووس و ئێران و سوریەدا شکاوەتەوە. ئەسەد کە هەتا ساڵێک لەمەوبەر، سەرەڕای پشتیوانی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی، لە لایەن نەیارانی‌یەوە تەنگی پێهەڵچندرابوو، ئێستا لە بەرەکانی شەڕدا باڵادەستە و بەتایبەت لە شاری حەڵەب کە دەسبەسەرداگرتنی بۆ هەموو لایەنەکانی شەڕ زۆر گرینگە، لە پێشڕەوەی‌دایە. ئەو ڕاستی‌یە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، بە تورکەکانیشەوە کە هەزینەیەکی زۆریان بۆ سازکردن وڕێکخستنی دەستە و تاقمە میلیشیا ئیسلامی‌یەکانی وەک ئەحرار شامی و سوپای سوڵتان موراد و...سەرف کردوە، زۆر ناخۆشە؛ بەڵام لەو قەیرانەدا ئەوان، بەتایبەت ئەمریکا وەک وڵاتێک کە خۆی بە پارێزەری سەرەکی ئاسایش و ئەمنی‌یەتی جیهان دەزانێ ناچارن، باجی سیاسەتی هەڵەی خۆیان لە سێ ساڵ لەمەوبەر لە سوریەدا بدەن و لەگەڵ ڕووسەکان هەرچۆنێک بێ بە ڕیگا چارەیەکی هاوبەش ئەگەر بکرێ، بە تێچووی کەمتر بگەن.

دیارە هەرچۆنێک بێ دەبێ زلهێزەکان پێش بەو کوشتار و کاولکاری‌یە بگرن کە هەرئێستا لەو وڵاتە لێکترازاو هەڵتەکاوەدا بەڕێوەدەچی. ئەو کارەساتە مرۆیی‌یەی کە خەریکە تەنانەت زلهێزەکانیش بەگژ یەکدا دەدا، سەلمێنەری ئەو ڕاستی‌یەشە کە ریشەی ناکۆکی و ناتەبایی لە سوریە و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا دەگەڕێتەوە بۆ ستەم و سیستیمی کۆلۆنیاڵی پیش شەڕی یەکەمی جیهانی و شێوەی دابەشکرانی ئەو وڵاتانە لە دوای ئەو شەڕە و دامەزراندنی بێ‌سەروبەرەی چەند دەوڵەتێکی دەسکرد کە هیچ بنەمایەکی نەتەوەیی و ئایینی تێیدا ڕەچاو نەکراوە. هەر بۆیەشە هەتا نەتەوە ژێردەستەکان و پەیڕەوانی دین و مەزهەبە جیاوازەکان، بە ماف و ئازادی‌یەکانیان نەگەن؛ هەتا ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆڕەکان دەرەتانی دەستێوەردان و ئاژاوە نانەوەیان لە بەرتەسک نەکرێتەوە و هەوسار نەکرێن و هەتا بەیەکەوە ژیانی ئاشتی‌یانە و بەدوور بوون لە دەمارگرژیی و نەفرەتی نەتەوەیی و ئایینی، لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا چەکەرە نەکات؛ ئەگەری زۆری هەیە قەیران و ڕووداوە تاڵەکانی سوریە، لە وڵاتانی دیکەی باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا دووپات بێتەوە.




«« ڕاستە تورکیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کێشە و شەڕی سوریەدا لە دوو بەرەی جیاوازدان و هەر یەک لەوان سیاسەت و ئیستراتێژی خۆیان هەیە، بەڵام هەر دوو ڕژیم لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان و دژایەتی و بەربەرەکانی لەگەڵ هەر چەشنە قەوارەیەکی کوردی لە هەر کام لە شێوەکانی(ئۆتۆنۆمی، فێدێڕاڵی و سەربەخۆیی) هاودەنگ و هاوڕان و ئامادەن لەسەر ئەو خاڵە هاوبەشە، تەنازول بۆ یەکتر لە سەرهەموو ناکۆکی‌یەکانیان بکەن »»

---

**ڕوانینی دەرەکی**

## کاتی دەستپێکی پرۆسەیەکی نوێی ئاشتی لە نێوان تورکیە و کوردەکان هاتووە

**واشینگتۆن پۆست – ئەسڵی ئایدین تاسباش**
**وەرگێڕان: کەماڵ حەسەنپوور**

جۆکێک هەیە کە دەڵێ: لە کوردێک کە چاوەڕوانی ئیعدام‌کران بوو دەپرسن دوایین ئاواتت چیە؟ لە جواب دا دەڵێ: چاوم بە دایکم بکەوێ. پاشان لە تورکەکە هەمان پرسیار دەکەن و ئەویش لە جواب دا دەڵێ: کوردەکە چاوی بە دایکی نەکەوێ. ئەوە کۆکراوەی ڕوانگەی هەنووکەیی تورکیەیە بەرامبەر بە باکووری سوریە.

لەم دواییانەدا برێت مەکگۆرک، نێردواری تایبەتی سەرۆکۆمار ئۆباما لەسەر پرسی داعش، لە نیویۆرک کەوتە بەر تانەی سەرۆککۆمار ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەبەر سەردانەکەی لە مانگی فێوریەدا بۆ کۆبانی لە سوریە، سەمبۆلی هەرە بەرچای خۆڕاگری کوردان بەرامبەر بە دەوڵەتی ئیسلامی. مەکگۆرک خەڵاتێکی لە لایەن شەرڤانە کوردەکانەوە، کە ئەردۆغان بە تێرۆریستیان دەزانێ، پێ بەخشرا.

کاتێک کە ئەرۆغان دەیهەویست [ لە هۆڵەکە] دەرکەوێ بە مەکگۆرکی گوت: ‹دووپاتی نەکەیتەوە!›

کێبەرکێی نێوان کورد و تورک هەندێ جار بە قازانجی واشینگتۆن بووە، هەر ئەو کێبەرکێ‌یە تورکیەی بۆ شەڕ بە دژی داعش و کوردەکانی بۆ ئامانجی بوێرانە وەک گرتنەوەی مۆڵگەی بە هێزی جیهادیەکان لە گرێ سپی و مونبیج هان دا. کوردەکانی سوریە هاوپەیمانێکی کاریگەری ویلایەتە یەکگرتووەکان بوون لە جەنگی دژی دەوڵەتی ئیسلامی و دەورێکی سەرەکی لە هێرشی چاوەڕوانکراوی سەر پێتەختی دەولەتی ئیسلامی لە ڕەققە دەگێڕن.

بەڵام لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، بۆ هاوکاری لەگەڵ کوردانی سوریە بەبێ گیروگرفت ساز کردن لە لایەن ئانکاراوە، واشینگتۆن تا ڕادەیەکی زۆر چاوی لە هەمبەر خراپتر بوونی بارودۆخی کوردەکان لە تورکیە نووقاندووە. بەڵام ئەو باڵانس ڕاگرتنە ئاستەمە، ناتوانێ تا ماوەیەکی زۆر درێژەی هەبێ. بەبێ جۆرێک مامەڵە لە نێوان کورد و تورک، زۆری پێ‌ناچێ کە ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی سوریەی ئەوبەری سنوور کە تورکیەی لە پشتە لەگەڵ هێزە کوردی‌یەکانی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتیوانیان دەکا تووشی شەڕ و پێکدادان دەبن. لە جیاتی «مودیرییەت» کردنی ئەو دۆخە ناسکە وا باشترە بەڕێوەبەریی ئۆباما ماوەی دەسەڵاتداریی خۆی بەکار بێنێ تا ئەردۆغان بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کوردەکان هان بدا.

پرسی کورد چیتر ناتوانێ لە چوارچێوەی سنوری هیچ کام لە وڵاتان‌دا چارەسەر بکرێ، ئەوەی لە تورکیە دەگوزەرێ بە شێوەیەکی ئاڵۆز پەیوەندی بە هاوکێشەی سوریەوە هەیە و بە پێچەوانەشەوە. کە وابوو شتەکە مەسەلەیەکی دژەتێرۆریستی ساکار نیە، هەروەها پشتیوانی‌یەکی بەهێز بۆ جووڵانەوەی کوردی لە نێوخۆی تورکیە بوونی هەیە.

ئەردۆغان ڕاست دەکا کاتێک دەڵێ کوردەکانی سوریە و نەیارانی کورد لە تورکیە بەیەکەوە پەیوەندییان هەیە. پەکەکە(پارتی کرێکارانی کوردستان) براگەورەی بەهێزی کوردەکانی سوریەیە و دەیان ساڵە بەدژی تورکیە دەجەنگێ. ئەردۆغان هەروەها حەقیەتی لە هەڵمەتی توندوتیژی پەکەکە لە نێو تورکیە سکاڵا بکا، پاش کۆتایی کوتوبڕی گفتوگۆی ئاشتی لە ساڵی ڕابردوودا، توندوتیژی‌یەکان خەراپتر بوون و ڕێژەی قوربانی‌یەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە. بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ڕێژەی سەرهەڵدانەکە، وەڵامی بەزەبری سوپای تورکیە ناتوانی براوە بێ و تەنیا دەبێتە هۆی زیاتر بوونی نارەزایەتی لە نێو جیلی داهاتووی لاوانی کورددا، ئەویش یەکگرتوویی درێژخایەنی تورکیە دەخاتە مەترسی‌یەوە. هەر چەشنە سازانێک لە نێوان تورکیە و کوردەکان دەبێتە هۆی هێور بوونەوەی سەرهەڵدانەکە لە نێوخۆی تورکیە؛ کە تائێستا بۆتە هۆی گیان لەدەستدانی هەزاران کەس و پۆتانسییەلی ئەوەی هەیە کە هاوپەیمانێکی گرینگی ناتۆ ناسەقامگیر بکا.

تورکەکان دەبێ فکری مەزن و درێژخایەن بکەنەوە. لە جیاتی بە شێوەیەکی نۆستالژیک ناوی سوڵتانەکانی عوسمانی لە سەر پرد و تونێلەکان بنێن و برەو بە ناسیۆنالیزمی تورکی بدەن، ڕێبەرانی تورک دەبێ وەک نەوەی شیاوی هێزێکی ئیمپێراتوریی هەڵسوکەوت بکەن. ئەوە بە مانای دەستهەڵگرتن لە شەیدایی مالیخولیایی دژی کوردانی سوریە و دەستپێکردنی وتووێژ لە نێوخۆیە. فەرمانبەرێکی پێشووی تورک جارێکیان بە منی گوت: ‹لە درێژخایەن‌دا تورکیە یا بچوک یا گەورە دەبێتەوە›. ئەوەی دواتر دەبێتە کارێکی ئەمپێراتوریەتی. بۆ ئەو کارە ڕێبەرانی تورک دەبوو ببنە فریشتەی پارێزەری کوردان لە ناوچەکەدا و پشتیوانیی دەوڵەتێکی کوردی دۆست لە سوریە بکەن.

لە کۆتایی‌دا، مەسەلەی دێموکراسی لە تورکیەیە، کە وێدەچێ هەموو کەس لە ڕۆژئاوا لێی بێ‌هیوا بووبێ. مەسەلەی کورد هەمیشە مەحەکی چۆنایەتیی دێموکراسی لە تورکیە بە شێوەیەکی گشتی بووە کە کاریگەری لەسەر هەموو شتێک لە ئازادی ڕادەربڕین‌ڕا بگرە تا هەڵبژاردنەکان هەبووە. پاش کۆتایی وتووێژی ئاشتی لەگەڵ کوردە یاخیبووەکان ساڵی ڕابردوو، دێموکراسی تورکیە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کزتر بووە. دوڵەتی تورکیە لەو دواییانەدا دەستی کردووە بە لابردنی شارەدارەکانی هەڵبژێراو و هەر ئێستا پارێزبەندی لەسەر نوێنەرانی کورد لە ئانکارا هەڵگرتووە ، ئەوە نیشانەیەکە کە ئەوان دەیانهەوێ لە چەند مانگی داهاتوودا دەستبەسەریان بکەن.

وا وێدەچێ کلیلەی وەرسوڕانی سەرەڕۆیی ئەردۆغان و پاراستنی دەسکەوتە ناسکەکانی سوریە بە نێو دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کوردان‌دا تێپەڕ دەبێ.

روانین



مەنووچێهر پووردڵ

# پەیمانی پیرۆز

لە کتێبی بەنرخی مێژووی کوردەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی (دوکتور جەلیلی جەلیل)دا ئاماژە بە پەیمانێک کراوە بە ناوی پەیمانی پیرۆز! ڕووداوێکی گرینگ کە کەم وا هەبووە نەتەوەی کورد بە خۆیەوە ببینێ. پەیمانێک کە بە سەرپەرشتی و کارزانی ئەمیر بەدرخان، میری بۆتان لە نێوان میرانی ناوچەکانی بۆتان، وان، هەکاری، مووش، خێزان، سەعرەد، قارس، موسڵ و... واژۆ دەکرێ. تەنانەت میرنشینی ئەردەڵان لە ئێرانش پەیماننامەکە واژۆ دەکات تا بۆ هەموو لایەک دەرکەوێ کە بەدرخان مەبەستی سازدانی وڵاتێکی سەربەخۆیە و لابردنی سنوورە دەسکردەکانی کوردستانە لە نێوان ئێران و عوسمانیدا. واتە لەنێوبردنی ناکۆکی نێوان میرنشینەکان و دواجار یەکڕیزی ماڵی کورد. بۆیە لێکۆڵەرە بیانییەکانیش ئەم حکوومەتە بەم دەستەواژەیە تاریف دەکەن: semi-independent emirate کە گوزارە لە حکوومەتێکی نیوەسەربەخۆ دەکا کە بە تەعبیری ئەمڕۆیی وەک بوونێکی دیفاکتۆیی سەلمێندرابوو.

سەرکردەیەکی کورد دووسەد ساڵ لەمەوبەر - لە بیرەوە بۆ کردەوە - هەنگاوی نا بۆ سەربەخۆیی کوردستان و لە بەرامبەر زلهێزەکانی ئەو سەردەمەدا واتە دوو ئیمپراتۆری عوسمانی و ئێراندا ڕاوەستا، بەتایبەتی عوسمانییەکان کە بەهێزترین دەوڵەتی سەردەم بوون. لێرەدا مەبەست تاووتوێی ئەم پەیماننامەیە نییە و تەنیا دەمەوێ لە یەک ڕستەدا ئاماژە بە مەبەستی سەرەکیی پەیمانی پیرۆز بکەم کە دوو سەدە لەوەپێش ڕێبەرێکی کورد لە ڕێگای ڕێککەوتن و یەکگرتن لەگەڵ لایەنەکانیتر، لە قالبی پەیمانی پیرۆزدا حەولی سەربەخۆیی وڵاتی خۆی دا، بێگومان ئەوەش کە ناوی پیرۆز بۆ پەیمانەکە دیاریکراوە دەگەڕێتەوە سەر گرینگیی ئەم ڕێککەوتنە، چونکە هەروەک هەموو لایەک دەزانن ئەوە دەقە ئایینییەکانن کە وەک تێکستێکی پیرۆز ناوزەد دەکرێن، کەچی میری بۆتان و هاوپەیمانەکانی ئەم پەیمانە تا ئاستی پیرۆزبوون هەڵدەکێشن چونکە خاک و نەتەوەیان بەلاوە پیرۆز بوو.

***

لە مێژووی کۆن و سەردەمی ئێستاشدا هەندێ جار گوێبیسی هەندێ وشە و دەستەواژەی پەیوەندیدار بە چەمکی سازان دەبین کە بۆ ئەوە دەبن هەڵوێستەیان لەسەر بکەین: پەیمان، عەهد، پەیماننامە، ڕێککەوتن، ڕێککەوتننامە، ئیتیفاق، تەوافوق و... کە زیاتر لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان (لێرەدا مەبەست هێزەکانی نێوخۆیە) واژۆ دەکرێ. لە یەکەم ڕوانیندا سەرجەم ئەم وشانە بەدەر لە ناوەرۆکیان هەستێکی ئەرێنیمان پێ دەبەخشن و لامان وایە ئاکامەکەیان دەبێتە هۆی چەشنێک ئارامی و سەقامگیری بۆ وڵات، بەڵام کە لە نێوەرۆکی پەیمان و ڕێککەوتنەکان ورد دەبیەوە ئەم هەست بەئارامی جێگای خۆی دەدا بە دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیری، بۆ؟



هەر چەشنە ڕێککەوتنێکی سیاسی کە لە بارودۆخێکی تایبەتدا پێکدێ دەبێ بە وردی ئاگاداری دۆخی نێوخۆ بێ و بێ هیچ ئەملاوئەولایەک دەبێ بەردەنگی سەرەکیی ڕێککەوتنەکە لایەنی دەرەکی، لایەنی بەرامبەر یان بە واتایەک ئەویتر بێ. ناکرێ پەیمان ببەستی و بەردەنگەکەت لایەنی ژوورەکی بێ، دیارە مەبەست ئەوە نییە کە قەول و قەراری نێوخۆیی وەک بنەما و پرەنسیپی نێوان واژۆکەرانی ڕێککەوتنەکە چاوپۆشی لێ بکرێ و پشتگوێ بخرێ، نا... بەڵکوو لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم پرنسیپانە دەپارێزرێن ئاخرجار ڕووی دەقی ڕێککەوتنەکە دەبێ بەرامبەرت بێ. خاڵی مەترسیدار ئەم چەشنە ڕێککەوتنانە ئەوەیە کە لەبری ئەوەی بەردەنگی سەرەکی، لایەنی دەرەکی بێ بەردەنگەکەی ڕێک لایەنی ژوورەکییە! کەچی لە لایەکیترەوە ڕێککەوتنی لایەنی بەرامبەری کورد لە سەرجەم قۆناغەکانی پڕۆسەی ڕێککەوتندا تەواو و بێئەملاوئەولا ڕووی دەمی لە کوردە. ڕێککەوتنی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی چ لە ئاستی حیزبەکانی هەر پارچەیەک وەک بەرە یان هەر چوار پارچەی کوردستان لەم ساتەوەختەدا نەک هەر کارێکی ئەرێنییە، بەڵکوو پێویستییەکی مێژووییە. ئەگەر مەبەست بەرژەوەندیی نەتەوەیی بێ و مەبەست یەکلابوونەوەی کۆنە حساباتی لایەنەکان نەبێ، ناکرێ و نابێ هیچ هێز و لایەنێک پەراوێز و پشت گوێ بخرێن، نابێ لەبری دڵگەرمی خەڵک ببێتە هۆی دڵەڕاوکێ، نابێ لەبری یەکڕیزی ببێتە هۆی لێکترازان، نابێ کاردانەوەی سەلبی بە دوای خۆیدا بێنێ و... ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لەسەر عەرزی واقیع دەیبینین سیلەی چاوی ڕێککەوتنەکان لەبری بەرژەوندی نەتەوەیی، ڕووی لە بەرژەوەندی حیزبییە. ئەگەر وەک نموونە باس بکەم کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کە دەکرا وەک دەرفەتێکی لەبار کەلکی لێوەرگیرێ زیاتر بوو بە هۆی گۆڕەپانی باڵ باڵێنی دوو لایەنی سەرەکی کوردی.

ئەوە چەندین ساڵە هەموو لایەنەکان، سەرجەم حیزبەکان بانگەشەی یەکڕیزی، هاوپەیمانی، ڕێککەوتن و... دەکەن و بێگومان دەرئەنجامە ئەرێنی و پۆزیتیڤەکانی لە کەس شاراوە نییە کەچی لەسەر ئەرزی واقیع نایاتە دی. دیارە حاشا لە جیاوازیی پێکهاتەیی و فکریی لایەنە سیاسییەکان ناکرێ و ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبێ وەک پلۆرالیزمێکی سیاسی سەیر بکرێ بەڵام دەکرێ هەر بەم جیاوازییانەوە حەولی ئەوە بدرێ لێکتر نیزیک و نیزیکتر ببینەوە و دواجار لە ژێر چەتر و بەرەیەکی هاوبەش کۆببینەوە. بۆیە ئێمەی کورد پێویستیمان بە واژۆکردنی پەیمانێکی پیرۆز هەیە تەنانەت ئەگەر بە قەڵەم و کاغەزیش نەکرێ لە ڕووی ئەخلاقی و نەتەوەییەوە ئەرکدارین چاومان بەسەر یەکەوە بێ!

## مێژووی زیندوو

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ئەحمەد بادیکان(پادگانی)



هەیاس کاردۆ

بۆ بەچۆک داهێنانی پێشمەرگە، سوپای نەیار پەنای بردە بەر سێ هێزی: «ترس» و «خەو» و «برسییەتی». سێکوچکەی پاڵپشتی نەیار کە ئاوازەی خۆڕاگریی پێشمەرگەیان بیستبوو، لەو هەڵمەتەدا بڕیاری یەکگرتنیان دا. «ترس» کە لەمێژ بوو هێزی خۆی لەسەر سوپای دژ تاقی کردبۆوە، بە زەردە خەندەیەکەوە قەولی دا وا بەدڵ و دەروونی هێزی پێشمەرگەدا بچێتە خوار کە کلۆلێ بکا و هەر لە یەکەم پەلاماردا پەکی بخا. «خەو» بە تێڕادیوی لە قودرەت و هەیبەتی خۆی مەسەلەکەی زۆر بە سووکی گرت و گوتی: هیچ نیە، مادام منتان دەگەڵم خەمی هیچ مەخۆن. شەرتە دانە بە دانەی پێشمەرگە لە دنیای وشیاری بتارێنم و بیانخەمە نێو گێژاوی بێخەبەرییەوە. «برسییەتی» بەڵام لە هەر دووکیان تێڕادیوتر و لە خۆباییتر قسەی کرد و وای نیشان دا کە هێزی ئەو بە تەنیا بۆ پەکخستنی توانای پێشمەرگە بەسە. هێزی دژ، دڵخۆش لە پاڵپشتیی ئەو سێ دیاردە چارەنووسسازەی مەیدانی شەڕ خۆی ڕێک خست و هەوای سڕینەوەی ناوی پێشمەرگەی کەوتە سەری. تەپڵی شەڕ لێدرا و دەنگی شەیپووری وەڕێکەوتوانی مەیدانی مەرگ و ژیان گوێی ئاسمانی کەڕ کرد. کاتێک هێزی پەلاماردەر بە پاڵپشتیی سێکوچکەی نەگبەتی خۆی گەیاندە مەیدانی خۆ تاقی کردنەوە و بانگی شەڕی دا، خۆی لە بەرانبەر کێوی «ورە« و «ئیمان» و ئازایەتی»ی پێشمەرگەدا دیتەوە. بە دیتنی ئەو سێ شاسوارەی مەیدانی شەڕ، سێکوچکەی پشتیوانی نەیار سەریان داخست و پاشەوپاش گەڕانەوە. بە گەڕانەوەی ئەوان، سوپای هێرشبەریش خۆی نەگرت و سەری بۆ ئیمان و ورە و ئازایەتیی پێشمەرگە نەوی کرد.

ویستم فێری دەرسی فیداکاری و لەخۆبوردوویی و ئازایەتی بم. گەڕام و سۆراغی مامۆستای چاک و قوتابخانەی بەناوبانگ و کتێبی بایەخدارم کرد. پرسیم و ناونیشانی جۆراوجۆرم پەیدا کردن. شوێن و بنکە و بنیات و قوتابخانە و فێرگە و زانستگای جۆربەجۆرم تاقی کردنەوە و لە لای هەرکامیان شتێک فیر بووم. بەڵام مخابن هیچکام لەوانە نەیانتوانی ئاواتی من وەدی بێنن و دەگەڵ مانای ڕاستینی فیداکاری و لەخۆبوردوویی و ئازایەتی ئاشنام بکەن. لە درێژەی گەڕان و بەدواداچوونمدا سەرەنجام گەیشتمە «پیری دنیا دیدە« و مەبەستی خۆم بۆ باس کرد. پیری بیرمەند زوو لە مەبەست گەیشت و زۆر زووتریش فێری کردم ڕوو لە کوێ بکەم. ئەو پێی گوتم: «ڕۆڵە ئەوەی تۆ لێی دەگەڕێی مەنزڵ و مەتەرێزی لە بەرزایی ئەو چیا سەرکەشانەیە و ئەگەر دەخۆت ڕادەبینی و ورەی سەرکەوتنت هەیە ڕامەوەستە و بۆی سەرکەوە. تەنیا پێشمەرگەیە دەتوانێ فێری دەرسی فیداکاری و لەخۆبوردوویی و ئازایەتیت بکا». بە بیستنی ناوی پێشمەرگە پشوویەکم هاتەوە بەرخۆ و دەستی پیرم ماچ کرد و بەرەو لووتکە ملی هەورازم گرتە بەر.

***



ئەحمەد پادگانی

بەشداری ئەمجارەی «مێژووی زیندوو» لە بنەماڵەیەکی کرێکار و هەژاری شاری مەریوان لە دایک بووە. «بە بیرم دیت کە ساڵی ١٣٤٥ دایکم دەستی گرتم و بردمی بۆ ماڵەکانی خوالێخۆشبوو «ڕەحیم نیکجو» کە لە ناوەندی شار هەڵکەتبوو، دەوڵەت بەکرێی گرتبوو بۆ مەدرسە. گوتیان ئەمە «دبستان فرح»ە. لەو ساڵەدا نێردرامە بەرخوێندن. مەرحوومی باوکم مەعدەن بەردی هەبوو واتە بەردکەن بوو. مەعدەنەکە لە کەنار جادەی مەریوان – زرێبار هەڵکەوتبوو کە بە«کلکەوەسانە« بەناوبانگە لە مەریوان. هەرچەند من تەمەنم بەوە نەگەیشتبوو کە کار بکەم، بەڵام بە هۆی نالەباریی وەزعی ئابووری و هەژاری هاوینان کە مەدرەسە دادەخرا دەبوو لەوێ کار بکەم...». «ئەحمەد بادیکان» کە لەنێو هاوسەنگەر و دۆستانی پێشمەرگەیدا بە ئەحمەد پادگانی ناوبانگی ڕۆیشتوە و هەر بەڕاستیش وەک پادگانێکی پڕ لە چەکی ئیمان و ورە و خۆڕاگری حیسابی بۆ دەکرا، یەک لە هەزاران تیکۆشەری مەیدانی ئازادیی گەلەکەیەتی کە بە ئێسک و پێستییەوە هەژاری و چەوسانەوەی هەست پێ کردوە و هەر بۆیەش دواتر کە توانای خەباتی دەخۆیدا شک بردوە لێی ڕانەوەستاوە.

ئەو سەرەتا ئاوای دەست پێکرد: «لەو کاتەدا من کە ئەندام یان لایەنگری هیچ ڕیکخراوەیەک نەبووم، لەگەڵ ٢ هاوڕێی ئەو سەردەمەم کانونی لاوانی بێکار(کانون جوانان بیکار)مان پێک هێنا و ٣ ژمارە بلاوکراوەمان لە پێوندیی بە لاوانی بێکار نووسی و بڵاومان کردەوە. لەو کاتەدا زیاتر لە ٤٠ کەس لەو کانوونەدا ناونووسیان کرد، ئەو کانوونە ئامانجی ئەوە بوو کە کار و پیشە بۆ لاوانی بێکار بدۆزیتەوە». دواتر بە لەبەرچاو گرتنی ناسیاوی و دۆستایەتییەک کە دەگەڵ بەشێک لە چالاکانی «یەکیەتیی جووتیاران»( دواتر بوو بە کۆمەڵە) هەیبوو خۆی گەیاندە لای ئەوان و بڕیاری خەبات بە دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی دا. هەر لەو ماوەیەدا گەلاڵەی چەککردنی شارەبانیی مەریوانی داڕشت و بە هاوکاریی دۆستانی لە یەکەیتی جووتیاران خۆی گەیاندەوە نێو شار و دەستی بەسەر ئەو بنکەیە داگرت. کاک ئەحمەدی پادگانی بە نیازی بەشداربوون لە بزووتنەوەی دژی نابەرانبەریی چینایەتی دەستی بەخەبات کرد و هاوکات ئەشقی ڕزگاریی گەلە بندەستەکەشی بەربینگی پێ گرتبوو. پاش ماوەیەک مانەوە لە ریزی کۆمەلە سەنگەری گۆڕی و خۆی گوتەنی: «هەرکەسیک دەست دەکات بە کاریکی تازە لە سەرەتایەوە زۆر یان کەم لەگەڵ گیروگرفت دەستەویەخە دەبێ. یان کەسیک بە دوای ئامانجیکدا بگەڕێ هەندە سووک و ئاسان نییە کە بۆی مسۆگەر بێ، وشیاری و عەقڵمەندی پێویستە. منیش لە سەرەتاوە لەگەڵ کۆمەڵیک گیروگرفتی فیکری دەستەویەخەبووم. یەکیک لەو گیروگرفتانەی کە لەگەڵی بەرەوروبووم کە شناختیکی ئەوتوم لەسەر ڕێبازی سیاسیی حیزبەکانی کوردستان نەبوو وەک پێویست. هەروەها کۆماری ئیسلامیش مەجالی ئەوەی نەدا کە حیزبەکانی کوردستانی پڕۆگرامی خۆیان بەتەواوی لەنێو کومەلانی خەلکدا بلاو بکەنەوە«. دواتر و لە جەنگەی خەبات و تێکۆشانی بەکردەوەدا ئەو تێکۆشەرە ڕێبازی حیزبی دێمۆکرتی کوردستانی قبووڵ کرد و لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویڕا شان بە شانی خەباتکارانی ئەو حیزبە مەتەرێزی لە دوژمن گرت و ئیتر بوو بەو خەباتکارە بەناوبانگە کە ئاوازەی هەموو کوردستانی گرتەوە.

ئەوانەی لە خەباتی سەختی بەرگریی چەکداریدا بەشدار بوون باش دەزانن پێشمەرگەی باش و سەرکەوتوو دەبێ لە چ تایبەتمەندییەک بەهرەمەند بێ. ورە و ئازایەتی، ئیمان و توانای بەردەوام بوون، نەزم و دیسیپلین، کاری تیمی و ڕێز گرتن لە هاوسەنگەر، خەڵکی بوون و بۆ خەڵک خەبات کردن، وشیاری و زیرەکی لە کاتی بەرەوڕوو بوون دەگەڵ دوژمن، ناسینی ناوچە و شوێنە جۆراوجۆرەکان و... لەو تایبەتمەندییانەن کە هەمووی لە وجوودی ئەحمەد پادگانیدا کۆببوونەوە و ئەویان کردبووە جەنگاوەرێکی ڕاستینی مەیدانی خەبات. پادگانی ئەگەر کەمێک درەنگ خۆی ساغ کردەوە، بەڵام چاکی خۆ ساغ کردەوە و باشی درێژە دا. ڕاستییەکەی ئەوەیە هەموو ناوچەی مەریوان بە شار و دێهاتی و بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی جنووبی کوردستان ببوونە مەیدانی قارەمانەتی نواندنی پادگانی و هەموو خەڵکی ئەو ناوچانە دەگەڵ ناو و سیمای ئەو تێکۆشەرەی گەل ئاشنا بوون.

کاری بەردەوام، ئیمان بە ڕێباز و نیشاندانی توانای بەڕێوەبردن وای کرد پادگانی زوو جێ بگرێ و پلەکانی سەرکەوتن لە کاری پێشمەرگایەتیدا یەک بە یەک ببڕێ. بە گشتی لە ماوەی مانەوەی لە ریزی خەباتگێڕانی دێموکراتدا، هەڵۆی چیا و پێدەشتەکانی مەریوان ئەم بەرپرسایەتی و ئەرکانەی پێ ئەسپێردراون:

ساڵی ٦٠ هەتا کۆتایی ٦١ لە ناوچەی سەقز وەک پێشمەرگە خزمەتی کردوە.

سەرەتای ساڵی ٦٢ گەڕاوەتەوە ناوچەی مەریوان و بە کاری تەشکیلاتی و نیزامییەوە خەریک بووە.

ساڵی ٦٤ بووەتە فەرماندەری پێشمەرگەکانی ناوچەی مەریوان.

پاش کۆنگرەی ٨ بووەتە ئەندامی مەڵبەندی یەکی جنووبی کوردستان و بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەریوان.

دوای کۆنگرەی ٩ هەمدیسان ئەندامی مەڵبەندی یەک و ئەمجار فەرماندەری هێزی زاگرۆس لە جنووبی کوردستان.

ساڵی ١٣٧٢ کراوەتە جێگری بەرپرسی کۆمیتەی ئەمنیەت کە ئەو ئەرکەی هەتا چوار ساڵ لە ئەستۆ بووە.

پاش کۆنگرەی ١١ دیسان کراوەتەوە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەریوان.

لە کۆنگرەی ٩ دا بووەتە ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی.

ئاخرین بەرپرسایەتیی تێکۆشەر پادگانی کار لە کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامیی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبەکەی بووە.

لە ماوەی خەباتی شۆڕشگێرانەیدا بەرێز پادگانی ٦ جار بریندار بووە کە دوایین جار برینی زۆر قورسی هەڵگرتوە. جگە لەوە بە بنەماڵەش تووشی زیانی قورسی گیانی و ماڵی هاتوون و لەو بارەیەوە داخی لە دەست دانی خوشکی خۆشەویستی و خوشکەزا و ئامۆزا و هەروەها ئەشکەنجە کرانی باوکی لەلایەن دەزگای سەرکوتکەرەوە کە دواتر هەر بەو هۆیەوە کۆچی کردوە. هەمووی ئەوانە ئەحمەدیان لەپێ نەخستوە و لە درێژەی ڕیگا ماندوویان نەکردوە.

ئەگەر ناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد دەنگی داوەتەوە و دۆست و دوژمن حیسابی بۆ دەکا، ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی خەباتکاری مەیدانی کوردایەتی ناوبانگی ڕۆیشتوە، بێگومان بە بوونی خەباتکارانی بێژماری ئەو مەیدانەیە. پێشمەرگە و فەرماندەرانی پێشمەرگە لە درێژەدان و بەرەوپێش بردنی ئەو خەباتەدا ڕۆڵ و جێگایەکی هەتا بڵێی گرینگیان هەیە و دیارە لەنێو ئەوانیشدا تێکۆشەر ئەحمەد پادگانی لە بژاردەکانە. بێگومان بزووتنەوەی سەربەرزانەی گەلی کورد بە بوونی کەسانی وەک پادگانی دڵخۆشە و هەر بۆیە کۆمەڵانی خەڵکی کورد ڕێز لەو قارەمانانەی مەیدانی تێکۆشان دەگرن.

# یادی گوڵێکی هەڵوەریو



عەلی فەتحی

تەمەنی پتر هەڵکشا. جیا لە قادر، ئەوجار سمایلیش بوو بە دۆستی گیانی بە گیانی ئەو. هەرسێک خاوەن شێوازی ئاخاوتنی هاوشێوە، تەواو شنۆییانە. دوو وێژە هەردەم لە ڕستەکانی گفتوگۆیان‌دا بەدی‌دەکرا: هەتی، گۆتم.

ئینقلابی ئێران شای ڕووخاند و دەسەڵاتی شارەکان کەوتە دەست خەڵک. لەو نێوەدا سمایل مەولوودنیژاد چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرت.

• هەتی سمایل، گۆتم ئەو تفەنگەت لە کێندەرێ هینایە؟

• هەتی شەهاب، مەگەر نازانی بوویتمە پێشمەرگە.

کە شەڕی نەغەدە دەستی پێکرد، سمایل خێرا بەرەو بەرەکانی شەڕ چوو. لەوێ شەهید بوو و جەنازەی هاتەوە. شەهاب لە هەموو کەس پتر ڕووخا. تەنیا قادری شوان مابوو، دڵی پێ‌خۆش بێ.

زۆری نەخایاند قادریش دەستی لە شوانی‌یەتی هەڵگرت و چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کرد.

ئێوارەیەک تووشی هەڤدوو دەبن.

• شەهاب، گۆتم سبەینێ بەرەو ڕەزاییە(ورمێ) دەچین، وەختەکی هاتمەوە خەبەری خۆشت بۆ دینم.

• هەتی قادر، ئاگات لەخۆت بی... چاک تفەنگ باوێی. ئەو نارنجۆکەش لەوێ بتەقینە. دەستی بۆ نارنجەکی نێوقەدی قادر ڕاداشتبوو.

سێ ڕۆژ دواتر هەواڵی شەهید بوونی قادر و کۆمەڵێک پێشمەرگە گەیشتەوە شاری شنۆ. جیهانی ڕۆئیایی شەهاب دیسان شێوا. دوو برینی بەژان ڕوح و جەستەیان ئازار دەدا.

سێپتامبری ١٩٨١، خۆرهەڵاتی کوردستان سەرەڕای گشت نەهامەتی‌یەکانی، ئەوەندە خاکە ئازادکراوەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگەش کە هەیبوو، کەوتەبەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و جاشەکانی خۆماڵی و هاوردە. دوایین مانگی هاوین، لە ئێوارەیەکی خەماوی‌دا شاری شنۆش دوای بۆکان داگیر کرا. خامۆشی ناوچەی شنۆی داگرت. ئێمەش لە ناوچەی لاجان گیرساینەوە و بنکەکانمان دامەزراند. تەنیا هومێدمان ئەوجار پتر بە شۆڕشگێڕانی نێوخۆ بوو. هێزەکانی پێشمەرگە، تەشکیلات و شانە نهێنی‌یەکان پێویست بوو دووبارە ڕێکبخرێنەوە. بنکەی کۆمیتەی شارستانی شنۆ لە گوندی شاوەلیڕا گوێزرایەوە بۆ دێی کانیباخ لەسەر ڕێگای مەهاباد – پیرانشار. لە جێگای حوسێن مەدەنی، بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستان ڕادەستی ڕەحیم محەممەدزادە کرا.

یەکەم جەولەم سەردانی شار و ساغکردنەوەی شانە نهێنی‌یەکان بوو. شانەی ‹‹قوڵتی هەڵمین›› کاراترینیان. شەهاب بەناوی نهێنی ‹‹شێتۆ›› و ئۆمەری بەرپرسیشیان بەناوی ‹‹باخچە››. بەهمەن و سولەیمان و مارفائاغا و ڕەحمان، ئەوانیش ئەندامی چالاک.

شێتۆ وەکوو هەمیشە هەدادانی نەبوو. ئەو ئیتر جیا لە ئەرکە پێ‌ئەسپێردراوەکان، چاوساغیی پێشمەرگەکانیشی وەستۆی خۆی گرتبوو. سەرلک و سەرپەلەکان، زۆربەیان دەیانناسی. سەید لەتیف، قاسم، برایم باشوو و کەریم شاشان و سەید عەلی و چەندێکی‌تر.

شێتۆی کۆڵنەدەر، شەدە لەسەر، شەو و ڕۆژ چالاکی دەنواند. لە یەکێک لە دیدارەکاندا، بەو زاراوەی شیرینی باسی فەرماندەیەکی جاشە هاوردەکانی دەکرد:

• کوڕم من تۆ چاک دەناسم. هەست و شعوورت باش دەنرخێنم. دەشزانم تۆ و گەنجەکان لەو شارەدا چی‌دەکەن، هەندێ لەسەرخۆ بن، ئەو حکوومەتە بۆ گاڵتە نابێ...

شێتۆ گوێی بەو وردەئامۆژگاری‌یانە نەدەبزووت.

ڕەحیم محەممەدزادە، بەرپرسی کۆمیتەی شارستان بەپێی ڕاپۆرتەکان ئاگاداری هەموو هەڵسووکەوتەکانی تەشکیلاتی نێوشار دەکرا. زۆرجار داوای لە من کرد چاوی بەو شێتۆیە بکەوێ. تامەزرۆی دیتن و ناسینی ئەو بوو.

ئێوارەیەکی ساردی زستان لە گوندی کانیباخڕا بەرەو ناوچەی شنۆ وەڕێکەوتین. دۆڵی بابەسەن نوقمی بەفر ببوو. گوندی قاڕنێ‌مان دەرباز کرد. بەتەنیشت پێگەی دوژمن لەسەر چیای قەڵاتماران‌دا ئاودیو بووین و گەیشتینە ناوچەی شنۆ. هێزەکانی پێشمەرگە خێرا تەواوی دێیەکانی ئەوبەرەی ڕووباری گادەریان تا نیزیک نەڵۆس خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. کادرەکانیش دەستبەجێ بەرەو شوێنی چالاکی‌یەکانیان وەڕێکەوتن.

لە گوندی کۆنەقەڵا چاوەڕوانی هاتنی شێتۆ بووین. پاشنیوەڕۆ شەهاب دەستێک کەواپاتۆڵی مرادخانی لەبەر، لێمان وەژوور کەوت. وەکوو هەمیشە شەدەی لەسەر بوو. ڕەحیم نەیدەناسی.

• کاک ڕەحیم ئەوەش شێتۆ کە ئەو هەمووە ئارەزووی دیداریت دەکرد.

شەهاب و ڕەحیم تەنیا چارەگە سەعاتێک یەکتریان بینی. شێتۆم بەڕێکردەوە.

• عەلی گیان، ئەو شێتۆیە بەڕاستی لەبەردڵانە. هەست دەکەم مرۆڤێکی ئازا، بەورە و نیشتمانپەروەرە. هیچ دەزانی پشتیوان و برایەکت بە من ناساند.

• کاکە گیان، جارێ چیت دیتووە. بەڕاستی ئێمە گیانێکمان دەگەڕێتەوە بۆ بوێری شەهاب. ئەوانی دیکەش لە شانەی قوڵتی هەڵمین‌دا بەڕاستی هەریەکە و ئوستوورەیەک لە خۆڕاگرین. ئەوە ئۆمەر(باخچە)، ئەوە بەهمەن و ڕەحمان و مارفاغا و سولەیمان. ئەگەر ئەوانە نەبن ئێمە هیچمان بۆ ناکرێ.

هێرشەکانی ڕێژیم چڕتر ببوون. ئێمەش ناچار بووین بنکەکانمان بگوێزینەوە بۆ ناوچەی سەرشاخان و لە گوندی بابەکراوێ نیشتەجێ بین. لەنێو شار سەرەڕای گیرانی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب، بەو حاڵەش چالاکیی شانە نهێنی‌یەکان پتر لە پێشوو بوون و ئەو بۆشاییەیان پڕکردبۆوە.

هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لەپێش بوو. پێویست بوو چەند عەمەلیاتێک جێبەجێ بکرێن. هێزی پێشمەرگە دووبارە لە گوندەکانی هەردوو بەری چۆمی گادەر دامەزران. بەشی یەکەمی چالاکی‌یەکان بۆ نێو شار داندرابوون. دوو ڕۆژ پێشتر خۆم دەنێو شار کێشا. ئەندامانی حیزب وەکوو هەمیشە تەواوی پلانەکانیان یەک بەدوای یەکدا جێبەجێ کرد. ئەندامانی شانەی قوڵتی هەڵمین لە هەرسێ پلانی نێو شاردا سەرقافڵەی بوێری بوون. شەهاب و بەهمەن و ئۆمەر نەخشی سەرەکیان گێڕا. نیوەڕۆی ڕۆژی هەڵبژاردن لە دێشەمس و قەرەسەقەل دەیان چەک کەوتە دەست پێشمەرگە. سەرکەوتنێکی مێژوویی تۆمارکرا. شار و دێ و چیا دەستیان وێکدا.

چەند مانگ تێپەڕی. ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان خێرا بوو. بەهمەن ئیمکانی مانەوەی پتری لەنێو شاردا نەما و هاتەدەر و چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کرد. سولەیمان، ئەویش بەهەمان شێوە لەگەڵ زیبا هاتنەدەر. ئۆمەر و شەهاب(باخچە و شێتۆ) مابوونەوە. مارفاغا ڕووی لە شاری ورمێ کرد و دواتر لە بنکەی گۆڤاری سروە دامەزرا.

مانگی دیفاع لە ئازادی دەستی پێکرد. ڕژێم بە هەموو هێزییەوە پەلاماری پاشماوەی ناوچە ئازادکراوەکانی دا. بەهمەن بامڕووەت، خۆشەویستی هەموومان لە چیاکانی سەردەشت شەهید بوو. ئەو لەگەڵ لکێکی هێزی کێلەشین بۆ پاراستنی ئەو ناوچەیە چووبوو. فەترەیەک دواتر لە گوندی بابەکراوێی ناوچەی سەرشاخان کۆنفڕانسی کۆمیتەی شارستان و هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرە گیرا. دوای ئەو کۆنفڕانسە من چوومە بنکەی فرستەندەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە گەورەدێ.

• کاک ڕەحیم ماڵاواییت لێ‌دەکەم و لێتتان دوور دەکەومەوە. بەو زووانە ئۆمەر و شەهاب دێنەدەر. ڕێزیان لێنێ، کەسانی بەوەجن. ئەوان ئەرکی نیشتمانی خۆیان بە زیادتریشەوە بەجێ‌گەیاندووە...

• دڵنیابە کەسی برا.

دوای ڕۆیشتنم، شەهاب کۆڵەپشتی لەپشت، خۆی گەیاندبووە سەرشاخان و بەدوای ئەویش‌دا ئۆمەری خۆشەویست. شەهاب هەرچەند لە بنەماڵەیەکی دەستڕۆیشتوودا، بە ناز و نیعمەتەوە گەورە ببوو، بەڵام خێرا خۆی لەگەڵ ژیانی پێشمەرگایەتی و شاخ ڕێکخست. خێرا پتەوترین دۆستایەتی لەگەڵ ڕەحیم دامەزراند. هەم پێشمەرگەی نیزامی بوو و هەم کادرێکی لێهاتووی تەشکیلاتی. هاوینی ١٩٨٥، لە دەوری دووهەمی سازماندەهی هێز و کۆمیتەی شارستان، گەلێک چالاکی نواندبوو. دواتر، لەبەر کارلێهاتوویی وەکوو جێگری لکی کوردنیژاد دیاریکرا.

ئەو سەردەمە دەفتەری سیاسی لە گەورەدێ بوو. شەهاب لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین بە مەبستی پاراستنی دەفتەر هاتبووە ئەوێ. دوای ماوەیەکی زۆر لە یەکتر دابڕان و ئاخر دیدارمان لە شاری شنۆ، ئەوە یەکەم چاوپێکەوتنی دووبارەمان بوو. چەند جارێک لەگەڵ شەهاب و خەجیج مەعزووری و خالید عەزیزی و زیبا سەروەری لە دەوری یەکتر کۆبووینەوە. من هەمیشە لە چارەنووسی شەهاب نیگەران بووم. دەمزانی شێتۆی من خۆی بە ئاو و ئاگردا دەدا. ڕاوێژێکم لەگەڵ دوکتور شەڕەفکەندی کرد. ئەوکاتە بەرپرسی ڕاگەیاندنی حیزب بوو. پێشنیارم پێکرد، ئیزن نەدا شەهاب بگەڕێتەوە کۆمیتەی شارستانی شنۆ و هێزی کێلەشین، بینێرێتە بنکەی فرستەندەی ڕادیۆ بەمەسڵەحەتترە. دوکتور شەڕەفکەندی پێشنیارەکەی منی پێ گونجاو بوو و پەسندی‌کرد.

• شەهاب گیان، ئەگەر داوایەکت لێ‌بکەم، بەقسەی برای خۆت دەکەی؟

• هەتی گۆتم با ئەوەڵ بزانم چییە.

• لەسەر پێشنیاری من و پەسندی دوکتور شەڕەفکەندی، بەمەسڵەحەتە نەگەڕییەوە کۆمیتەی شنۆ و لە ڕادیۆ دەستبەکار بکەی.

لەجێوە هەڵبەزییەوە. دەتگوت زوڵمێکی گەورەی لێ دەکرێ. نەختێک دەفکرەوە ڕۆچوو و لەنەکاو قاقایەکی لێدا.

• هەتی ئەمن چلۆن دێمە ڕادیۆ. ئەمن گۆتم دەبی شەڕ بکەم. ئەمن دەبی لەگەڵ قادر میرزایی و قاسم عەزیزی و سەدیق ڕۆستەم‌نیژاد بچم پایەگای بگرم... ئەدی... گۆتم هەردەچمەوە....

شەهاب گەڕاوە بۆ کۆمیتەی شارستانی شنۆ. لەو ماوەیەدا ئۆمەریش لەبەر بارودۆخی نالەباری ژن و منداڵەکانی ناچار ببوو گەڕابۆوە شاری شنۆ و کونجی تەنیایی و خەفەتی هەڵبژاردبوو. ڕەحمانیش لە ژاراوەی باشووری کوردستان ژیانێکی ئەوتۆی نەبوو و هێزەکانی ئەمنیی عێراق گشت ڕۆژێ بەربینگیان پێدەگرت. ئەویش لە ڕووی ناچاری گەڕابۆوە شار. سولەیمانیش بۆ هەمیشە ئاوارەی هەندەران بوو.

بەهاری ١٩٨٦، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەتەنگ دێ و شەو و ڕۆژ خەریکی دامەزراندنی پێگە و بنکەی نیزامی و دروستکردنی جادەی ئەمنی لەسەر سنوور دەبێ. جادەی بەرەو دۆڵی بێمزورتێ و دەڤەری نازدارداغی لێدەدا و بۆ پاراستنیشی کۆمەڵێک جاش و پاسدار تەرخان دەکا. پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین بە ڕێگای خواکورکدا بەرەو شنۆ وەڕێ دەکەون. لەسەر چاوەی گەڵی گادەران دادەمەزرێن. کۆمەڵێک جەولەی سیاسی- نیزامیی نوێ جێبەجێ دەکەن. سەرکەوتنەکانیان سنووری باوەڕی مرۆڤ دەبڕن. لەخۆبووردەیی هێزی کێلەشین دەبێتە سەرتیتری هەواڵەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان. لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی حیزبی دێموکرات‌دا دەنووسرێ.

پێشمەرگەکان شوناسایی هەموو ئەو بنکە و پێگە نوێیانەی دوژمن دەکەن. بۆ ئەو مەبەستە لە نازدارداغی کۆدەبنەوە و پلانی پەلاماردان بۆ سەر هێزەکانی دوژمن دادەڕێژن، بە چەشنێک کە سەرکەوتنەکان کەموێنە بن. لەسەر چەند خاڵێک ڕێککدەکەون:

١_ بەپێچەوانەی شێوازی پێشوو، ئەوجار پێویست بوو کاتژمێر پێنجی سەرلەبەیانی پەلامار دەست پێبکەن، بۆوەی دوژمن غافڵگیر بێ، چونکە هەمیشە پێی وابووە پێشمەرگە تەنیا بەشەو هێرش دەکا.

٢_ هەر لک و پەلێک شوێنی دیاری خۆی هەبێ.

٣_ لکی کوردنیژاد، دەستپێکەری هێرش بێ.

کاتژمێر دووی نیوەشەو، پێشمەرگە بەرەو شوێنە پێ‌ئەسپێردراوەکان وەڕێ دەکەون. بەرلە سەعات پێنج هەموویان دادەمەزرێن. ڕاست ئەو کاتژمێرە، بەشی فەرماندەیی لەسەر لووتکەی چیاوە فەرمانی پەلامار دەدا. زۆر ناخایەنێ سەنەگەرەکانی دوژمن یەک بەدوای یەکدا دەگیرێن و تەنیا ٤٥ خولەک تێدەپەڕێ ٧ پایەگای دوژمن دەکەونە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە.

دوایین ساتەکانی تەواو بوونی ئەو عەمەلیاتە، شڵەژانێک بەدی دەکرێ. ڕەحیم محەممەدزادە بە نیگەرانی‌یەوە بە بێسیمەکەی دەپرسێ:

• ئەلۆ، عادل...

• فەرموو گوێم لێتە.

• چ باسە، شڵەژانێک بەدی دەکرێ.

کاکە، سەدیق... حاتەم. (حاتەم فەرماندەی پێشووی هێزی نحۆ لە ناوچەی ورمێ بوو و چەند ساڵێک پێشتر لە دەڤەری شنۆ شەهید ببوو).

ڕەحیم و هاوڕێیانی تێدەگەن کە سەدیق ڕۆستەم‌نیژاد شەهید بووە.

• عادل لەسەر خەتم. تکایە بە پێشمەرگەکان بڵێ خۆیان لە کۆکردنەوەی دەسکەوت بپارێزن.

عادل ئەوجار دەنگی تەواوێک دەشڵەژێ. دەیویست شتێک بڵێ و نەیدەتوانی و تاسابوو.

• عادل چ قەوماوە، دەنگت نییە. نیگەرانین.

• نازام چی بڵێم.... ش ... ش... ش ... شەهاب

• دەبڵێ بزانم شەهاب چی لێهاتووە؟

• شەهابیش حاتەم.

خەمێکی قووڵ جەستەی ڕەحیم و فەرماندەکان دادەگرێ. دوو کەس لە بەوەجترین پێشمەرگەکان، شەهاب سەییادی‌فەڕ و سەدیق ڕۆستەم‌نیژاد شەهید دەبن. عەمەلیاتەکان تەواو و پێشمەرگەکان جەنازە لەسەر شان بەرەو لووتکەی فەرماندەیی داوێنی چیا دەگرنەبەر و هەڵدەکشێن. کاتێک دەگەنەوە کێوێک خەم و پەژارە لەگەڵ خۆیان دێننەوە. ڕەحیم یادگاری‌یەکانی شەهاب هەڵدەگرێ: سەعاتی دەستی، کارتی پێشمەرگایەتی و وێنەی خۆشەویستەکەی شەهاب. کادری دەرمانی برینەکانی جەستەی کەریم محەممەدزادە (ناسراو بە خولخولە) دەپێچێت. کەریم دەنگی وەی لێنایە.

• ئەرێ کاکی برا تۆ کە شانت بریندارە و گوللە کەوانەی کردووە و شێویلکەی خوارەوەتی تەواو تێکشکاندووە، هەر ناڵێی ئاخ.. وەی... ئۆف. قادر فەتحی لێی دەپرسێ.

کەریم لەبەر برینی زاری هیچ وڵامێک ناداتەوە.

• کاک قادر، دەکرێ بڵێی کوێ لەشی کەریم ساغ ماوە. خۆ ئەو بێچارەیە لە شەڕەکانی پێشووش‌دا هیچ شوێنێکی جەستەی نەماوە کونکون نەبووبێ. باوەڕ بکە مێژووی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەقەرا ئەو چیایەی ڕووبەڕوومان بە کەریم دەیندارە.

گشتیان وەڕێ دەکەون. دوژمن ٩٨ کەس کوژراوی دەبێ و کارتەکانیان دەکەوێتە دەست پێشمەرگەکان. وەک دواتر باس‌کرا تەنیا یەک کەسیان نەجاتی هاتبوو.

کاروانێکی دوورودرێژی شۆڕشگێڕان لەو ساڵانەدا سەریان نایەوە یان لە هەژاری‌دا بەدەم خەم و حەسرەتەوە ماڵاواییان کرد. شانەی نهێنی قوڵتی هەڵمین بەداخەوە پشکی شێری بەرکەوت. تۆ بڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان، جیلی نوێ سەیری وێنەکانی بەهمەن بامڕووەت، شەهاب سەییادی‌فەڕ، مارفئاغایی یا عومەر پردئابادی و سەدیق ڕۆستەم‌نیژاد و قاسم عەزیزی و کەریم خولخولە و زۆرانی دیکە بکا، بڵێی بەسەرهاتی سەید لەتیف و کەریم شاشان و زۆرانی‌تر بخوێنێتەوە و چەشنی ئەوان بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی تاکەکەسی، لە خەمی ڕزگاری نیشتمان‌دا بێ؟!

بۆ هەرکەسێ،

تەنیا جارێ زەنگوڵەی کلیسا دەزرینگێتەوە.

هەرکەس لە ژیان‌دا تەنیا جارێک

دەبێتە خاوەن دایک.

هەناسەی مرۆڤ، تەنیا جارێ لە ژیان‌دا دەوێستێ و

دەکوژێتەوە.

خۆشاوی عەشقیش، تەنیا جارێ دەخورێتەوە.

من یەکەمجار ئەوەم لەوێ دیت، لە ڕەوەزەکان،

لەسەر چیاکانی کاریچە،

دڵم لەجێوە بوو بە هەزار پارچە.

بیرێک بە خەیاڵم‌دا هات و تێپەڕی:

کە چۆن قورس و قایم ڕادەگیرێ،

فەرمانی عەشق و بەختەوەری!

هەڵبەت خەراپی ئەوجۆرە خەیاڵانە لەوەدا،

لەدەست دەردەچن و باردەکەن و زۆر خۆناگرن،

هەڵدەکشێن و بەرەو بەرزایی دەڕۆن و دەفڕن.

ئەوکاتە من دەمێنمەوە، بەدیار ئازارێکی قورس و بەژان

چونکە بەبێ هیچ شادی‌یەک،

دەبێ ئەوجاریش دەربازبم لە گەردەلوول و تۆفان.

**ڤێنیزێلۆس زێرڤی‌ئاس**

**و: عەلی فەتحی**

تێبینی: شاعیر یەکەمجار چاوی بە پێشمەرگە(پارتیزانەکان) کەوتووە کە لە چیاکانی ئاوایی کاریچە وەسەرکەوتوون. ئەو پارتیزانە یونانیانەی توانیویانە ناوچەکە لەژێر دەستی فاشیستەکانی ئیتالی دەربێنن و ڕزگاری بکەن.



KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 689 6 October 2016

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەر لە ماڵاوایی


## شوناس‌بەخشە بێ‌شوناسەکان


تەهای ڕەحیمی

لە کۆمەڵگە و وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان‌دا، هەندێک ناوەند و دامەزراوە بەدی دەکرێن کە تایبەت کار لەسەر ڕەفتار و کرداری گشتیی کۆمەڵگە دەکەن و، بە تۆماری هەموو جۆرە ئاکارە گشتی‌یەکانی کۆمەڵگە هەوڵ بۆ بەرگری لە پەرەگرتنی دیاردە ناشیرین و زیانبار و ئاراستەبەخشین بە ئاقاری پێشەوەچوونی کۆمەڵ دەدەن. دیارە بەو واتایەی ئەو ناوەندانە دەگەڵ تۆماری ڕەفتار و کردارەکان و تاووتوێی دیاردەکان، بەرپرسان و لایەنە پێوەندیدارەکانی لێ ئاگادار دەکەنەوە و بەرچاوڕوونی سەرهەڵدانی هەرچەشنە دیاردە و قەیران و لاڕێبوونێک دەدەن بە شوێنی دەسەڵاتدار، هەتا دەسەڵات بە گرتنەبەری ڕێچکەی دروست، بەگوێرەی ڕەچاوی بەرنامەی گونجاو بەر لە سەرهەڵدان و تەشەنەی نۆرمی خەسارەتبار و دارمانی بایەخە گشتی‌یەکان، ڕێگەچارەی پێویست بگرێتە بەر. ئەو چەشنە ناوەندانە لە ئێرانیش زۆرن بەڵام بەو جیاوازییەوەی، کە هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ چۆنێتی تووش کردنی کۆمەڵگە بە هەندێک پەتای ماڵوێرانکەر، هەتا کۆمەڵگە لە هێز و بڕستی بیرکردنەوە و ئەکتیڤ بوون بکەوێ و بە واتایەک کۆمەڵگە تووشی سڕکردن بکەن هەتا شایەدی سەربزێوی و دەنگ هەڵبڕینی کۆمەڵگە بۆ داوای مافەکانیان نەبن، یان زۆربەی ڕێکخراوەکانی لەم چەشنەی کۆماری ئیسلامی کار لەسەر چەندێتی گۆڕان و بەرزبوونەوەی وشیاری کۆمەڵگە لەسەر مافەکانی بەگشتی دەکەن، یان هەشن کار لەسەر چۆنێتی تێکدان و ئاژاوەنانەوە لە ماڵە دەرودراوسێ دەکەن و سروشتیشە، ئەو پارە و تێچووەی دەبێ بۆ ساخ و سەلیم و ڕاگرتنی کۆمەڵگە بکرێ و دە چارەسەریی کێشە و ئارێشەکانی کۆمەڵگەدا خەرج بکرێ، بۆ ئاژاوەنانەوە و دووبەرەکی خستە نێو کۆمەڵگە و هەناردەی تیرۆر و کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازی و سەرکوتی جیابیران تەرخان دەکرێ. هەر بۆیە کە بە ئاماری دیاردە نەرێنی‌یەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکان‌دا دەڕوانین لە زۆربەی هەرە زۆریان‌دا ئێران پلەی یەکەم یان سەرەتاکانی داگیر کردوە. لە گیرۆدەبوون بە مادە بەنگەمەنی‌یەکانڕا بگرە هەتا خۆکوژی، سەرپێچی، تاوان، کوشتن، دزی، کڵاوبازی و هتد، کە لە بژاردن نایەن. ئەمڕۆژانە لە شارەکانی ئێران‌دا دیاردەیەکی دزێوی دیکە خەریکە بەها و بایەخە مرۆییەکانی کۆمەڵگەی ئێران دەباتە ژێر پرسیارەوە، ئەویش بەڕەڵلا کردنی پیرەپیاو و پیرێژنانە. لە وڵاتێک‌دا کە بانگەشەی شارستانییەتی چەند هەزار ساڵە دەکا و، لە ناوچەکەدا پێی وایە کەس لەوان پێشکەوتووتر و بەفەرهەنگتر نیە، لە وڵاتێک‌دا کە ئاڵای ئایینی ئیسلامی هەڵداوە و بانگەشەی ڕووگە و ڕێبەرایەتی موسڵمانانێتی دەکا، لە وڵاتێک‌دا کە دەسەڵاتەکەی بانگەشەی هەناردەی ئایدیۆلۆژی‌یەکەی دەکا لەپێناو خزمەت و ڕزگاریی مرۆڤایەتی، ئەوانەی دەبێ لەسەر شانیان داهاتووی خۆیانیان لەسەر بنیات بنێن، ئەو مرۆڤانەی دەبێ ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتیان لێ بگیرێ، ئەو کەسانەی بەدەستی قەڵەشیو و پشتی چەماوە بەوڕۆیان گەیاندوون، بێ نان و بێ ئاو و بێ ناز، بەڕەڵڵای کوچە و شەقامە بێ‌بەزەییەکانی شاران دەکرێن، ئەوانەی تا دوێنێ شوناس و ناسنامەیان بە کەسانێکی زۆر دەبەخشی، ئەمڕۆ لە شارەکانی ئێران بە «مجهول الهویه» دەناسرێن، باشە بڵێی شوناس و هویەتی ئەو منداڵانەی باوک و دایکیان بەڕەڵڵای شەقاماە دەکەن چ بێ. ئایا چی بووەتە هۆی ئەوەی بەها و بایەخە کۆمەڵایەتی‌یەکان بەو چەشنە پێچەوانە ببنەوە، ئەو کۆمەڵگەیە چی بەسەر هاتووە وردە وردە لە هەموو شتێکی خۆی نەبان دەبێ. ئایا تاوانبار منداڵانن کە هێند بێ‌بەزەیی و بێ‌ڕوحم بوون دایک و باوکانیان هەڵوەدای کووچە و کۆڵانان بکەن، یان دەور و زەمان کوردی وتەنی گۆڕاوە باوکێک کە دەیان منداڵی بەخێو کردوە ئەوڕۆ بە دەیان منداڵ بەخێو ناکرێ و شەو تا بەیانی سەر وەسەر کارتۆن دەخەوێ و هەناسەسارد و بێ‌کەس و بێ‌هانا ڕاخەری بەرد و لێفەی ئاسمانە. یان نا دیسان ئەو دوژمنی دەرەکی‌یە خەریکە نۆرمە ئاسمانی‌یەکانی ویلایەتی فەقیه تێکدەدا و لە ڕێگەی پیر و پەککەوتووە ئاوارەکانەوە دەیەوێ کۆڵەکە ڕزیوەکانی دەسەڵاتە پیرۆزەکەی سەدەی بیست و یەکەم کرمێ بکا. بە گوێرەی ئامارەکان ئێران کە وڵاتێکی لاوە، بەو واتایەی ڕێژەی حەشیمەت زیاتری لاوە و لە زیاتر لە هەشتا ملیۆن کەس تەنیا چوار ملیۆن کەسی سەروو شەست و پێنج ساڵە، چ قەیرانێک ڕووی داوە تەنیا لە تاران زیاتر لە هەژدە هەزار پیر و پەککەوتوو لە کووچە و کۆڵان و کەلاوەکان‌دا بێ‌شوناس «مجهول الهویه» ماونەتەوە. ئایا ئێران وڵاتێکی هێندە فەقیر و هەژار و بێ‌داهات و ویشکەڵان و قاقڕ و بێ‌بەرهەمە، دەوڵەت و سیستمی دەسەڵاتبەدەست نەتوانێ نوایەک بۆ ئەو هەناسەساردانە ساز بکا، یان ئەوەی لەنگرگە و بەندەر و بازرگانی و بەگشتی سامان و سەرمایە وڵات کەوتۆتە دەستی تاقمێکی دەمارگرژی پاوانخواز کە بۆ ڕۆژێک زیاتر مانەوەی زیاتر لە دەسەڵات‌دا دەیان کلک و پاشکۆیان لە ناوچەکە و سەرانسەری جیهان بۆ خۆیان ساز کردوە و، لە ژێر درووشمی پڕ و پووچدا خەریک دەسوەردانی لە ژیانی گەلانی دیکەشدان و، بەجێی ئەوەی ژیان و گوزەران و خۆشبژێویی خەڵکی ئەو وڵاتەیان لەبەر چاو بێ، بەگژ یەکداکردنی نەتەوە و ئەتنیکە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکە بە ئاسایش نەتەوەیی خۆیان بزانن و مانەوەی خۆیان لە خوێنڕێژی لە سووریە و یەمەن و فەلەستین و لوبنان و ئێراق و ئەفریقا و ... دا ببینن. ئەدی کوا ئەو قارەمانانەی قودوس و کەربەلا ئازاد دەکەن و سیستمی جیهانی دەگۆڕن و وتووێژی شارستانی‌یەتەکان دێننە گۆڕێ و پەیامی ڕزگاری مرۆڤایەتی‌یان پێیە، ئایا دەیانەوێ سیستمی دنیاش بەو جۆرەی بەسەر خەڵکی ئێرانیان هێناوە بگۆڕن.

## کۆڕیادی مامۆستا هێمن لە شاری مەهاباد بەڕێوەچوو

سەرلە بەیانی ١ی ڕەزبەر بۆ بەرزراگرتنی یادی مامۆستا هێمن گەورەشاعیری کورد، لە ساڵۆنی وەحدەتی شاری مەهاباد فستیڤاڵێک بەرێوە چوو.
لەم فستیڤاڵە بەشێکی بەرچاو لە نووسەران وقەڵەمبەدەستانی هەر چوار پارێزگای کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێیدا بەشدار بوون و زیاتر لە ٦٠ وتار و بابەتی پێوەندیدار لەم هەمایشە یەک ڕۆژەدا پێشکەش کرا و دواتر دە بابەتی سەرکەوتووهەڵبژێردرا. ئەم فستیڤاڵە کە بە هەوڵ وماندووبوونی ئەدەبدۆستان و ئەنجوومەنی ئەدەبی موکریانی مەهاباد بەڕیوەچوو پێشوازی‌یەکی بەرفراوانی لێکرا. خاڵی جێگەی گلەیی و ڕەخنە ئەوەبوو کە ئیدارەی فەرهەنگ وئیرشادی ئیسلامی خوراسان ڕێگەی نەدا هەتا نووسەران وشاعیرانی کوردی خوراسانی بەشداری ئەم فستیڤاڵە بن.
ئەم ڕێوڕەسمە بۆ ماوەیەی یەک ڕۆژلە کاتژمیر٨ی بەیانی تا کاتژمێری ٩ی شەو درێژەی کێشا و لە کۆتاییش‌دا لە لایەن لیژنەی بەڕێوەبەری‌یەوە بۆ ڕێزلێنان لە ماندووبوونی هونەرمەند «هادی زیائەددینی» کە پەیکەرەی مامۆستای هێمنی ساز کردبوو خەڵاتێکیان پێشکەش کرد.




## بەڕێوەچوونی یازدەهەمین فستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی مەریوان



ڕۆژی یەکشەممە، ٤ی ڕەزبەر یازدەهەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی سەرشەقام لە مەریوان بە بەشداریی هونەرمەندانی نێوخۆ و بیانی بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ دەستی پێ‌کرد.
بە پێی ڕاپۆرتی هێرانا، میوان و گرووپەکانی بەشداربووی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی شەقامی مەریوان تا دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە وەرگیران و بە شێوەی ڕەسمی ماوەی ٤ ڕۆژ بەشداریی ئەم فێستیڤاڵە بوون.
بەڕێوەبەری گشتیی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی سنە گوتی ئەمساڵ ٢٥ گرووپی پارێزگا و١٢ گرووپی دیکەی دەرەوەی پارێزگا و بیانی بەشداریی ئەم فێستیڤاڵەیان کردووە.
ئەم فێستیڤاڵە بە مەبەستی ناساندن و پەرەپیدانی هونەر لە بوارە جیاجیاکان بەڕێوەدەچێ و ئەرکی بەڕێوەبەریی لە ئەستۆی کاربەدەستان و هونەرمەندانی پارێزگای سنەیە.
بەڕێوەبەریی هونەری شانۆیی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی گوتی لەم فێستیڤاڵەدا، ناوی مەریوان وەک شاری بەڕێوەبەری ئەم ڕووداوە فەرهەنگی و هونەری‌یە دەنووسرێ و ئەمەش دەبێتەی هۆی ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ئەم ناوچەیە.
هەروەها ناوبراو گوتی ٣ گرووپی شانۆی شەقام لە وڵاتانی لەهێستان و ئیتالیا و ئەرمەنستانیش بەشداریی ئەم فێستیڤاڵەیان کردوە و چەند گرووپێکی دیکەش لە وڵاتی سوئێدەوە بەشدار بوون.
لۆگۆی فێستیڤاڵی ئەمساڵ لە لایەن گرافیستکاری بەناوبانگی سنە ساعێد موچشی ئامادەکراوە. هەرەها داوەرانی ئەم فێستیڤاڵە بریتی بوون: لە عەتائوڵلا کوپار، بێهروز غەریبپوور و سەعید ئەسەدی.

## «ژیان لەسەر سنوور» لەوحەی فەخری فێستیڤاڵی فیلمی وەرگرت



فیلمی دیکۆمێنتاریی «ژیان لەسەر سنوور» لە دەرهێنانی هەشت منداڵی کۆبانی و شنگال و لە بەرهەمهێنانی «بەهمەن قوبادی» لەوحەی فەخری فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی منداڵانی «لۆکاس» لە وڵاتی ئەڵمانیا بەدەستهێنا.
فیلمی دیکۆمێنتاریی «ژیان لەسەر سنوور» لە دەرهێنانی هەشت منداڵی شارەکانی کۆبانی و شنگال و لە بەرهەمهێنانی سینەماکاری ناوداری کورد «بەهمەن قوبادی» کە لە لایەن کۆمپانیای هۆڵەندیی «ئیلۆمینا فیلمس» لە سینەماکان و فیستیڤاڵە جیهانی‌یەکان‌دا بڵاودەبێتەوە، لە نوێترین بەشداریی نێودەوڵەتیی خۆی‌دا کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ لە سی و نۆیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی منداڵان و مێرمنداڵانی «لۆکاس» لە شاری فرانکفۆرت لە وڵاتی ئەڵمانیا چووە سەر پەردەی سینەما و، لە لایەن ئەندامانی لیژنەی دادوەرانی ئەم فیستیڤاڵەوە، لەوحەی فەخری بە «بەسامە سولەیمان» و «سامی حوسێن» دوو کەس لە دەرهێنەرانی ئەم کۆمەڵە فیلمە پێشکەش کرا، تاکوو هاندانێک بێت بۆ درێژەپێدان بە دەرهێنەریی و سازکردنی بەرهەمی نوێیان لە داهاتوودا. هەروەها لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی ئەم فێستیڤاڵەدا، خەڵات و دیاریی دیکەش بەم دوو دەرهێنەرە مێرمنداڵە بەخشرا.
فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی منداڵان و مێرمنداڵانی «لۆکاس» بە پشتیوانی ڕێکخراوەی فیلمی ئەڵمانی و هەر دوو ساڵ جارێک بەڕێوەدەچێت و سی و نۆیەمین خولی بە نمایشی فیلمگەلێکی چیرۆکی، دیکۆمێنتاری، ئەنیمەیشێن و ئەزموونی لە دەرهێنەرانی ٢٧ وڵاتی جیهان لە ڕۆژانی ١٩ تا ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ لە شاری فرانکفۆرت لە وڵاتی ئەڵمانیا بەڕێوەچوو.

## نوێنەری خامنەیی: مەبەست لە بەڕێوەبردنی کۆنسێرت سڕینەوەی دینە لە کۆمەڵگەدا

مەحەمەدعەلی نێکونام نوێنەری خامنەیی لە پارێزگای «چهارمحال و بختیاری» دەڵێ: بەڕێوەبردنی کۆنسێرت بەرهەمی ڕۆژئاوایە و مەبەست لەو کارەش سڕینەوەی دین، دابەزاندنی ئاستی مەعنەویات لە نێو کۆمەڵگە و گەشەدانی بێ‌ئەخلاقی‌یە کە لە لایەن دوژمنانەوە ئیدارە دەکرێ.
نێکونام لە پاڵ ئەوەی کە گوتوویەتی کۆنسێرتی مۆسیقا لەگەڵ ئاکارە ئیسلامی‌یەکان‌دا دژبەیەکن، ڕوو بە سەرکۆماری ئێران دەڵێ: «دەکرێ دیندار بی و دژبەری بەڕێوەچوونی کۆنسێرت نەبی؟»
لەمێژە باس و بابەتی بەڕێوبردن و هەڵوەشاندنەوەی کۆنسێرت لە ئێران‌دا بە تایبەتی ئەو کۆنسێرتانەی وا ژەنیار و گۆرانیبێژی ژنی تێدایە بۆتە مایەی کێشە و سەرئێشەی هونەرمەندان و لە لایەن دام و دەزگا حوکمی‌یەکانەوە بە توندترین شێوە بەرەوڕووی دەبنەوە.